کۆماری عێراق
وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن
گای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (97)

دیوانی سەفوەت

دیوانی
مەلا مستەفای حاجی مەلا رەسوولی
دێلێژە

پێشەکی و
ئامادەکردن و پەراوێز بۆنووسینی
دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ
پرۆفیسۆر

چەندە پێم خۆشە بە کوردی دەنگی خاڵەی پێبوار
پێبوارە ئەهلی دنیا هەرچی هات و هەرچی چوو

کۆماری عیراق

وەزارەتی رۆشنبیری و ڕاگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی

زەنجیرەی ژمارە (٩٧)

بەغدا ______ (١٩٨٤)



دیـــوانی ســــــەفوەت

مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسووڵی

دێلێژە

۱۹۰٥ - ۱۹٦۳

ئامادەکردنو پێشەکیو پەراوێز بۆ نووسینی

پرۆفیسۆر دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ

بەغـــدا - ۱۹۸٤

پێشەکی

کە ساڵی ١٩٦٩ دەستم دایە چاپی دیوانی (ن ٠ ئاری) ، لام‌وابوو ناگونجێ برازا پێشەکی بۆ دیوانی مامێکی کۆچکردووی بنووسێ ، چونکە لەوانەیە تەوژمی عاتیفە ڕێگە لە بڕیاری ڕاستو مەوزووعی بگرێ ، لەبەر ئەوە ڕێگەی لەسەر نووسینو بڕیاردانم بۆ برا نووسەرەکانم چۆڵکرد ٠ بەڵام وا بۆ چواردە ساڵ دەچێت ئەو دیوانە دەرچووە ، نە باسی دیوانەکەو نە باسی ئەو شاعیرە نیشتمانپەروەرە فیداکارە لە هیچ شوێنێك نەکراوە[1] ٠ لەبەر ئەوە ، ئەگەر فریای چاپێکی تری دیوانەکەو بەرهەمە چاپکراوەکانی نەکەوم ، ڕەنگە زۆر لە شوێنەواری ژیانی (ن ٠ ئاری) ونبێت ٠

ئەم ڕاستی‌یەم ، لە کاتی ئامادەکردنی دیوانی (سەفوەت)دا دەهاتەوە بەرچاو • دەمویست کەسێکی‌تر پێشـەکیی ، بۆ بنووسێ ، بەلام ئەوەش دەبوو بە کارێکی زۆر دەستکرد • هەرچی ئەو دوو نووسینەی مامۆستا عەلادین سەجادی‌و مامۆستا ســـەعید ناکامیشـــــە کە لەگەل ئەم دیوانەدا دەیانبینن ، ئەوە دوو ووشـــــەی وەفاداری‌و دوو یادگاری بـە نرخی نیشتمانپەروەرین • بەلام جێی پێشەکی‌یەکە ناگرنەوە • لەبەر ئەوە لە نێو دوو جەمسەری تەوژمی عاتیفەو ووتەی مەوزووعیدا خۆم لەم ناوەڕاستو هاتو بردەدا دی‌یەوەو دەستم دایە نووسینی ئەم پێشەکی‌یەو هیوام وایـە لێرەدا هەر لە ناوەڕاستدا بم‌و تەجروبەکەش سەرکەوتوو بێت •

« سەفوەت » مەلا مستەفای کوڕی حاجی مەلا ڕەســـوولی دێلێژەیە سالی ١٣٢٤ی هیجری ١٩٠٦/١٩٠٧ی میلادی لە گەڕەکی دەرگەزێن ، لـە شـاری ســلێمانی لە دایك بووە • باوکی لە گوندی دێلێژەی قەرەداغەوە هاتۆتە سلێمانی‌و لەو مزگەوتەی بە ناوی مزگەوتی حاجی مەلا ڕەسوولەوە بەناوبانگ بوو ئیمام‌و مودەڕیس بووەو بە پێی هاوپێوەندیی لەگەل کـاك ئەحمەدی شێخدا کە لە نزیك بوونەوەی مەرگی خۆیـدا کردوویـەتی بە خەلیفەی خۆی ، بووە بە واعیزی ســـــلێمانی‌و ئێـواران لـە مزگەوتی گەورەی سلێمانی وەعزی داداوە •

حاجی مەلا ڕەسـوول کوڕی مەلا محەمەدی مەلا شـەریفە • لـەوە دەچێت پێوەندیی تەواو و ڕاستەقینەی ئەو بنەماڵەیە لەگەل مەلایەتیدا لـە حاجی مەلا ڕەسوڵەوە دەستی پێ‌کردبێ • چونکە زوربەی خزمەکانی بـە فەلاحەتەوە خەریك‌بوون • هەرچەنـدە بـاوك‌و باپیری خوێندەواری‌یـان بووەو مەلا حسینی برای خوێندەوار بووەو هەندێ شـــیعریشی هەیە • ئەمە بێجگە لە پێوەندیی خزمایەتی‌ی لەگەل هەموو خەلکی دێلێژەدا ، بـە شێخ‌و مەلاو فەللاحەوە ، کە تا ئێستاش هەموو هەر خزمن •

« سەفوەت » ، لە دایکەوە کوڕی ڕەعنای شێخ عەزیزی شێخ فەتتاحی خانەقایە کە برازاو جێ‌نشینی مەولانا خالیدی مکایلی‌ی نەقشبەندی بووە . نەنکی (لە دایکەوە) ، لە ئاغاکانی شیوەکەڵە . ئەم پێوەندیی خزمایەتی‌یانە هەموو کاریان لە پێگەیاندنو ژیانی شاعیردا بووەو کاریان تێ‌کردووەو لە ژیانی خۆیدا پێوەندی‌یەکی بەتینو فرەوانی خزمایەتیی لەگەڵ هەموو ئەم چەمسەرانەدا بووە .

« سەفوەت » چوار برای بووە ، سیانیان لە خۆی گەورەتر ، مەلا ئەحمەد (فائیز) ؛ مەلا محەمەد (فەیزی) ، مەلا مەحموود . یەکێکیان لە خۆی بچووکتر ، نەجمەدین (ن . ئاری) . تاقە خوشکێکیشی بووە (حەپسە خان) ؛ کە خێزانی شێخ عارفی دێلێژە بووە .

هەروەك حاجی مەلا ڕەسووڵ شاعیر بووەو دیوانی شیعری بە ناوی (موخلیس)ەوە هەیە[٢] ؛ هەروەها مەلا ئەحمەد[٣]و مەلا محەمەد[٤]و نەجمەدینیش شاعیر بوون . هەرچی مەلا مەحموودە ، ئەگەر شیعریشی نەبێ ، ئەوا هەموو ئەوانەی دەیانناسی دەزانن کە لە مەیدانی ئەدەبیاتناسی‌و شیعر زانی‌و شیعر لەبەری‌و زۆر مەیدانی‌تری شارەزاییدا یەکێك‌بوو لە بلیمەتەکانی چەرخی خۆی[٥] .

شاعیر وەك هاو تەمەنانو هاوچەرخانی خۆی‌و وەك کوڕە مەلایەکی خەڵکی سلێمانی لە منالیدا چۆتە حوجرە ، سەرەتا لە لای مەلا فاتم[٦] لە گەڕەکی خۆیان خوێندوویەتی . پاشان چۆتە حوجرە بەناوبانگەکەی خواجە ئەفەندی‌و لەسەر پێڕەوی ئەو چەرخە حوجرەی تەواو کردووە ، پاش ئەوە لە مزگەوتەکەی خۆیان[٧] خوێندوویەتی ، پاشان بۆ فێربوونو جیهانبینی بە هاندانی باوکی کەوتۆتە گەڕان .

« سەفوەت » لە ژیانی فەقیەتیدا زۆر شوێن گەڕاوە . ماوەیەك لای مەلا ئەحمەدی فورقانی ڕۆژبەیانی خوێندوویەتی . خۆی دەیگێڕایەوە

دەیووت : من سوختە بووم ، لەسەر دەستووری مزگەوت و ناو مەلایان دەبوو موستەعید دەرسم پێ بلێت ، بەڵام کە مامۆستا مەلا ئەحمەد ناسیمی ئیتر خۆی دەرسی پێ دەوتم . بەم جۆرە هەر لەو پلەی خوێندنەمدا بەرەکەتم لە زانینی ئەو مامۆستا زاناو بلیمەتە وەرگرت[٨] .

ماوەیەك لە کەرکووك لە مزگەوتی منارە نەخشین کە بە (مزگەوتی فەرهاد)یش ناسراوە لای مەلا ڕەزای واعیز خوێندوویەتی . هەر بە فەقێیەتی چۆتە گوندی « بێژوێ »ی لای سەردەشت و لای حاجی مەلا سەعید خوێندوویەتی . لە یادگاری (بێژوێ)دا و لە ناو پیاوانی مەزندا هەمیشە باسی « شێخ ئەمین »ی بێژوێی دەکردو زۆری خۆش دەویست . شێخ ئەمین زۆر کاری تێکردبوو ، دیارە دەبێ ئەویش دەرسی پێ ووتبێ .

پاش ئەم گەشتی فەقێیەتی‌یە هاتۆتەوە سلێمانی و لای مەلا حسێنی پیسکەندی خوێندوویەتی و پاشان لە خانەقای مەولانا لای شێخ عومەری قەرەداغی (ئیبنولقەرەداغی) هاو خوێندنی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ بووە . دووا پلەی خوێندنی لە مزگەوتی شێخ عەبدوڕەحمانی شێخ ئەبووبەکر بووە لە سلێمانی (کە لەناو خەڵکدا بە مزگەوتی بابەعەلی بەناوبانگە) . هەر لەوێ ئیجازەی عیلمیی لای شێخ بابە عەلی شێخ عەبدوڵلای تەکیەیی (١٨٨٥ - ١٩٤٠) وەرگرتووە . بەڵام هەر بۆ پیرۆزی دوو ئیجازەی مۆرکراوی شێخ عومەرو مەلا ڕەزای واعیزیشی وەرگرتووە . کە نرخی ئیجازەکەی مەلا ڕەزا لەلای خۆی لەوەدا بوو کە سەنەدەکەی یەکسەر دەچێتەوە سەر موفتیی زەهاوی .

کە باوکی کۆچی دوایی کردووە ، لە سەرەتادا مەلا مەحموودی برای لەجێی دانراوە . بەڵام مەلا مەحموود هەر لە ژیانی باوکیدا کە خوێندنی مەلایەتیی بەرەو تەواوبوون چووە ، ڕووی کردۆتە کاسبی و ئەو سەردەمە حاڵی باش بووە . لەبەر ئەوە هەر نزیکەی ساڵێك مەلایەتیی کردووەو دوایی

بە ڕەزامەندیو پەسندیی خۆی مزگەوتەکەی بۆ مەلا مستەفای برای بەجێهێشتووەو ئەوی خستۆتە جێی خۆی • بەم جۆرە لە ١٩٢٨دا بە ئیرادەی مەلیکی بووە بە مودەریسی مزگەوتەکەی باوکیو پێشنوێژیشی هەر لەوێ کردووەو تا کۆتایی ژیانی مودەڕیسو پێشنوێژی ئەو مزگەوتە بووە • بەڵام کە لە ساڵی ١٩٥٦دا لەپاڵ مزگەوتی گەورەی سلێمانیدا خانەقای مەولاناش بوو بە شوێن نوێژی جومعە ، لەبەر تواناو بە خەتیبی ناسراویو لەبەر ئەوەی خانەقا شوێنی باپیری بووەو دوو باپیری لە دایکیەوە (شێخ عەزیزو شێخ فەتتاح) لەوێدا نێژراون ، کرا بە خوتبەخوێنی خانەقاش •

گوزەرانی « سەفوەت » لە هەموو ژیانیدا هەر بە مەلایەتی بوو ، زۆری لە خۆی دەکرد کە بە مووچەی کەمی مەلایەتی بژیو دەست بۆ خەلك پان نەکاتەوە • لە کاری مەلایەتیدا زۆر ڕقی لەوە بوو کە مەلای کەم مووچە یا بێمووچەی ئەو سەردەمە بە ناچاری پەنا بەرێتە بەر (زەکاتو سەرفترەو پارەی مارەبڕینو تەڵاق چاككردنەوە) ، بە تایبەتی ئەمەی دووایانی بە کارێکی ناپەسندو حەرام دەزانی ، هەمیشە دەیووت : ئەگەر تەڵاق کەوتبێ ئەوە بە مەلا چاك ناکرێتەوە ، ئەگەر نەشکەوتبێ ئەوا مەلای ناوێت • هەر ئەم هەستە وای لێکرد کە لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهاندا کە گرانی پێی لێهەڵبڕیبوو ، بەدەم مەلایەتییەوە بکەوێتە کاسبی • لێرەدا دوو دۆستی دێرینی بە ناوی پشتگیریو یارمەتییەوە مولکی خۆیان بە شێوەی ئیجارەکردن دایە • حسێن بەگی حەسەن بەگی محەمەد پاشای جاف « بێستان سوور »ی شارەزووری دایەو پاش ئەو مەحموود فەهمیی فەقێ محەمەدی هەمەوەندیش « گۆپالە »ی لای بازیانی دایە • ئیتر کەوتە هاتوچۆ بۆ سەرپەرشتیی کشتوکاڵ ، بەڵام ئەمە کاری ئەو نەبوو ، تەواو ماندووی کردو هەر لەو سەردەمەداو بەو هۆیەوە تووشی سیل بوو •

که نەخۆشی تەواو ناڕەحەتی‌کرد ماوەیەك لە نەخۆشخانەی «عەزل»ی بەغدا کەوت • لە سەرەتای ١٩٤٣دا بە یارمەتیی تۆفیق وەهبی بەگ کە ئەو کاتە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بوو و ئیشی نەخۆش‌و نەخۆشـــخانـە سەربەو وەزارەتە بوو ، نێررایە سەنەتۆریۆم (مەسەح)ی بەحەنەس لـە لوبنان . کە ئەوسا حکوومەتی عیراق نزیکی سەد جێگەیەکی بۆ نەخۆشـی عیراقی تێدا بەکرێ گرتبوو • نزیکەی ساڵێك لە لوبنان مایەوە • ئەم ساڵە بۆ ماڵ‌و منداڵ ناخۆشترین‌و سەخترین ساڵی ژیان بوو و تائێستاش شوێن پەنجەی لە دەروون‌و بیرو یادگاری هەمووماندا ماوە • دیارە بۆ «سەفوەت» خۆیشی ساڵی لە نیشتمان دووری‌و ناخۆشی‌و نەخۆشی بوو • تارمایی مەرگی چەند جار لێوەنزیك بۆوە • بەڵام هەر لەو کاتەشدا بۆ کەسێکی وەك ئەو کە بە زیرەکی ناسرابوو ، ساڵی سوودبینینێکی گەورە بوو • ئەگـــەر لـە سەرەتادا شتێك لە بابەتی هاوچەرختێتی لە مەلای‌تری جیا کردبێتەوە ، ئەوا ئەم ساڵە ئەو شـــەقڵەی لە دیمەن‌و جل‌وبەرگ‌و بیرو جیهـانبینینی ئـەودا چەسپاند •

لە نەخۆشخانەدا ، هەر لە ناو نەخۆشە عیراقی‌یەکاندا ، کۆمەڵی دۆستی ڕۆشنبیری پەیداکرد(٩) کە کارێکی زۆریان کردبووە سەر بیری‌و بەرەو هاوچەرخایەتی بردنی ، هەروەك ئەوانیش بە کۆمەڵێك ڕۆشنبیری لوبنانیان ناساندبوو •

ئەوانەی لەو سەردەمەدا « سەفوەت »یان دەناسی لەیادیانە ، کە بیری تازەو پێشکەوتن‌و ڕووکردنە جیهانی خوێندنەوەی هەمەڕەنگ دەستکەوتی ئەو ساڵەی ژیانی بوو • تەنانەت هەر لە ڕۆژانی یەکەمی نەخۆشخانەوە هەر لە ناو نەخۆشخانەکەدا چوو بووە ناو دەورەیەکی فەڕەنسی خوێندنەوە کـە لەوێ ساز درابوو • کە هاتیشـــەوە ووردە ووردە بە فەڕەنسی دەدوواو کۆمەڵێك کتێب‌و فەرهەنگی لەگەڵ خۆیدا هێنابۆوە •

دەیگێڕایەوە دەیووت : لە سەرەتای سی یەکاندا ویستبووی ئینگلیزی فێربێت • هاوڕێیەکی موعەلیمی دەستی دابووە فێرکردنی • بەلام زۆر خەلك و بە تایبەتی هەموو مەلاکان لێی کەوتبوونە هەراو کتێبی ئینگلیزی هاتنە مزگەوتیان بە کافری دانابوو • بە ناچاری وازیان پێ لێهێنابوو • ئەمجارەش ئەو چەشنە قسانەو نەبوونی کتێب ڕێگەی بەردەوامییان لێگرت[١٠] •

« سەفوەت » ئەو جارە لەو دەردەی کە ئەو سەردەمە بە یەکێك لە دەردە گرانەکان دەزانراو لێ چابوونەوەی نەبوو ، چاك بۆوەو گەڕایەوە نیشتمان :

نەمردم ئەم سەفەرەش ، چەرخی کۆنی دانە سواو

لە چارەیی ڕەشی « سەفوەت » گەلێکی کەی پێ هەس

بەلێ ، گەلێکی تری پێ هەبوو ، ئیتر لەو بیست سالەی تری ژیانی خۆیدا ، لەشی ساغی بە خۆیەوە نەدی ، ڕێگەی بەغداو هاتوچۆی لای پزیشکان ، بۆ دەردی تازەو هەمەڕەنگە وەك ڕۆتینی ژیانی لێ هاتبوو • چەند جارێك گەیشتە ئەوەی پزیشکەکان نائومێدی بکەن و ناچاری ئەوەی بکەن کە بچێتەوە سەر دەرمانگەریی یۆنان و ئیسلام و بە دەرمانی خۆمالی خۆی چاك بکاتەوە[١١] •

نەخۆشی لەلایەك و هەندێك چەرمەسەریی تری ژیان ، بە تایبەتی کۆمەلێك کێشەو ئازاری نووسەری ئەم چەند ووشەیەو کەسانی تری ناو خیزانەکە[١٢] ، دەچوونە سەر خەم و ئازاری « سەفوەت » خۆی ، کە عاتیفەی بەتینی وای لێدەکرد بەدەم هەموویەوە بتلێتەوەو زۆرجار هەر لە جوغزی ئەم ئازارانەوە تەواو بە دەم ئازاری گشتی یەوە بنالێنێت[١٣] ،

ئەمانە هەموو لاوازتریان کرد ، پاشماوەی گەلێک نەخۆشی تینی پێ نەهێشت ، تا ڕادەیەك لە جیهانی دەرس ووتنەوەو نووسینیان دوورخستەوە ، بە تایبەتی لە دوو سالی دوایی ژیانیدا • تا ئەوە بوو لە ڕۆژی ۹/۱۲/۱۹۶۳دا بەدەم ئێش‌و ئازارەوە گیانی پاکی سپاردو پێش براکانی‌تری بووە یەکەم میوانی باوکی‌و لە ژێر سێبەری ئەرخەواندا بە خاکی سەیوان سپێررا •

سەفوەت‌و ناو کۆمەڵ :

« سەفوەت » لە سەرەتای لاوێتیدا ، لەپاڵ مەلایەتیدا ڕووی کردۆتە تەسەوف‌و تەنانەت دەروێشیش • پێوەندیی گیانیی بەکەسانی دایکیەوە بەرەو نەقشبەندێتیی بردووە ، تەنانەت لە هەندێ نووسین‌و کتێبی کۆنی خوێندنیدا بە « مستەفا خالیدی » ناوی خۆی بردووەو هەر ئەوەش تێکەڵی شێخانی تەوێڵەو بیارەی کردووە • هاتوچۆی لای شێخ عەلائەدینی کردووەو سام‌و دیمەنی شێخ حیسامەدینی تەوێڵە سەرسامی کردووە • بەڵام دوایی ڕێبازی تەریقەتی باوکی‌و شوێنی ئەو لە ڕیزی تەریقەتی قادریدا (کە خەلیفەی کاك ئەحمەد بووە) ، بەرەو ئەو تەریقەتەی بردووەو چەند ساڵێکی لاوێتی‌ی بە پێوەندی‌و هاتوچۆی شێخ حسەینی کربچنەوە بردۆتەسەر • پاش شێخ حسەین ئەو پێوەندی‌یەی کزبوو و پابەستی سەفوەتیش بە جیهانی ڕۆژانەو (سلووك)ی دەروێشانەوە بڕاو هەر پاش ئەوە یەکسەر بۆ چەند ساڵێکی ژیان کەوتۆتە چالاکیی سیاسەت‌و کوردایەتی‌یەوە •

پێوەندیی باوکی بە « ئالی کاك ئەحمەد »ەوە ، لە سەردەمی شێخ مەحموودی نەمردا بووە پێوەندیی کوردایەتیش • حاجی مەلا ڕەسووڵ پایەی سەرۆك – یا وەزیر –ی « شەرع‌و عەدل »ی سەردەمی شێخی

نەویست[١٤] • بەڵام لەو کەسانە بوو کە تا دووا هەناسە پشتی شـێخیان بەرنەدا • کە شێخ لە هیندستانەوە گەڕایەوە ، ئەو پێش خەڵکەکە کەوت‌و بەیداغی ئینگلیزی لەسەر سەرای ئەوسا داگرت‌و لـە مزگەوتی گـەورەوە بەیداغەکەی کاك ئەحمەدی هێناو دایچەقاند[١٥] •

دیارە هۆش‌و گۆشی سەفوەت لەم زەوی‌یەدا گەشاوەتەوە ، هەر لەو سەرەتای لاوێتی‌یەشدا پێوەندیی گیانی بە گیانیی لەگەڵ مەحموود فەهمیی هەمەوەندا ، کە سەرەتاکەی لە پێوەندیی نێوان بـاوکی هـەردووکیانەوە دەستی پێکردووە ، بەرەو کەسانی‌تر و کۆڕی نیشتمانپەروەری‌و کوردایەتیی دەبا • هەر ئەمە سەرەتای کوردایەتی‌و دامەزراندنی کۆمەڵی « برایەتی » بوو کە دووایی لەگەڵ کۆمەڵی « یەکێتی »دا بوو بە یەك‌و ناونرا « کۆمەڵی برایەتی‌و یەکێتی »و بە درێژیی ساڵانی سی ، لە زۆر شوێنی کوردسـتانی عیراقدا لق‌و ئەندامی هەبوو و چالاکی‌یەکی گەورەی نواندو جێی ئومێـد بوو • هەر وەك لە مەیدانی کاری نهێنیی ئەوسادا خاوەن سـامانی تازەی خۆی بوو •

« سەفوەت » سکرتێر یا ڕێکخەری ئەو کۆمەڵە بووە[١٦] • هەر پاش لە ناوچوونی ئەو کۆمەڵەش تووشی نائومێدی‌یەك بوو کـە نزیك کـاری ڕێکخراو نەکەوێتەوە • هەرچەندە بە گشـتی لە هەسـت‌و گیـانی نیشتمانپەروەری‌یەوە نزیك‌بوو •

ساڵی ١٩٤١ ، لە ڕۆژانی بزووتنەوەی مایسـدا تەواو دژی ئینگلیز هەڵچووبوو • لەپاڵ عەبدولواحید نووری‌و گەلێـك کەسی‌تردا ، یەکێـك بوو لەوانەی لە کۆبوونەوەیەکی مزگەوتی گەورەی سلێمانیدا بـە خوێـن گەرمی‌یەوە خوتبە بداو داوای بەگژ ئینگلیزدا چوون بکات • ئەم مەسەلەیە ڕقی کۆنی (ئینگلیزچی‌یەکان)ی سلێمانیی تازەکردەوە • زۆر لە ڕقەکـەی ئەوسایان بەرامبەر بە شێخی نەمرو حاجی مەلا ڕەسوول ، بەسەر ئەمـدا

ڕژان • پاش هاتنەوەی دەسەڵاتی ئینگلیزچی‌یەکان ، تووشی هەندێ ڕاونانو هێرشی ناڕەواو بوختان بوو ، تەنانەت ئەگەر تەماشای هەندێ لە ژمارەکانی ئەو سەردەمەی ڕۆژنامەی ژین بکەین ، دەبینین چۆن ئەو ئینگلیزچی‌یانە میری‌یان بۆ ئازاردانی شاعیر هان‌دەدا •

پاش ئەوە هەر بە هۆی مەحموود فەهمیی هەمەوەندەوە لە ساڵانی ١٩٤٦/١٩٤٨دا زۆر لە بەرەی چەپەوە نزیك‌بوو و خۆی بە دۆستیان دەزانی(١٧) • لە ساڵانی پەنجادا هەندێك جار لەگەڵ ئاشتیخوازاندا ناو و ئیمزای هەبوو ، ئەگەر سەیری رۆژنامەکانی ساڵانی ١٩٥٨ – ١٩٥٩ بکەین ، دیسان ناو و ئیمزای لەناو پشتگرانی بەرەی نیشتمانیدا دەبینین • هەروەك گەلێك کەس باسی هەڵوێستێکی ئازایانەی ساڵی مردنی‌یان بۆ گێڕامەوە ، یەك لەوانە ماموستا « ئەحمەد خواجە » بوو کە لە کتێبێکی دەستنووسی خۆیدا بە ناوی « سەدو یەك پیاو »ەوە بە پێی ڕۆژ ژمێر لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا ، واتە شەش مانگ پێش‌مردنی باس لە هەڵوێستێکی مەردانەی « سەفوەت » دەکا • ئەمانە تێکڕا هەڵویستو پێوەندیی لاوەکی بوون • بەڵام بە گشتی لە کۆڕی کاری سیاسی‌یەوە دوور بوو •

دووریی شاعیر لە مەیدانی سیاسەتەوە ، دووری نەبوو لە جموجوڵی گشتی • ئەوەتا لە زۆر کۆبوونەوەی گشتیدا – بە بۆنەی مەولوودو موناسەبەتی‌تری ئایینی‌یەوە ، بۆ ئەم باربۆ و ئەو باربۆ ، لە هەندێك موناسەبەتی نیشتمانی‌و گشتیدا بۆ نموونە « یادی ژین ، چلەی ئەمین زەکی، چلەی بێخود •• هتد ، شاعیر خاوەن ووتار بووە •

لە زۆر مەیدانی‌تردا هەستی ئاینپەوەری‌و کوردایەتیی لا تێکەڵ دەبێت‌و هەندێ جار دەچێتە قالبی بەرهەمی ئەدەبی‌یەوە • وەك ئەوەی هەر بۆ بە کوردی خوێندنەوە « قەسیدەی بوردیە »ی کردووە بە کوردی ،

یا لەبەر ئاین و لەبەر کوردی ویستوویەتی فتوحاتی شام بە کوردی بچێتە جێی شانامە ، یا شانازیی بەوەوە دەکرد کە یەکەم کەسە خوتبەی جومعەی کردووە بە کوردی[١٨] ، یا یەکەم کەسە تەڵقینی بەکوردی بۆ مردوو خوێندووە[١٩] .

مامۆستا عەلائەدین سەجادی باش لە یادێتی ، ساڵی ١٩٤٦ مەلایەکی بەغدا لە ڕۆژنامەیەکدا هێرشی بردبووە سەر مامۆستا ، چونکە بە مێزەرێکەوە چۆتە ئاهەنگی نەورۆزی لاوانی بەغدا لە هۆڵی « گەل »ی « ئێستا »و بە لای مەلاکەوە ئەمە کارێکی ناپەسند بووە ... هتد .

لە ناو مەلای کورددا تەنیا مەلا مستەفا سەفوەت بە نووسینێك و تەلگورافێك بۆ ڕۆژنامەکە لەسەر مامۆستا سەجادی و جەژنی نەورۆزی کردۆتەوە . هەروەك مامۆستا سەجادی نامەیەکی سەفوەتی پیشاندام کە پاش داخستنی گۆڤاری « گەلاوێژ » بۆی نووسیوە . سۆزێکی قووڵی بەرامبەر بە گەلاوێژ و ووشەی کوردی لە قالبیکی ئەدەبیدا دارشتووە .

□

بەرهەمەکانی :

سەفوەت لە ژیانی خۆیدا تەنها ئەم بەرهەمانەی چاپکردووە •

١ ـ هۆنراوەی کوردی لە دوڕی بوردی • سلێمانی ، ١٩٣٥[٢٠] •

٢ ـ ڕابەری نوێژ • سلێمانی ، ١٩٦١ •

پاش خۆیشی لەلایەن نووسەری ئەم پێشەکییەوە ئەم بەرهەمانەی بە چاپ گەیێندراون :

٣ ـ گولستان • وەرگێڕانی گولستانی سەعدیی شیرازی بە کوردی • بەغدا ، ١٩٦٨ •

٤ ـ شاتۆی ناوماڵ • بەغدا ، ١٩٧١ •

٥ ـ ڕابەری حەج • بەغدا ، ١٩٧٣ •

٦ ـ دیوانی سەفوەت • بەغدا ، ١٩٨٤ (ئەم دیوانەیە) •

ئەو بەرهەمانەی کە لەناو کتێبخانەکەیدا بە دەستنووسی ماونەتەوەو چاپ نەکراون ئەمانەن :

٧ ـ مێژووی بەرزنجە :

بریتییە لە سەرەتایەکو باسی پەیدابوونی سیادەت (سەیدێتی) لە کوردستانداو باسی ئەو بنەماڵانەی لە ساداتی بەرزنجەنو لە کوردستاندا بڵاوبوونەتەوەو باسی پیاوی هەڵکەوتوویان (چ لە مەیدانی ئاینپەروەریو چ لە مەیدانی زانستو ئەدەبیاتدا) •

٨ - ڕابەری ڕۆژوو •
٩ - ڕابەری زەکات •
١٠- کۆمەڵێك خوتبەی ئاینی (چ لە ڕۆژانی جومعەو جەژنداو چ لە مونا سەبەتی تردا) •
١١- هەشت بەهەشت کە لە ساڵی ١٩٥٢دا تەواو بووە • کارێکی ئەدەبی یە لە چەشنی گولستانی سەعدی • بریتی یە لە حیکایەت و باس و گێڕانەوە بە شیعرو بە پەخشان • بەشێکی زۆری وەرگێڕانە لە (ریاض الخلود)ی مەلا ئەبووبەکری موسەنیفەوە •
١٢- فتووحاتی شام :
بریتی یە لە ٤٥ هەزار دێڕە شیعر • لە زوربەی ڕووداوەکانیدا پشتی بە مێژووی (واقیدی) بەستووە[٢١] •
١٣- شازادەی غەسسان • وەرگێڕانی چیرۆکی (فتاة غسان)ی جورجی زەیدانە •
١٤- تەفسیری قورئان[٢٢] •
١٥- تەرجومەی نامەیەکی عەبدولحەلیمی میسری بە زیادکردنەوە ، کە بریتی یە لە چەشنە سیرەتێك (زوربەی بە شیعر کراوە بە کوردی) •
١٦- دیوانی موحی (محیی) - وەرگێڕانی دیوانی فارسیی شێخ عەبدولقادری گەیلانی یە بە شیعر •
١٧- گولزار - مەولوودنامەیەکە بە پەخشان (نموونەیەکی جوانی سەجعی کوردی یە) •
١٨- میعراج نامە - بە شیعر •
١٩- گولشەن - نامەیەکە کەمی پەخشانو زوربەی شیعرە • (مێژوویەکی کورتی ژیانی پێغەمبەرو ئیسلامە) وەك خۆی نووسیویەتی : زوربەی

له شێخی جزیری و ئیبنولحاجی جێشانەیی‌یەوە وەرگێڕاوە • له ٢٧ی زیلحەجەی ١٣٦٤ - ١١/١١/١٩٤٥دا نووسراوەتەوە[٢٣] •

٢٠- وەرگێڕانی (بانت سعاد)ی کەعبی کوڕی زوهەیر - به شیعر •

٢١- نامەیەك دەربارەی نەخۆشیی سیل (وەرەم) • ئەمەیان بەرهەمی سەردەمی نەخۆشیی لوبنانێتی •• که دیارە بابەتەکەی کۆن بووە •

٢٢- کۆکردنەوەی کۆمەڵێك له فتوای مەلایانی کورد •

٢٣- نامیلکەیەك به عەرەبی : « رسالة في العدل » سالی ١٣٧٥هـ - ١٩٥٦م نووسراوە : له یەکەم لاپەڕەیدا نووسیویە : « الى كل قلب رحيم ملؤه العطف والحنان ، يتأثر بشقاء الانسان ويبتهج باسعادهم • الى العادل الاعظم عمر بن الخطاب (رض) أهدى هذه الرسالة » •

شـــــيعرەكانی :

« ســـــەفوەت » خۆی لـە پێشـــــەكی‌یەكدا كـــە بۆ وەرگێڕانی گولستانەكەی سەعدیی نووسیووە پێوەندیی خۆی لەگەڵ جیهانی شـیعردا دەردەخات ، سۆزی ڕاستگۆیی دەدات بەو پێوەندیی‌یەی لە منداڵی‌یەوەو لە كۆشی كۆڕی مەلایانو شاعیراندا دەستی‌پێكردووە • سەیركردنەوەی ئەو سەرەتایە دەروازەیەكی گەورەمان بۆ جیهانی شـــیعری ســـــەفوەت بۆ دەكاتەوە •

چەندە پێشەكی نووسین بۆ من زەحمەت بوو ، ڕەنگە هەڵسەنگاندنی شیعرەكانیشی ئەوەندە زەحمەت بێتو هەر زۆر زەحمەت بێت لە هەستی تایبەتیو عاتیفە دوور بكەومەوەو بریارێكی مەوزووعی بەسەر ئەم دیوانەدا بدەم • ئەم زەحمەتیەش لە خۆیدا هەر شـــتێكی مەوزووعی‌یە • چونكە بمەوێ یا نا ، هەر بەشدار و تێكەڵی بەشێكم لە تەجروبەی شـاعیر ، یا لـە نزیكەوە ئاگاداری هەژانو تەجروبەیەو لـــە هەموو كەس زیاتریش بـــە خوێندنەوەو ووتنەوەو لەبەركردنەوە لەگەڵ شیعرەكانیدا ژیاوم • كەواتـە دووا بریاری من هەر باشو ئیجابی دەبێ • لەبەر ئەوە خۆم لـــە هەندێك ووردەكاری دوور دەخەمەوەو هەندێ بریاری گشـــتی كە بە من دەدرێو ئەركی منە لە جێی لێكۆڵینەوە دادەنێم •

ڕادەو جۆری ئەم شیعرانە هەرچۆنێك بن ، ئەوا لە هەموویاندا سۆزی، هەستێکی ڕاستەقینە دەبینین •

ئەگەر هەستی ئاینپەروەری‌و موناجات بێت ، یا کوردایەتی‌و نیشتمانپەروەری بێت ، یا تەنانەت شیعری موناسەبەتیش بێت ، دەبینین موناسەبەتەکە ئەوەیە کە شاعیری جوولاندووە •

هەرچی شیعری دلداری‌یە ، ئەوا ئەگەر لە شارەزاییشەوە نەبێت ، هەر شیعرەکان خۆیان پێمان دەڵێن : کەوا بۆچرووکی دڵسووتانێکی ڕاستەقینە لە هەموو دێڕێکیانەوە بەرزدەبێتەوە • خۆشەویستی‌یەکی ڕاستەقینەی پەنهانی ، کە تا دووا هەناسە بە ژیان‌و بیرەوەری‌و لەگەڵ خۆدا موناجات‌و گۆرانی ووتن‌و وڕێنەی ڕۆژانی نەخۆشیی گرانی شاعیرەوە دیار بوو ، بەلام لە دڵدا جێی‌کرابۆوەو نەدەکەوتە سەر زار :

هەمووی ئاسانە ، شەرتی عەشق ڕازی دڵ نەدۆڕانە
نەوەك مەجنوون کە لەیلای خستە زاری خۆ و بێگانە
ئەوا (سەفوەت) کە ڕازی بردە گۆڕ یار بێت‌و دایپۆشێ

با کەمێك لابدەم‌و بلێم ـ کە ئێستا بەلگەو کەرەسە بۆ دەرخستنی ئەو (ڕاز)ەو دەرخستنی ئەو پەنهانی‌یە کۆ دەکەمەوەو دەگەمە ئەنجام • هەر لەجیاتی شاعیر نەفرەت لە دوواکەوتنی وولات ، لە جیاوازیی چینایەتی دەکەم کە دلی کوڕە هەژارو کچە دەولەمەند لە یەك جیادەکاتەوە • تەنانەت لەم چەرخی تەکنیك‌و ئەلیکترۆنەدا ، لەم چەرخەدا کە گەلانی ژێردەست‌و دوواکەوتوو بە چەکی وولاتی دەسەلاتدار ، بەلام بە دەستی خۆیان سەر دەبڕێن ، ئا لەم چەرخەدا شاعیر خۆی نا ، تەنانەت منیش هەقی دەربڕینی ئەو پەنهانی‌یەم نی‌یەو دەبێ منیش ئەو حیکایەتی عەشقە بەمە گۆڕەوە •

تاقە توانایەکی من کە لەو زیاتر بێت هەر ئەوەیە نەفرەت لە بایەخی پارەپەرستی بکەم • نەفرەت لەوە بکەم کە خاوەنی مشتە دینارێکی بە ئارەقی ناوچەوانی خەڵك دزین‌و فڕوفێڵ ، لە ناوجەرگەی پیسایدا کۆکرابێتەوە ، لای هەندێك لە هەموو زاناو هونەرمەندو شاعیرو خەباتکەرێك بەرزتربێت • بەڵام دیارە شاعیر ئەو توانایەشی نەبوو •

بێمەوە سەر بەرهەمی شاعیرو بڵێم : ئەم بۆچڕووکە ڕاستەقینەیە ، شاعیر لە مەیدانی شیعری دڵداریدا ، لە ڕیزی لاسایی کلاسیکیی شاعیرانی هاوکارو هاوچەرخی خۆی لادەدات • هەرچی « سۆزی غەریبی »شە ، ئەوە دیسان دڵی پڕ لە تاسەی شاعیر دەجووڵێنێ • هەر لەبەر ئەوەیە ، ئەگەر بە ژمارە شیعری « سەفوەت » بەسەر تەمەندا دابەش‌بکەین • ئەوا ئەو ساڵی غەریبی‌و نەخۆشی‌یەی لوبنانی لە هەموو ساڵانی‌تری زیاتر بەردەکەوێت •

مامۆستا شوکر مستەفا دەڵێت :

« بە شێوەیەکی سەیر ئاینپەروەری‌و خۆشەویستیی نیشتمان‌و نیشتمانپەروەری‌و یادگارو ژیانەوەی هەستی دڵداریی کۆن تێکەڵ دەبن‌و قەسیدەیەك دروست‌دەکەن »(٢٤) •

ئەم دیمەنەی مامۆستا شوکر دەست‌نیشانی دەکات ڕاستگۆیی شاعیرمان لە مەیدانی شیعر نووسیندا بۆ دەردەخەن • شیعر لای « سەفوەت » ئەنجامی ئەندێشەو تەجروبەیەکە ، بەڵام چەند توانیوێتی ئەو تەجروبەیە سەرکەوتووانە بخاتە ناو « دێڕی هەڵبەست »ەوەو درەوشانەوەو گەشەو نەمری‌و داچەسپاندن بە تەجروبەکە ببەخشێ ، یا زاڵ‌نەبوون‌و نەتوانین ، لە تەجروبەکەی کەم کردۆتەوەو دەربڕینێکی بێ نسوودو بێ

دیمەنی لە شوێندا بەجێهێشتووە ، ئەوە دەدرێتە دەست ڕەخنەگرانو وا دەزانم ، بەرامبەر بە هەر قەسیدەیە بریارێکی جیاواز دەدرێو لە ئەنجامی هەموو ئەم بریارانەدا ، لە کۆڕی تاقیکردنەوەی گشتیدا دەنگ بۆ شاعیریی سەفوەت دەدرێت :

شاعیران پێریٚ لە دیوان بۆچی بوونە ئەنوەری
من بەجێمابووم هەمە خۆ زەوقی شیعرو شاعیری
کێ ووتی (سەفوەت) مەهێنن با نەیێتە گایەوە
تا وەکوو خامجاوی زوو بیکەم تەواوی گازری

یا :

(سەفوەت) غەزەلییاتت ئەگەرچی هەموو خۆشن
ئەمما ئەمە شیرداخە کەوا بێ بە هەوەسمە

بەگشتی « سەفوەت » بە بەردەوامیەکی شیعری کلاسیکیی کوردی دادەنرێ ، با بەپێی ڕۆژیش هەر لە قاوغدا نەمابێتەوەو هەندێك شەقڵی سەردەمی خۆیی پێوەبێت •

شاعیر لە ووشە هەڵبژاردنو سەرلەنوێ داڕشتنەوەدا ڕوودەکاتە کانو بناغەی ووشەی گردەوەبووی ئەدەبیاتی کلاسیکیی کوردیو ڕۆژهەلاّت • بەلاّم گوێچکەشی بەرامبەر بە خۆیو چەرخو ووشەی تازەش کەڕ نییە[٢٥] • لە پاڵ « دڵ بە میحنەت ، جێم نەما تیا بسرەوم ، سەحرا نەوەرد ، مەهـ جەبین ، تەبیبی حازیق ، مەحەببەت ، ڕەندو قەلەندەر ، ئالوودەی گوناهە •• هتد » دا « مەمرەو مەژی ، دوو قۆلە میر ، کۆرپەیی نەورەس ، گرپەو گر ، وەك چیا هاتە هەرەس ، بدا بە سینەو سەردا ، خورژمی باران ، چۆن نەبرژێ ، چۆن نەقرچێ ، بەلمەڕیش ، گورگن ، شلومل ، لێوی ووشكو گۆنەیی زەردم ، قەلوبەردم •• هتد » دەبینی •

یا هەر لە یەك دێڕدا « ماه ڕوخ‌و حۆریی جینان » لەباڵ « پووزی خڕو قۆلی سپی‌و گۆنەی سوورو تەپوتل »دا دادەنرێن .

هەرچی کێشی شیعره ، دیسان دەتوانین بناغەو سەر بە کلاسیکیتی لەپاڵ ئاسانکردنی هاوچەرخانەی خۆیدا ببینین .

مامۆستا شوکر مستەفا لەو کاتەدا کە لە ئامادەکردنی دیوانەکەدا یارمەتیی ئەدام ، سەرژمێرێکی کیشه جیاوازەکانی دیوانەکەی کردو ئەم چەند دێڕەی نووسی :

« ۱ ـ زوربەی لەسەر کێشی (ڕەمەل)ن

فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلاتن

ب ـــ ب   ب ـــ ب   ب ـــ ب ـــ

بابەتی جیاوازی تریشی هەیە .

۲ ـ (هەزەج) لە پلەی دووەمدایەو گۆڕین لە جۆری هەزەجەکەدا هەیە :

مفاعیلن   مفاعیلن ...

ـــ ب ب   ـــ ب ب   ـــ ب ب   ـــ ب ب

۳ ـ بەسیت (البسیط) لە پلەی سێیەمدا دێت :

مستفعلن   فاعلن

ب ب ـــ   ب ـــ   ب ب ـــ   ب ـــ

٤ ـ شیعری لەسەر کێشی موزاریع (المضارع)یش هەیە .

٥ ـ هەندێك شیعریشی دەچێتەوە سەر کێشی پەنجە (هیجا) .

بۆ قافیەش ، زۆرتر خووی بە ڕێبازی قافیەی کلاسیکییەوە گرتووەو هەندێك جار نا .

٦ ـ سەلیقەو سروشتی خۆی لەم مەیدانەدا زاڵە بەسەر شیعرەکانیدا »[۲٦] .

دیارە ئەگەر تێکڕا لە جیهانی عەرووزکاریدا لە شیعرەکان بدوێین ،

ئەوا لەگەڵ تێبینییەکانی مامۆستا شوکر مستەفادام ، بەڵام بۆ هەموو شیعری کلاسیکیی کوردیو عەرووز هێشتا لەسەر ئەو ڕایەم کە لە پێشەکیی دیوانی کاکەی فەللاحی شاعیردا نووسیبووم :

« لێرەدا دەووترێ کێشی کۆنو ناووترێ عەرووز ، چونکە کێشی عەرووز بە پێی پراکتیکە تەواوە عەرەبییەکەی لە کوردیدا نییە • زوربەی ئەوانەش کە لەسەر کێشی عەرووزیان نووسیووە • دانیان بەمەدا ناوە »[٢٧] •

ئەمە بۆ کێش ، هەرچی مەیدانی قافیەشە ، بامنیش دوو ووشە بخەمە سەر قسەکانی مامۆستا شوکرو بڵێم :

لە پاڵ ئەوەدا کە خۆی بە هەموو قانوونەکانی قافیەی شیعری کلاسیکییەوە بەستووەو ئەگەر لێشی دەرچووبێ ، ئەوا هەر لە سنووری لێدەرچوونی هەندێ باڵی شیعری کلاسیکیی کوردیدایەو بەرەو (مەسنەوی) یا (موستەزاد) چوونی کێشو قافیەیە • بەڵام زۆر کەمیش هەست بەوە دەکەین کە بە دەست یەکێتیی قافیەوە ماندوو بوویێتو ناچاری لە ڕەوانیو شێوەی قافیەی گۆڕیبێ[٢٨] • تەنانەت کە هەندێ کەرتکاریش لە قافیەدا دەکات هەر هەست بە زۆر لە خۆکردن ناکەیت • بۆ نموونە با بڕوانینە (جیناس)و (کەرتکاری) لە دێڕێکدا کە دەڵێ :

خەیاڵی عەشقی هێند گەرمە لەسەرما
لە زستانا نییە باکم لە سەرما

لێرەدا (لە + سەرم + ا) = (لە + سەرما) دەبینینو قافیەش هەربەرەو (بێخەبەرما)و (دەست مەکە مل)و (هاو مل)و (شلو مل) دەڕواو تۆش لەگەڵ شاعیردا هەر بەردەوامیت •

کە سەفوەت لە شینی « بێخود »دا دەڵێ :

مەولەوی‌و کوردی‌یو ســالم وەکو حاجی‌و نالی
مەحوی‌یو موخلیس‌و خاکی وەکــو عیرفانم ڕۆ

ئەمە لەپاڵ شینی ئەودا بۆ « ســەدری ئەدیبان » کە لای ئـەو بۆ سەردەمی خۆی « بێخود »ە ، ئەوە پێوەندیی خۆی لەگەڵ جیهانی شیعری کوردیدا دەست‌نیشان دەکات ، کە جیهانی کلاسیکێتی‌ی نالی‌و کوردی‌و سۆفێتیی مەولەوی‌و کوردایەتیی سالم‌و حاجی‌و بەردەوامیی ئالای شیعری سلێمانی‌یە ، بە دەست مەحوی‌و خاکی‌و موخلیسەوە(٢٩) سەر بە مەشخەڵی زانست هەڵگرتنی « عیرفان »ە لە خاکی باباندا •

ئەم سەر بە مەڵبەندی تایبەتیی شیعربوونە ، وای‌کردووە کە گـەڕانی زۆری نەوێ تا زۆر بابەتی ئەو قوتابخانەی شــیعرە لــە بەرهەمەکانیدا بدۆزینەوە •

شیعرەکان خۆیان زۆر نین • بەڵام لەو مەیـدانـە بچووکەدا لـەپـاڵ پرەکتیکی کێش‌و قافیەدا ، « تەخمیس »و « تەشتیر »و «مولەمەع» دیارە ، « موعەمما » بە کێش‌و قافیەی شیعر داڕێژراوە • تەشبیهـ‌و ئیـستیعارەو تەوریەو جیناس دیارن • ڕەنگە هەندێ دیاردە بدۆزینەوە کە بینە نموونەو لە ڕیزی شیعری شاعیراندا بکەونە سەر زمان :

من ســـەرم دانـا لــە ڕێبـازا کـە تۆ پێی لێ‌بنێیت
کەوتە ژێر پێی ئەو ڕەقیبە ، هەی سەری خۆم دا لــە بەرد

لەگەڵ ئەوەشدا شەقلی پلەیەکی دووای ئەو شــاعیرانە بە بەرهەمی « سەفوەت »ەوە دیارە ، دەڵێم « شەقل »ی زەمانێکی دووای ئەوان‌و ناڵێم بەرەو پێش‌بردن • هەر ئەمەشە « تەپڵ لێدانی لەشکری حەبەش‌و سـوپای هیند » لە مەیدانی تەشبیهی زولف‌و پرچ‌و خاڵدا دەگەیەنێتە سالی ١٩٥٦و دەڵێ :

سوپایی جوو و فەرەنگ ، ئینگلیزی ماتەم
هوجوومیـان بردە سـەر سیناکەیی دڵ

ئەمەش بۆ چووتێکی زیرەکانەیە ، چونکە هـەر لـە مەیدانی ئـەو تەشبیهەدا « سینا »ی خاکی عەرەبو موسـولمان دڵی ئەمەو هێرشـە سێقۆلی‌یەکەی هێرشی « ماتەم »ە بۆ سـەر « دڵ »ی شـاعیر . یا خوێنەریش چەند مەبەسو وێنە بۆ خۆی لەگەڵ یەکـدا تێکەڵ بکات . یا هەر لە شوێنێکدا کە خۆزگە بە سۆفی‌یەك دەخوازێ کە گۆشەگیر بێتو دوور لە مەبەسی دنیا پەرستی بێت دەڵێت :

خۆزگـە بـۆ زاتێ ئەوەنـدە بێ هیـوا بێو بێ ئـەمـەل
جرتو فرتی (جەبر)و (نووری) نەیخەنە سەر فاكو فیك

لێرەشدا هەر گێڕانەوەیەکی تەواوی شریتی ڕۆژو ڕووداوی سـاڵو هەڵوێست دەربڕین لە کونجی گۆشەگیری‌یەوە دەبینین .

کەواتە ، چ مەبەسی کۆمەڵایەتیو چ بیری تایبەتیی شـاعیر لە زۆر مەسەلەی ڕووداوی ڕۆژدا بە خەتێکی باریکی نووکە پەڕی شاعیر لەسـەر تابلۆی قەسیدە دەردەبڕێو تیژ بە لایدا تێدەپەڕێ :

تێر کـەی لـە برسی بووە ئاگـادار
نـازانن چی‌یە کـەسـاسیی هەژار

با پێکەوە بچینەوە سەرەوکاری قەسیدەیەكو لە خەلوەتی چەند شەوەی دوور لە جیهانو موناجاتی سۆفیەکدا گوێ بدەینە دەنگێك کە دەڵێ :

چەندە پێم خۆشە بە گوردی دەنگی خـاڵـەی ڕێبوار
ڕێبـوارە ئەهـلي دنیـا هەرچی هاتو هەرچی چوو

وا بزانم گەلێك وێنەو لێكدانەوە لە ئەنجامی لێووردبوونەوەی ئەم دێڕەدا بەسەریەكدا دەكەون • ئەگەر ماوەی ئەم نووسینە زووری دەرسخانە بووایە ، ئەوا چەند دەرس بۆ سووچی جیاجیای ئەو دێڕە تەرخان دەكرا • ئایا لە ئەنجامدا هەر ئەو سۆزی كوردایەتیو بیری كوردە نابینین كە لە هەموو شیعرە نیشتمانی‌یەكانی شاعیردا دیارن ئایا ئەو خۆشەویستیی كوردو نەتەوەو خاكو مێژوو و پەندی ژیانەی نابینین كە دەبنە بناغەیەك بۆ شاعیر كە لە ڕێی پاراستنو ئەمڕۆ و سبەینێیدا دەربەست نی‌یە كە مێزەرەكەی خۆیی بۆ بكا بە تەنافو ئەگەر ویژدانو دان بە ڕاستیدا نانیش هەبێت ، زۆر جار خۆی گەیاندۆتە نزیكیی ئەو ئەنجامە •

شاعیر سۆفی‌یەو زۆر جار موناجاتەكانی لە گردەوەبووی ووشەی ناو سۆفیانەوە هێناوەو ویستوویەتی شتێك لە سامانی ئەم ئەدەبیاتە لە ناو كورددا زیاد بكات ، بەلام هەر وەك سۆفیانی‌تر لە « شطحات » خۆی لانەداوە :

چیت ئەوێ لەم خەڵكە چی داوا ئەكەیت
عالەمێ بۆچی وەها ڕیسوا ئەكەیت

یاخود پلە و ڕوتبەی عەشق ، هەر لە باسی ئەو بۆچرووكەی دەروونی خۆیدایە كە دڵی (تیر)ی یار ئاگای لە دڵی برسیی ئەم نەبووە • یا هەر عەشقەكە عەشقی سۆفیانەیەو گەیشتنە پلەو ڕوتبە هونەری تایبەتیی دەوێت :

وەقتێ هەتە ڕوتبە لە عەشقدا بە هەناسە
بتوانی كە ئەو زوڵفە لەسەر ڕوومەتی لادەی

یا هەر ئەو هەناسەیە ، بادی خۆش مروورەكەی نالی‌یەو شاعیر هەر جارە بە جۆرێك دەیكا بە پەیكی شارەزای خۆی :

هەناسە هەڵسە لە لوبنانەوە بڕۆ دەمو دەس
هەتاکو شاری سولەیمانی لامەدە لای کەس

. . . .

بەڵا لە دوورەوە ڕاوەستە کەس مەسووتێنە
بە گرپەوو گڕەکەت با دڵم بسووتێ‌و بەس

کە جۆرەکەی تریان ، تەواو پێچەوانە دەبێتەوە :

پەیکی دلسۆزی عالەم شەماڵە   پەیکی من بای وەشت
سەرەو ژوور بڕوا بگاتە مۆسکۆ   بە سەیران‌و گەشت

ژیانی شاعیر ئازارو مەینەتی‌و گەڕان‌و نەخۆشیی زۆر تێدا بووە ، کێشەی نێوان کۆن‌و تازە ، نێوان بیرو خۆ بۆ مەبەسی جیا تەرخانکردن ؛ هەر ڕەنگە سۆفیزم بە دەنگ ئەم هەموو خواست‌و بۆچوونە جیاوازانەو بەدەم ئەم تێکەلیی بیرەوە بێت :

« سەفوەت » ، ئەمە سیرڕێکە لە مزگەوتەوە بۆ دێر
خۆ تۆ بە حیسابێ لە هەواخواهی مەدینەی

ئەم دیوانە :

ناتوانم بلێم ئەم دیوانە هەموو شیعری « سەفوەت » دەگرێتەوە . چونکە هەر لە باسی بەرهەمەکانیدا ، لە مەیدانی وەرگێڕاندا باسی چەند بەرهەمتان دی کە دەچنە چوغزی شیعرەوەو بە هەزاران دێڕە شیعرن . بەڵام لێرەدا ، هەرچی وەرگێڕانە ، « قەسیدەی بوردیە » کە نەبێت ، ئەوانیترمان خستە لاوە ، تا لە دەرفەتێ‌تردا وەك بەرهەمی جیاواز چاپیان بکەین .

کەواتە ئەم دیوانە زوربەی ئەو شیعرانەی (سەفوەت)ن کە خۆی نووسیونی‌و دەست ئێمە کەوتوون .

ئەوەندەی من بزانم « سەفوەت » لە ژیانی خۆیدا کەم شیعری بڵاوکردۆتەوە(۳۰) • ئاگاداری زۆر پارچەی بڵاونەکراوەی بووم • ئەوەبوو کاتێ کۆچی دوایی کرد ، من لە دەرەوەی وولآت بووم ، فاروقی برام لە بارێکی تایبەتیدا بوو • ئیتر بێ ئاگاداریی ئێمە کتێبخانەکەی لە مزگەوتەوە هێنرابۆوەماڵەوە(۳۱) •

کە ساڵی ۱۹۶٦ گەڕامەوە سلێمانیو ناو کتێبەکانم پشکنی ، دەفتەرێکی شیعرم دۆزی‌یەوە ، بە خەتی شاعیر خۆی نووسرابووەوە • سەرەتا نووریی مەلا مەحموودی (ئامۆزام) لەبەر ئەو دەفتەرەو لەبەر چەند پارچە کاغەزێك شیعرەکانی بۆ نووسیمەوەو دوایی نووسینەوەکەی ئەو و کۆمەڵی پارچە کاغەزی جیا جیام دایە دەست هاوڕێو برای دێرینم مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم ، بە بەراوردو ڕاستکردنەوە گەڵاڵەی ئەم دیوانەی دروستکرد • لەم دوایی‌یەدا کە کتێبەکان لە سندووق دەرهێنران ، هەندێ پارچەی‌ترمان دۆزی‌یەوە • مامۆستا شوکر مستەفا دلسۆزانە لەگەڵما دانیشتو هەموو دەستنووسەکانمان بەراوردکردو تەنانەت هەندێ قەسیدەی نەنووسراوەی بە خەتی خۆی نووسی‌یەوە •

بێگومان بەشێکی زۆر لە شیعرەکان بە ئیملای کۆن نووسرابوون • بێجگە لەوەی کە زۆریان هەر ڕەشنووس بوونو جارێکی‌تر نەنووسیبوونەوە • لەبەر ئەوە ئامادەکردنی دیوانەکە زۆر بە ئاسانی بەدەستەوە نەهات • هەروەك جاروبار کە تاقە دێڕێ یا چەند دێڕێك بە خەتی شاعیر دەبینرایەوە ، دەیخستینە گومانەوە ، چونکە دەگونجێ شیعری خۆی نەبێت • لەبەر ئەوە بە زۆر دیواندا گەڕاینو ئەوەی لێی دلنیابووین تۆمارمان کرد •

ڕەنگە هەندێك پارچەو دێڕ ڕادەی ئەوەی نەبێ کـــە لـەم دیوانەدا تۆمار بکرێت • بەڵام وام لا باش بوو هەر تۆماری بکەم ، چونکە هەموو شاعیرێك بەرهـــەمی بەرزو بەرهەمی کزی هەیەو تۆمـــارکردنی ڕێگەی بڕیاری ڕاست بۆ ڕەخنەگر خۆش دەکات • هەر وەك جاری وا هەیە چەند دێڕێك لە ڕووی هونەرەوە کزە ، بەڵام دەبێتە نیشـــانە بۆ شتێکی‌تر • بۆ نموونە ئەو چەند دێڕەی ساڵی ١٩٢٨ بۆ زانســـتیی نووســـیووە ، لەکاتێکدا کـــە زوربەی مەلا ئەوسا هـــەر خوێندنی قوتابخـــانەیـــان لاحەرام بوو •

بە هەموو حاڵ ڕەنگە شیعری‌تری بڵاوکراوە یا دەستنووسی شـاعیر هەبێت کە دەستمان نەکەوتبێ • بەڵام ئەوانە هەر چۆنێـــك بن هـــەر لـەم بابەتانەن‌و لەو بڕیارە ڕەخنەگری‌یە ناگۆڕن کە بە هۆی ئـەم دیوانـــەوە بەسەر شاعیردا دەدرێن • هەرچی ڕێکخستنی دیوانەکەیە ، لەبەر ئـەوەی زوربەیان مێژووی نووسینیان دیارنەبوو ، هەنـدێکمان بـە بـاس‌و بـەو مەزندانەدا ساغکردەوە کە لای قەسیدەکان نووسرابوون‌و بۆ هەندێکیشیان کاغەز بەڵگەی داینێ • بەڵام تێکڕا وام بە باش زانی ، کە بۆ ئەوانەی تەواو لەسەر ڕەویەو قافیەی کلاسیکین ، ڕێی ئەلفوبێ بگرم‌و ئەوانەی قافیەیـان مەسنەوی‌یە بکەونە دووای ئەوانەوە •

ڕایەك هەبوو کە ئەو پارچانەی سەر بە جیهانی ئاینپەرستین بە جیا چاپ‌بکرێن‌و نەخرێنە ئەم دیوانەوە • بەڵام ئەمە بیری تەواوی دەربـارەی ئەفراندنی شـــــاعیر دەشـــێواندو زۆر خوێنـەریشـــی لـە دیوانـەکـە دووردەخستەوە • لەبەر ئەوە ئەو قەسیدانەی لەسەر پێڕەوی شـــیعری مەلای جزیری تا بێخود ئاین‌و عەشـــق‌و مەبەسی‌تریان تێدا تێکەڵکراوە ، لە ناو دیوانەکەدا دانران‌و ئەوانەی هەر موناجات‌و ئاینپەرســـتین بوونـە

بەشی دووەم‌و چوونە پاڵ قەسیدەی بوردیەکە • بەڵام ئەمە وا ناگەیێنێ کە شیعری ئاینیی‌ترمان لانەخستووە • ئەوەتا وەك لە بەرهەمەکانیدا دەبینین ـ کۆمەڵێکی زۆر وەرگێڕاو‌و بابەتی میعراج‌و سیرەت سەر بە جیهانی ئاینپەرستین‌و چاپکردنیمان خستە دەرفەتێکی‌ترو بەجیا •

دووا ووتە :

سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی کۆششی مەردانەیان بووە یاریدەدەری دەرچوونی ئەم دیوانە • بۆ کاکە حەمە ، بۆ مامۆستا شوکر ، بۆ مامۆستا کاکەی فەللاح کە دیوانەکەی خوێندەوەو گەلێك ڕای شاعیرانەی بەنرخی لە نوسخەگەری‌و ڕاست جێگیرکردندا دامێ •

کۆتایی ـ ئەمە سەرەتاو پێشەکی‌یەك بوو ، بەڵام بە لای منەوە هەورازێکی سەخت بوو بە سەریدا سەرکەوتم • ماندووی کردم ، چونکە هەموو تیپێکیم پێوا و لە لادانی سەر بە عاتیفە دەترسام • بەڵام ئایا ئەو « سەفوەت »ەی بە دەردەداری‌و ئازارەوە ئەم هەموو شتەی بۆ گەلەکەی نووسیوە ئەم چەند دێڕە هەڵناگرێ ؟ • بەڵی ئەگەر کەسی‌تر هەبوایە ، دەبوو من دەست نەدەمە قەڵەم • بەڵام ئەگەر واش نەبێ ، گەلێك یادگارو ڕاستی دەفەوتێ •

لە وەڵامی هەموو بڕیارێکتاندا یا دەڵێم سوپاس ، یا دەڵێم گەردتان ئازاد بێت •

بەغدا ١٩٨٣/٧/١

پەراوێز :

١ ـ دوکتۆر کامیل بەسیر لە ووتارێکی ئێستگەی ڕادیۆدا بایەخێکی باشی بە دیوانی (هۆنراوەکانم)ی (ن • ئاری)داو گلەیی ئەوەی لە من کرد کە بۆچ پێشەکیم بۆ دیوانەکە نەنووسیوەو باسی ژیانی شاعیرم نەکردووە • ئەمە پاڵپێوەنەر بوو کە لە چاپی دیوانی (سەفوەت)دا پێشەکی نەخەمە پشتگوێ • هەر وەك ئەو ووتارەی دوکتۆر بەسیر تاقە باسی ئاریو دیوانەکەی بوو ، مامۆستا عەلائەدین سەجادیش ئەم چەند دێڕەی بۆ تۆمار کردووە •

(ئاری : ١٩٠٩ ـ ١٩٦٨ • ناوی نەجمەدینو کوڕی حاجی مەلا ڕەسولی دێلێژەییە ، لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوەو لەوێش سەری ناوەتەوە • ئاری لە ڕێگای نیشتمانیەوە بۆ کورد گەلێ دلسۆزیی نواندووە) [علاء الدين سجادي • مێژووی ئەدەبی کوردی • چاپی دووەم ، ١٩٧١ ، ل ٦٠٣] •

(ن • ئاری) لە ژیانی خۆیدا تەنیا وەرگێڕانی چیرۆکی یا شانۆگەریی (لە پێناوی نیشتماندا)ی چاپکردووە • پاش کۆچکردنی بە ماوەیەکی کەم کۆمەڵە شیعرێکیم بە ناوی (هۆنراوەکانم)ەوە بەچاپ گەیاند ، کە خۆی کۆی کردبۆوە • چیرۆکی (شێرەکەی فەلاندەرزەر)یشی کردووە بە کوردی• شیعری تریشی هەیەو نووسینی زۆری لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردی یەکاندا هەیە • هیوادارم بتوانم ئەوانەش بگەیێنمە کتێبخانەی کوردی •

٢ ـ دیوانێکی موخلیس (١٨٣٥ ـ ١٩٢٧/٨/٣١)م لەو پارچە بەیازانەوە کە لە کتێبخانەی « سەفوەت »دا مابوون کۆکردۆتەوە ، بەڵام وەك لە مەلا مەحموودی مامم بیستووە ئەمە دیوانی تەواوی نییە •

چونکە دیوانەکەی بەنووسراوەیی لە کاتی بۆردومانی سلێمانیدا لەلایەن ئینگلیزەوە ، لە دەوری شێخ مەحموودا سووتاوە • لەگەڵ ئەوەشدا ، هیوادارم ئەم پاشماوەیە بە چاپ بگەیێنم •

٣ ـ مامۆستا عەلائەدین سەجادی دەربارەی فایز نووسیویە :

(فائیز ١٨٩٢ ـ ١٩٧٠/٤/٦ : ناوی ئەحمەدو کوڕی حاجی مەلا ڕەسووڵی دێلێژەیی‌یە • لە شاری سولەیمانی هاتۆتە دنیاوە • لە خانەقی کۆچی دوایی کردووەو تەرمەکەی براوەتەوە بۆ سولەیمانی ، لە گردی سەیوان نێژراوە • شاعیرێکی بەرزو عالمێکی بەرزتر بووە) •

[علاء الدین سجادی • مێژووی ئەدەبی کوردی • چاپی دووەم ، ١٩٧١ ، ل ٦٠٠] •

فائیز لە مزگەوتی عیرفانی سلێمانی‌و لە بلێ (زیبار)و لە سالانی دوایی ژیانیدا لە مزگەوتی گەورەی خانەقین مودەڕیس بووە • دیوانێکی باشی شیعری هەیە • کاتێ دوکتۆر مارف خەزنەدار خەریکی ئامادەکردنی باسێ بوو پێکەوە چووینە شارەبان لای عەبدولقادری کوڕە گەورەی حاجی مەلا ئەحمەد (کە ئامۆزامە)، هەموو بەرهەمی شیعری باوکیی لەگەڵ چەند بەڵگەدا بۆ سوود لێبینین دا بە دوکتۆر مارف • ئەوەبوو ئەویش لە باسەکەیدا بە چەند لاپەڕە باسی (فائیز)ی کردووەو ئیشارەتی بۆ ئەو یارمەتی‌یەی کاك عەبدولقادر داوە (بڕوانە : دوکتۆر مارف خەزنەدار « شیعری بەرزی هەندێ لە شاعیرە کەم ناسراوەکانی کورد » گۆڤاری « کۆلێجی ئەدەبیات » ژمارە ١٩ ، ١٩٧٦ ، ل ٤٤ ـ ٤٩ ، ل ٥٣) • هیوادارین یا کاك مارف ئەو بەرهەمانە بە چاپ بگەیێنێت ، یا وا بکات بگاتەوە دەست کوڕو برازاکانی بەلکو چاپی بکەین •

٤ - مەلا محەمەد - دووەم کوڕی حاجی مەلا ڕەســووڵ بووە • لـە ناوەڕاستی ساڵانی بیستدا کۆچی دوایی کردووە • لە کۆیە لـە مزگەوتی مەلا باوەدین خوێندوویەتی • کۆمەڵی شیعری ئەویشـم لەلایەو چاوەڕێی چاپن •

٥ - حاجی مەلا مەحموود (١٨٩٥ - ١٦/١٢/١٩٧٣) زۆر بیری تیژ بوو ، سنگی کەشکۆلێکی گەورە بوو ، قسە خۆش بوو • بە یادگـــاری ڕەنگین‌و شێوەی جوانی شیعر خوێندنەوەی مەجلیسی ئەڕازاندەوە • لاشی هێندە ساغ بوو ، پیرێکی هێندە تۆکمەو بەخۆوە بوو ، پیری پێوە دیار نەبوو و بەبیرمانا نەدەهات مردن وا زوو بیفڕێنێ • زۆر لە یادگارەکانی تۆمار نەکران‌و لەکیس چوون •

٦ - مەلا فاتمی مەلا محەمـەدی چاوهار • **بۆ باسی ئەو بڕوانە :**
[نەریمان • مامۆستای نەمر • بەغدا ، ١٩٧١ • ل ٧٤] •

٧ - مزگەوتی حاجی مەلا ڕەسووڵ ، یـەکێکە لـەو مزگەوتـانەی لـە سەرەتای دروستکردنی سلێمانی‌یەوە دروسـتکراون • حاجی مـەلا ڕەسووڵ هەر لەو کاتەوە کـە بووە بـە مەلا لـەو مزگەوتە بووە • لەبەر ئەوە لەناو خەڵکدا بە ناوی ئەوەوە ناسرابوو • پاش دروست بوونی حوکومەتی عیراق هەر خۆی لە کاروباری ڕەسمیدا بە ناوی ئەو کەسەوە کە دروستی کردووە ناوی ناوە مزگەوتی (باش‌چاوەش) (ئەم باشچاوەشە باپیری ئەورەحمان ئاغای ئەحمەد پاشـــایە) • بەڵام کە ساڵی ١٩٦٢ مزگەوتەکە بـــەر جادە کـــەوت لای گـردی سەیوانەوە مزگەوتێکی تازە لە جێی ئەو دروستکراو مەلا مستـەفا سەفوەت دووا ڕۆژانی ژیانی خۆی لەوێدا بردەسەر •

٨ - ئەوەی من بیستوومە ئەم خوێندنەی لە گوندی (فەرقان)و لە ساڵانی جەنگی یەکەمدا بووە • بەڵام مامۆستا مەلا جەمیلی کوڕی مەلا ئەحمەدی فەرقان دەڵێ : ئەمە لە گوندی (باداوا)ی نێوان لەیلانو

سالەیی سەر بە ناوچەی (قەرە حەسەن)داو لە ســالانی ١٩٢٧ ـ ١٩٢٨ بووەو لەگەڵ مەلا مەحموودی دیلێژەو مەلا مارفی خاوێــدا لەوێ خوێندوویانەو وەك ئەو دەڵێ : (سەفوەت) ئەو ســەردەمە کتێبی عەبدوللا یەزدیی خوێندووە • من لام وایە ئــەم مێــژووەی ماموستا مەلا جەمیل لەبیرچوونەوەی تێدا بێت ، چونکە ئەو بەڵــگە ڕەسمی‌یانەی لە بەردەستمدان نیشانەی ئەوەن کــە « ســەفوەت » لە سالی ١٩٢٨دا لە سلێمانی مودەڕیس بووە •

٩ ـ لەوانە ماموستا بەکر مستەفا سالم بوو ، کە لە ناو ماموســـتایانی عیراقدا بە تێکوشــــەرێکی نەقابیو خاوەنی بیری دامەزراندنی نەقابەکەیان دەزانرێ • هەروەها دوکتور موحسین جەمالەدین ، کــە تا مردن دوستی شاعیر بوونو لە هاتوچوی یەکتر نەبڕان •

١٠ـ منداڵ بووم ، ڕوژێك لە مزگەوتەکەی خومانەوە بەرەو لای بـازار لەگەڵیا دەچووم • بە کومەڵێك کتێبو کاغەزەوە لەســەر ڕێ لای دایە مالی ماموستا ڕەفیق حیلمی • نازانم کارەکــە چی بوو ، بـەڵام دەزانم کارێك بوو ســەر بــە فەڕەنسی زانین بوو ، داوای یارمەتیی لێکرد • ماموستا ڕەفیق حیلمی وەڵامی ئەوە بوو :

ـ کاکە مەلا ئێمە کە لە قوتابخانە فێری بووین لە بیرمان چوتەوە ، تو دەتەوێ لــە مزگەوتا فێری فەڕەنســـی بیت • بەڕاسـتی بمتوانیایە یارمەتیم ئەدایت •

جا نازانم ماموستا ڕەفیق حیلمی خوی دەربازکرد یا بەڕاستی لەبیری چوبوو • چونکە دلنیام کە « سەفوەت »ی زور خوشدەویسـتو بە شاعیری باشیشی دەزانی • « بڕوانە : ڕەفیق حیلمی • شــیعرو ئەدەبیاتی کوردی • بەرگی دووەم بەغدا ، ١٩٥٦ ، ل ٦ » •

١١ـ کورد دەڵێ : بە ســـەد حەکیم بە قەد دەردەدارێك نازانن • وەك ووترا ـ « سەفوەت » دەچووە ســــەر کتێبەکانی « یونان »و

(ئیبن سینا)و ئەوانیتر کە لە ناو مەلایاندا باون • بۆ ئەم باسە هەندێ بیرەوەریو هەندێ لاپەڕەی نووسراویم لایە کە بۆ کەسی خۆی لە سوود بەدەر نییە •

١٢- شاعیر دوو کوڕو سێ کچی لە پاش بەجێما • لە ژیانی خۆیدا تاقە کچێکی مردووە •

١٣- سالی ١٩٦١ من لە یەکێتیی سۆڤیێت بووم ، بیستم (فاڕووق)ی برام لە بەغدا گیراوەو باوکیشم هەر لەسەر ئەو پێڕەوەی لەگەڵ مندا دەیکرد ، هاتۆتە بەغداو ماوەی بەندێتیی ئەو لەوێ دانیشتووەو کەوتۆتە هەوڵو تەقەلا بۆ بەربوونی • لەوێوە بۆم نووسی : ئێمە ئێستا گەورەین ، بە ئارەزووو ڕەزامەندیی خۆمان ئەم ڕێگەی سەختیو ئازارەمان هەڵبژاردووە ، پێویست بەوە ناکات تۆ بۆ ئێمە بەم چەشنە خۆت بخەیتە ناخۆشییەوە • لە وەڵامدا بۆی نووسیم : « نە ئەبوو تۆ قسەی وا بکەیت ، چونکە ئەوەی بۆ تۆم دەکرد ، بۆ ئەوی نەکەم ، دەبێتە جیاوازی لە نێوانتاندا ، پاشان هەندێك کەس لافی ئەوە لێئەدەن کە لە پێناوی میللەتێکدا ، یا لە پێناوی هەموو مرۆڤایەتیشدا فیداکاری دەکەن • تۆ تەنیا بەخشینی شەرەفی فیداکاری ، لە ڕێگەی مندالی خۆمدا بە من ڕەوا نابینی ؟ » •

١٤- لە وەڵامی فەرمانی شێخو نەویستنی ئەو پایەیەدا ئەم دوو دێڕەی نووسیوە :

من کە بازی بم چلۆن قازی ئەبم
شێت نەبم بەو حالە چۆن ڕازی ئەبم
من کە واعیز بم چلۆن تەرکی ئەکەم
حالو موستەقبەل وەکو مازی ئەبم

(تێبینی : مەبەس لە « بازی » سەر بە « باز » واتە شێخ عەبدولقادری گەیلانییە) •

١٥- ئەو ئالآیە بوو کە دوو جار حاجی مەلا ڕەسووڵ ، بە جێگری کاك ئەحمەد ، دایە دەست شێخی نەمر ، یا بڵێین شێخ وای لا پەسند بوو لە دەستی ئەوی وەرگرێ • جارێك لە غەزای ڕووسی چار (قەیسەر)دا کە حاجی مەلا ڕەسووڵ خۆیو دوو کوڕی (مەلا ئەحمەدو مەلا مەحموود) تێدا بەشداربوونو جارێك لە چوونی شێخدا بۆ غەزای شوعەیبە •

١٦- بە داخەوە تا ئێستا هیچ کەسێ باسی ئەم کۆمەڵەی نەکردووە • من هەندێك لەو یادگارانەم لە بیر ماوە کە « سەفوەت » دەیگێڕایەوەو هەندێك لە بەشدارانیشی ماون • بە تایبەتی مامۆستا سەعید ناکام • زۆر پەسندە کە مێژوونووسەکانمان ڕووی تیشکی پێنووسیانی تێکەن •

١٧- « سەفوەت » هەر لە لوبنان کەوتبووە خوێندنەوەی هەندێك کتێبی پێشکەوتنخوازە • کە هاتەوە باسی نووسینەکانی «عومەر فاخووری»و ئەوانی دەکرد • دیارە مامۆستا بەکر دەستی زۆری لەم ئاراستەکردنەدا هەبوو • بەلآم لەو ساڵانەدا هەر بە هۆی مەحموود فەهمیەوە دۆستایەتیی لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد هەردیو ئەحمەد غەفووری نەمردا بەتین بوو • ئەم چەشنە دۆستایەتی‌یە تا ناوەڕاستی ١٩٤٨ی خایاند ، تا کارەساتی فەلەستین ڕوویدا • هەڵوێستی « سەفوەت » لەم مەسەلەیەدا تەواو موسوڵمانانە بوو ، لەبەرئەوە تا ماوەیەك هەستو نەستی لە بەرەی چەپی ئەوساوە دوور کەوتەوە •

١٨- شاعیر ساڵی ١٩٥٦ بوو بە خەتیبی خانەقا ، بەلآم چەندین ساڵ پێش ئەوە ، کە خوالێخۆش‌بوو شێخ محێدینی سەید غەوسە خەتیبی سلێمانی بوو (کە ئەویش شاعیرو نیشتمانپەروەرێکی دلسۆزی کورد بوو) ، لە کاتی سەفەردا خوتبە خوێندنەوەی بە سەفوەت دەسپارد ، ئەمیش زۆر جار خوتبەکەی دەکرد بە کوردی •

١٩- لەسەر گۆڕی « ئەمین زەکی » تەڵقینیان پێسپارد • تەڵقینەکەی کرد بە خوتبەیەکی تێکەڵ لە تەڵقینی تەقلیدیو لە باسی ئاینو کوردایەتیو کۆمەڵایەتی ، بە کوردی • لە وەڵامی سەرسامانێدا دەیووت : تەڵقین بۆ زیندووانی دەوری گۆڕەکەشە • لەبەر ئەوە دەبێ ئەو کەسانەی هاتبنە سەر گۆڕی ئەمین زەکی بەم جۆرە تەڵقین بدرێن •

٢٠- ئەم بەرهەمەی جارێکیتر لە مەهاباد لەلایەن سەییدیانەوە چاپکراوەتەوە • سەیر ئەوەیە سەییدیان پرسێکی بە ئێمە نەکردووە هەرچەند کەسیش قانزاجی لەو نەویستووە • لەوەش سەیرتر ئەوەیە ئێمە هێشتا زرتو زیندوو ، کەچی ئەو نووسیویەتی : لە چاپدانەوەی بە دەست سەییدیانە •

٢١- ڕەنگە هەڵبژاردەی ئەم بەرهەمە ، لە ڕووی ئەدەبیاتەوە بچێتە ناو بەرهەمی داستانەوە • شاعیر ئەمەی لە سەرەتای لاوێتیدا هۆنیوەتەوە• خوێن‌گەرمیی موسوڵمانیتیو حەز بەوە کردن ، کە هەموو سەرچاوەکانی ئاین ببنە کوردی وای لێکردووە خۆی بەم کارە فراوانەوە خەریك بکات ، بە ئومێدی ئەوەی لە شەوانی ڕەمەزاندا ئەم باسی شەڕی ئیسلامە جێی خوێندنەوەی ئەوسای « شانامە »ی ناو چایخانەکان بگرێتەوە •

٢٢- لە ڕاستیدا سەفوەت زیاد لە یەك چەشنە تەفسیری قورئانی هەیە •

لە سەرەتای مەلایەتییدا (جزمی عەممە)و (سوورەتی بەقەرە)و (ئالی عیمران)و (مائیدە)ی تەفسیر کردووە • لە ساڵانی دوایی ژیانیدا هەر بەسەر دوا چاپی قورئانی دائیرەی ئەوقافەوە ، زوربەی قورئانی پیرۆزی بەکورتی ، بە زمانی کوردی تەفسیر کردوە •

٢٣- لە لاپەڕەی یەکەمی دووا نووسینەوەی ئەم بەرهەمەدا یاد پیرۆز شێخ نووریی شێخ بابە عەلیی تەکیە بە خەتی خۆی ئەم چەند دێڕە شیعرەی نووسیوەو مۆری کردووە ••

خزمەتێکی چاکە سەفوەت کردت بۆ دنیاو و دین
غیرەتت کێشاوە بۆ ئەم گولشەنە ئەی ئافەرین
لەفزی خۆشە ، مەعنەیی پڕ نوکتەیە سەر تا بە پا
ئێمە کوردین لازمە بەم پێشکەشە مەمنوون ببین

(نووری) زۆر خۆش حاڵە بەم هۆنینەوەی ئەشعاری تۆ
زۆر لە لامان باشە بۆیە حازری تەقریز ئەبین

٢٤ـ ئەم تێبینی‌یە بە ووتن ، لە کاتی ئامادە کردنی دیوانەکەدا دەربڕرا ، ئەمانەت ئەوەیە کە بدرێتە پاڵ خاوەنی •

٢٥ـ شاعیر لە منداڵی‌یەوە پێوەندیی لەگەڵ جیهانی شیعرو شاعیراندا بووە • لە سەرەتای وەرگێڕانی گولستاندا هەندێ لەو یادگارەی گێڕاوەتەوە • لە ڕووی زمانەوە دەیگێڕایەوە دەیووت :

سالی ١٩٢٠ کە ڕۆژنامەی « پێشکەوتن » ، بڕیاری موسابەقەیەکی دابوو بۆ شیعرو نووسینی کوردیی پەتی‌و مەرجیش ئەوە بوو بەرهەمەکە ووشەی بێگانەی تێدا نەبێ • من لە سەرەتادا بووم ، بەڵام تینم دایە خۆم‌و شتێکم نووسی • لە ئەنجامدا بەرهەمەکەم لەبەرئەوە درایە دوواوە ، چونکە ووشەی « عەرد یا ئەرد »م بەکارهێنابوو • کە لیژنە بردیانەوە سەر ووشەی « أرض »ی عەرەبی •

بەداخەوە ئەو بەرهەمەی شاعیرمان نەدۆزی‌یەوە •

٢٦ـ ئەم تێبینی‌یانە لە ووتنەوە خرانە سەر کاغەز •

٢٧ـ بڕوانە : (د • عیزەدین مستەفا ڕەسوول • کاکەی فەللاح • « پێشەکی » ، بەغدا ، ١٩٨٠ • ل ٦٣) •

٢٨ـ لێرەدا مەبەسم شیعرەکانی خۆیەتی‌و لە وەرگێڕانەکانی نادوێم •

٢٩- زۆر ئاسایی‌یە کە شاعیر لێرەدا باوکی بباتە ڕیزی ئەو شاعیرانە ، چونکە لە باوەشی ئەودا گوێچکەی بە ئەدەبیاتناسین ئاشنا بووە .

٣٠- ڕەنگە لە ژمارەکانی (ژین)و (ژیان)دا شیعری بڵاوکراوەی هەبێت ، بەڵام بە داخەوە نەمانتوانی هەموو ئەو ژمارانە بگەڕێین .

٣١- لێرەدا دەبێ سوپاسی بێ پایانی دۆستی دڵسۆزمان شـــێخ ڕەووفی شێخ سەعیدی تەکیە بکەم ، کە وەفادارانەو دڵســـــۆزانە زوربەی کتێبەکانی لە فەوتانو دەست بەسەرداگرتن پاراست .

محمد علی خدر

هۆنراوەکان

- ١ -

خەیاڵی عەشقی هێند گەرمە لە سەرما
لە زستانا نییە باکم لە سەرما
لە هاوینا ئەوەند ساردە هەناسەم
ئەبەد ناکەم شوعووری تینی گەرما
ئەگەرچی گەرمە باسی ئەو ڕەقیبە
لە کەین و بەینی ڕازا بێ خەبەر ما
ڕووەو جەننەت ئەڕۆن وا تیپی ڕەندان
شوکور زاهید لە ناو بیری سەقەر ما
ئەوی پەیمانی دامێ و جێی نەهانی
لە ڕاستم چاوی هەڵنایە لە شەرما
چ زەوقی دیوە سۆفیی بزنە ڕیشە
کەوا هەروا لە ڕیزی بزن و مەڕ ما
سەرم سەرسامە زاهید چەندە گێژە
لە ڕەنگ و دەنگی تۆ چۆن کوێر و کەڕ ما
بڵێن بەو زاڵمە خوێن خوارە سەهوە
ئەگەر وا تێ ئەگا خوێنم هەدەر ما
سبەی وەک سەگ پەت ئەکرێ و دێتە مەیدان
تەماشا چەندە پەست و قوڕبەسەر ما
تەماشای نیکتەبازیی عەشقی من کەن
مەڵێن (سەفوەت) لە عەشقا بێ هونەر ما

- ٢ -

مەدحو پاڕانەوە[1]

گەداوو ڕەندو قەلەندەر لە کۆیی شەیخەینا
بە کوێری هاتووم ئاسانە گەر ببم بینا
دڵم نەخۆشە کە ئێوەن تەبیبی حازیقی دڵ
نیازمەندی ئێوە هەزاران ئەبووعەلی سینا
چمە لە عیسایی مەریەم ، هەمە کە عیسایی کورد
غولامی مووسایی کوردم ، بە مووسایی سینا[2]
بە نیو نیگاهی گۆشەی چاوی غەوسەکەی ئەعزەم
بە سینن[3]و سالی منالی مەحەبەتم هێنا
لە شاخو داخی سرۆچك بە ناوی بەرزنجە
بە ناوی کەعبەیی کورد کێ بینایەکی دانا
دو شاهبازی سیادەت دو بەندی جەرگی برد
دو قوتبو پیری تەریقەت دو عارفو دانا

(1) ئەم پارچەیە بۆ شێخ عیساو شێخ مووسای بەرزنجە نووسراوە ، بەڵام وا دیارە تەواو نەبووە . (ع . م)
(2) ئەم (عیسا)و (مووسا)یانە ئەبێ بە (عیسە)و (مووسە) بخوێنرێنەوە لەگەڵ بەکورتی ددان پێدانانی (ی)یەکەی دوایاندا .
(3) سین ، سن ، سال . (ع . م)

موعەمما
بە ناوی
« مەحموود » [بێخود]

ـ ٣ ـ

موو لەسەر ئەووەڵی دیدە وەکو تیری ئەسحاب
ڕۆحی مەحرووم ئەکوژێ ، جێگەیی ئەگرێ بە شیتاب(١)
ناوی ئەو زاتەیە پێویستە تەشریف بێنێ
با نە مەحرووم بێ لە ئەحباب و نە مەئیووس لە کەباب
من و کاکە حەسەنین(٢) واینە لە مەیدانی مەساف
بە فەساحەت بە بەلاغەت وەرە تۆو فەسڵی خیتاب(٣)

(١) شیتاب ، بەپەلە ، بەخێرایی .
(٢) مەلا حەسەنی عەلاف .
(٣) فصل الخطاب . (ع . م)

شـاهیدی عەشـقیم هەیە دێوانەیی‌و سەحرا نەوەرد
جێ نەما تیا بسـرەوم شارو دێهات‌و ، چۆڵ‌و هەرد
هێندە گریام بۆ بینایم نابینا بوو چاوەکەم
سا کەرەم فەرموو لەبەر پێت بۆ بینایم تۆزو گەرد
من سەرم دانا لە ڕێبازا کە تۆ پێی لێ بنێیت
کەوتە ژێر پێی ئەو ڕەقیبە ، ئەی سەری خۆم دا لە بەرد
هەڵئەلەرزم بەم چلەی هاوینە من لەم ژوورەدا
زەمهەریرێکە ئەوەندەم هەڵکێشاوە ئاهی سەرد
هێندە تیری گرتە دڵ خاڵ‌خاڵە مەیلی یاری‌یە
دڵ ئەکاتە مۆرە ، سینەم چاك ئەکا بۆ تەختی نەرد(١)
پێم ئەڵێ بەسیەتی لافی عاشقی ، کوا شاهیدت
نیمە شاهید غەیری لێوی ووشك‌و غەیرەز ڕوویی زەرد
چیم لە تەڕپۆشی‌و لە خۆ بادان‌و کیبرو دەعیەیە
بێ نەوایی‌و ڕوتبەیی حیشمەت لە لای ئینسانی مەرد
دڵ بە میحنەت شادمانە (سەفوەتا) بیستوومە من
خۆشەویست‌و هەمنشینی ئاستانە ئەهلی دەرد

(١) نەرد ، یاریی تاوڵە .

جیهـان بێ‌کـام‌و بەدنـام‌و زەلیـل‌و بێ دەلیـل‌و زار
جەفاکێش‌و جـگەرڕێش‌و حـەزین‌و عـاجــزو بیمار
منم ســەحرا نـەوەردو کۆە گـەردو غەرقی بەحری غەم
منم بێ‌بـاڵ‌و عەوداڵ‌و قەلـەندەرواری شـارەو شـار
فەلەك فووت‌کرد لـە شەمعم ، بۆچی تێکت‌دایـەوە جەمعم
پەرێشان حاڵ[١] لە هیجری گوڵ تەماشا چەرخی بەد ڕەفتار
وەتـەن باخێکی پڕ گوڵ تۆ ، غەزەل‌خوان چەشنی بلبل من
هوزار ئاسا خۆش ئەلحانم بـە مینقاری قەلـەم ئەشعار
وەها کەوتوومە بەر گێژی دەسی چەرخی فەلەك ئەمڕۆ[٢]
نی‌یە ئیسراحەتم ئانێ گەهێ دەشــت‌و گەهێ کۆســار
فـەلـەك چیت دی لە من ئـاخر وەها تەفرو تونـات کردم
بلێ بۆچی منت کردە ســوپەر بۆ تەعنەیی ئەغیــار
ســەبا هەستە بـە ئاهیستـە بڕۆ تاکو ســولەیمانی
ببـە[٣] شـەرحی دلی ســەودا زەدەم بۆ خزمەتی دلدار
(فقل ما شــفت من حالي و ما جاء على بالي)
نـەمـا یـارایی گوفتـارم ئـەتۆ حـالم بکە ئیزهـار
مولەققەب‌بووم بە (سەبری) هێندە سەبرم گرتەبەر سەبری[٤]
دەڵێن بەحرێکی بێ پایانـە غوربەت لێم نەدی ئەقتار[٥]

(١) نوسخە (دل) . (٢) ئەمرۆ . ن . جانا .
(٣) ببە : ن : بەرە .
(٤) ئەم نیو دێرە لە نوسخەیەکدا بەم‌جۆرە نووســراوە : بە جۆگەم زانی تێکەوتم کەچی (سەفوەت) ئەمێستاکە .
(٥) ئەقتار : کۆی قەترەیە ـ واتە : تنۆك .

تێبینی : دیارە ئەم پارچەیە زۆر کۆنەو بەرهەمی سەرەتای شاعیری‌یەتی کە هێشـتا هەر (سەبری)ی نووســیووەو دوایی لەگـەل (سەفوەت) نووسیندا ئەو نیو دێرەشی گۆڕیوە .

— ٦ —

(یـا الهی خالق النفس و یـا بـاري البشـــــــــر)
نـۆ ڕەواقی چەشـــنی ئەم قەسرە لە تۆوە یەك ئەســـەر
تۆ کـــە ئەکبـــەر خـالقیتو ئەحقـەری عـالـەم منم
چی لـــە مەدحی تـۆ بلێ ئـاخـر منێکی قوڕبەســـەر
نوقمی دەریـــایی گونـاهـم ، پـەل ئەهـاوێژم هـەتـا
بێتـە دەســـتم دەسـتگیرێ وام لـە خنـکانو خەتـەر
گـەر لـە ڕۆژی ئاخیرەت لوتفت نەبێ خۆزگەم بە سەگ
ســـەگ ئەبێتە خاكو نابینێ عەزابو چەرمەســــەر[1]
چیت پەرستش کـەم کـە چەند سالێکە ئالوودەی گوناه
ئەی بە لەك[2] بـۆ تـۆ مەلەك گەردن کەچو بەستە کەمەر
ڕووم نی‌یە هاواری (ئەحمەد) کەم وە یا ئەسحابی ئـەو
چاری (سەفوەت) هیچ نەما (لا تقنطوا)[3]ی وا کردەبەر
دێ لـــە دەرگانەت ئەوەستێ ڕوو ڕەشێکی چەشـنی من
گـەورەیی لایق بـە تۆیـە چەشنی سـەگ نایکەیتە دەر

★ ★ ★

(1) ن . (بەس نی‌یە بۆ خۆی ئەبێتە خاكو نایدەن چەرمەسەر) .
(2) بە لەك ، لەك ـ سەد هەزار ، واتە بە سەد هەزاران (ع) .
(3) ئیشارەتە بۆ ئایەتی « قل یا عبادي الذین اسرفوا علی انفسهم لا تقنطوا من رحمة الله ، ان الله یغفر الذنوب جمیعا ، انه هو الغفور الرحیم » . (الزمر ـ ٥٣) .

٧ بۆ ماسی ...(١)

ماسی‌یە بچکۆلـەی سـپی‌و زەردو سـوور
ئەدرەوشـێتەوە بـە چەشـنی بلوور
ئـەی بەرگـەردنی سـپیت وەك کافوور
وا بەسـزمانیت یا بوویی مـەغروور
سـەرکەشی جوانیت لـە خۆت ناوە موور

تـۆ موئنیسـی من ، من موئنیسـی تـۆم
ڕازی دڵ دادە منیش ڕازی خـۆم
من لـە سـەرنویشت کرایە تەوقی بـۆم
دووری نیشـتمان خرایە ئەسـتۆم
مەمرەو مـەژی بم لـە نیشـتمان دوور

(١) کە شاعیر لە لوبنان نەخۆش بوو ، دوو ماسیی سـووری بچکۆلەی کڕیبوو ، بۆ هاودەمیی خۆی لە ژوور سـەری خۆیەوە ، لـە ژووری نەخۆشخانەکەیدا دایناوبوو . ئەم شیعرانەی بۆ ئەو ماسی‌یانە نووسیبوو و هەر لەوێوە ناردبوی بۆ گۆڤاری گەلاوێژو لە ژمارە ١٠ی ساڵی ٤ دا ، ١٩٤٣ بڵاوکرایەوە .

شاعیر کـە هاتەوە ، بەو ڕێگە درێژەی ئـەو کاتەدا ، کە دەبوو چەندین ئۆتۆمبیل‌و شەمەندەفەر بگۆڕیت‌و چەند شەو و چەند ڕۆژ بـە ڕێگەوە بێت ، ماسی‌یەکانی لە شەربەیەکدا گەیاندەوە سـلێمانی . ئێستاش لەبیرمە کـە خرانەوە سوراحی‌یەوەو خەڵك لایان سـەیر بوو ، چونکە ئەو چەشنە ماسی‌یە نەگەیشتبوونە لای ئێمە . لەو کەسـانەی بۆ بە خێر هاتنەوەی شاعیر هاتبوون ، (بێکەس)و بەختیار زێوەر بوون ، پێکەوە هاتن ، بێکەس هەر لە تەنیشت ماسی‌یەکانەوە ، ڕاکشاو هەندێ دێری شیعرەکانی (سـەفوەت)ی دەخوێندەوەو دەیووت :
- ئافەرم .. ئافەرم ... دەهێنن . جارێك بیری ئـەم شیعرانەم بـۆ جەواهیریی مەزن باس کرد ، دەیووت ، زۆر تازەیە ، نوێکەری‌یە .

ئەی تۆ ماسی یەکەم چۆن وا ڕەنگینی
بەکام ئاو ئەژیت وەها نەخشینی
دەست لە گەردنی کام نازەنینی
دڵشادی ڕوویی کام ماه جەبینی
ئەڵێی نەتدیوە دووریی شارەزوور

پاسوخی ماسیی بەستە زمانم
ووتی ئەی (سەفوەت) موونیسی گیانم
بە ڕۆژو بە شەو هاوڕێی ژیانم
منیش وەکو تۆ دیلی لوبنانم
من لە شووشەدا تۆ خزاویە ژوور

تۆ وا مەزانە ئاڵی بەرگمە
نە بە خوا هەمووی خوێنی جەرگمە
فوارەی هەڵداوە لەو خەدەنگمە
دەری دایە دەر نزیک مەرگمە
لە دڵما نی یە زەڕەیەك سروور

عالەم لە حاڵم سەری سووڕماوە
من بە قەد تۆزێ ئەو دەلیا ئاوە
لێیئەخۆمەوە لە هەموو لاوە
بۆچی تینوێتیم هێشتا هەر ماوە
کام ئاگر سینەی کردم بە تەنوور

چ ووشکاێکە وا نابێ پاراو
چ تینوێتی یەکە وا نابێ تێراو
لە سینەی منا بە دەلیایە ئاو
چ گڕپەیەکە وا گرتوویە تاو
کەژ ئەتوێتەوە دەسا یا سەبوور

کام ئاگر جەرگی وەها برژانم
چ مەنجەنیقێ هەڵی قرچانم
چ گڕپەو گڕێ دڵی سووتانم
وەك قەقنەس دایم سینە بوریانم
دڵم وەك دڵت بوو بە کۆیی نوور

لە نیشتمانیش لەو ناو دەلیایە
کە وێنەی نی‌یە لەم سەر دنیایە
ئەهاتم ، ئەچووم ، بۆ هەموو لایە
ئەیانووت خۆشی وا لە دلیایە
ئەدرەوشێتەوە وەکو شوعلەی نوور

لەوێش بە داخی نیشتمانەوە
جەرگ‌و دڵ وەها ئەسووتانەوە
کە ئەو دەلیایە نەیکوژانەوە
ئەو بەحرە ئاوە داینەمرانەوە
گلاراوم بوو سەرو خوارو ژوور

ئادەمزاد ئەهات خۆی تیا ئەکرد قووت
تیا ئەچنی‌یەوە لوئلوءو یاقووت
دوڕو مرواری‌و ئەڵماس‌و زمڕووت
منیش کەساس‌و خوارو ڕووت‌و قووت
وەکو ژێ کەوان ئەبووم گرژو کووڕ

من وا بە خواری وا بە کەساسی
ئەسووڕامەوە بە بێ کراسی
زەمین نشینان خوایان نەناسی
وەختێ ئەهاتن بۆ ڕاوە ماسی
پاپۆڕ پڕ ئەکرا ئەیانکرد عوبوور

دەنگ مەکە دنیا مەندۆق مەندۆقە(٢)
سەر زەوی حەشرە پڕ تەقو تۆقە
بە تانکو فڕۆک دراوە ئابلۆقە
بە دەم گوللەی تۆپ گەدا یا دۆقە
نایمێنێ تۆزێ بۆ خۆراکی موور

تێر کەی لە برسی بووە ئاگادار
سا بەلکە تۆزێ ببینن ئازار
بزانن چییە کەساسیی هەژار
منو تۆ بکەن لە دیلی ڕزگار
خوا پەنای هەژار سەرکەوێ بۆ ژوور

(٢) من دقّ دقّ .. کورد بۆ گاڵتە دەیکەن بە (مەندۆق مەندۆقە) .

٨

یادێ(١)

هەناسە هەڵسە لە لوبنانەوە بڕۆ دەم‌و دەس
هەتاکو شاری سولەیمانی لامەدە لای کەس

بچۆرە خزمەتی دوو قۆڵە میرەکانی برام
بچۆرە لای گوڵی ڕەنگینی کۆرپەیی نەورەس

بەڵا لە دوورەوە ڕاوەستە کەس مەسووتێنە
بە گڕپەوو گڕەکەت با دڵم بسووتێ‌و بەس

بڵێ لەباتی من ئەو دەس بدا بە تاسەیی دڵ
دەسی ئەکاتە مل‌و ماچ ئەکا دەم‌و دەس

لە حاڵەتم گەر ئەپرسن بە ڕاستی دیلم
لە ژووری دێرێ بە ناوی مەسەح نزیک بەحنەس

وەرە دە بەم ڕەمەزانە لە جێی تیلاوەت‌و بانگ
لە گوێت بێ قۆڕەیی ناقووس‌و زیڕو هووڕی جەرەس !

لە جێی فریشتەیی یەزدانی ڕاهیبانی دێر
کلاوی لەقلەقی‌یان وا لەسەر ئەڕۆن بە هەوەس

ئەمانە گەر بە هەزاران‌و گەر بە ملیۆنن
خۆیان بە ناوی مەسیح دائەنێن بە قەولی قەس

بە کۆڵێ عیلمەوە کەوتوومە ژێر دەستی ماسێرێ(٢)
کە ناکەسە لە کن ئەو کەس ، وەکوو کەسە ناکەس

بە ناوی دەرزیی هەوایی پەراسو و سینەم گشت
بە جۆرێ کونکونە وێنەی نی‌یە بە غەیری قەفەس

برا ئەمانە بە هەر سوورەت هەر چلۆنێ بوو

(١) ئەم پارچەیەش کاتی نەخۆشیی لوبنانی ووتراوە . دیارە پاش ئەوەی عەمەلیات کراوە .

(٢) ماسێر ـ خوشك ، یا خوشکە ، بە سستەر دەووترێت .

تەبیبە دڵ ڕەقەکەم وەك چیایە هاتە هەرەس
بە ناوی قەتعی عەسەب[٣] نیوە بەسەڵی کردم
کە سەر بڕام و نەما هۆشم و قەتع بوو نەفەس
وەکوو خەیاڵێ ئەجووڵێمەوە ئەگێڕم چاو
لە شەش جیهەت کە ببینم یەکێ لە دۆست و کەس
بدا بە سینەوو سەردا کەوا بە ناکامی
جەنازەکەم ئەبەنە. مەقبەرەی (سیمۆن)ی تەرەس[٤]
لە باتیی شێخ و مەلا ڕاهیبە بکا نوێژم
وەرە لە جوابی نەکیرا زوبان نەبێ ئەخرەس
لە دوای مەلایەتیی چەند ساڵە مردنت وا بێ
بیە بە هاوڕێیی گورگ و چەقەڵ سەگ و کەرگەس
بەڵا شەماڵی خەیاڵی ویساڵی ئێوە کە هات
حەیاتی کردەوە بەر وەك مەسیحی دادڕەس
نەمردم ئەم سەفەرەش چەرخی کۆنی دانە سواو
لە چارەیی ڕەشی (سەفوەت) گەلێکی کەی پێ هەس

(٣) قەتعی عەسەب ، دەمار بڕین ، جۆرە عەمەلیاتێکە ئەوسا بۆ نەخۆشی کە سیلی بێ دەکرا ، ئەو دەمارەی ملی کە بە (تاوپەردە ـ حیجابی حاجز)ەوە یە لێی دەبڕرا .

(٤) لە نووسینەوەیەکی قەسیدەکەدا ئەم دێڕەش هەبوو :
ئەوەندە لانە زەبوونم کە خۆشی خۆشیمە
بە پێکەنینێ لە حاجی حەنیفەیی چەرکەس
(حاجی حەنیفە ، پیرەمێردێکی موسوڵمانی چەرکەس بووە لەو نەخۆشخانەیەدا لەگەڵ شاعیردا بووە) .

خۆزگــه بـۆ زاتێ دڵێـکی بێ لـەگـەڵ خـالیق خـەریـك
بێ هـیـوا بـەم کـائینــــاتو عـالـەمـه دوورو تـەریـك
خۆزگـه بـۆ زاتێ بـه تەنیایی لـه ژێـر ئـەم گـوومـەزە
ژیـن بەرێتـه ســـەر نەبێ تێکەڵ بـه کـەس دوورو نـزیـك
خۆزگــه بـۆ زاتێ حـەلیم بێ وا کـــه نـەڕوانێتـه دوا
گــەر بـه ســەریا دەن به بەرد و دار و پـاچ و بێڵ و پیك
خۆزگــه بـۆ زاتێ لـــه تـەئریخـا نـەزانێ چی بـووە
کێیه بســـمارکو ئەلکســـەندەر وه یاخۆ فەردریـك
خۆزگه بـۆ زاتێ وەحش بێتو لـــه دنیــا بێخـەبـەر
تێنەگـا مـابـەینی ئـەمـریـکاوو ڕووسو تـورکو چیـك
خۆزگــه بـۆ زاتێ نـەزانێ هیـچ لــه هیـچ ئیشـێ نەگـا
پێ نـەزانێ ســیاسـەتی بۆرەجوازیو بۆلشــــــەویك
خۆزگــه بـۆ زاتێ ئـەوەنـده بێ هـیـوا بێو بێ ئـەمـەڵ
جرتو فرتی (جەبر)[1]و (نووری)[2] نەیخەنه سەر فاكو فیك
خۆزگــه بـۆ زاتێ کـــه ئـازادە لــه جەمعی ماســیوا[3]
وەك وەحش تەنیـا ئـەژی بێ یـارو بێهـاوڕێو شــەریك
خۆزگــه بـۆ زاتێ لـەبـەریا خەرقـەیێکی کـۆن و شـڕ
پێکەوه نـەلـکێ مەگـەر بیداتـه بـەر دوورمـانو تیـك[4]
خۆزگــه بـۆ زاتێ وەکوو حـەیـوان بـه پووشی دەشت ئەژی
پێنـەزانێ تـامی گۆشـــــتی بـەرخو ماسیو پۆڕو دیـك
خۆزگه بـۆ زاتێ لـه کونجێ دائەنیشــــێ ڕوو لــه حــەق
جـار بـه جـارێ بـانـگ ئـەکـا (إرحمني يا خير المليك)

(١) ســالح جەبر .
(٢) نووری سەعید : لێرەدا ئیشارەته بۆ ئەو کێشەیەی نێوان دوو حیزبە دروستکراوەکەی ئەم دوو نۆکەره گەورەیەی ئیمپریالیزم له ســالی ١٩٥٠ به دوواوه که هەندێ کەسی خەریك کردبوو .
(٣) ماسیوا ، واته (غەیری خووا) ، هەموو وجوود . (٤) تیك : تەنەڵ

بۆ حەپسەخان[1]

١٠

زۆر دەمێکە دوژمنە ئەم چەرخە بۆ ئەهلی کەمال
تایبەتی هەر کەس لە کوردا هەڵکەوێ ئەینێتە چاڵ
خورژمی بارانی ئەم زستانە خۆڕایی نەبوو
من زوو ئەمزانی ئەقەومێ بێ ئەوەی پرسم هەواڵ
جۆشی باران بوو وە یا گریەی فریشتەی ئاسمان
هەور بوو ئەیگرمان ، فەلەك[2] بوو یا ئەگریا ناڵەناڵ
ئەم بەهارە وەك نەهارە ڕووی زەمین ڕەش بێ کەوا
بەرگی سەوزی کردە بەر وا پڕ گلووکەو پڕ هەلاڵ
من سەهووم ، سەوزیی زەمین شێوەی سیادەت دەرئەخا
عەکسی ڕووی ڕۆڵەی رەسوولە ڕووی زەمینی پێ بوو ئاڵ
هەقیە گەر شاری سلێمانی خرۆشاوە هەتا
ئەم سەری ئەم شارەو ئەو سەر تا گەیشتە چەمچەماڵ
با هەتیوان ، بێنەوایان ، بێن بکەن شینو شەپۆڕ
قوڕ بپێون چاکە کبەمدەستانی بێئیشو بەتاڵ
با یەکێ ڕاکا هەتا مزگەوتی گەورە بانگ بکات
کوێرەکانی ، خاك بەسەردا کەن ، لێیان شێو وە حاڵ
خۆ زوبان ناهێنێ بیڵێم چی کە قەومە اوە لێمان
مێشك ئەلەرزێنێ کە کاتێ لێی ئەکەم ڕو خەیاڵ

(١) حەپسە خانی نەقیب .
(٢) فەلەك : ن ـ مەلەك .

سـەیری کە پانیو درێژیی ئـەم زەمینە سەر بەسـەر

کۆستی وا هیچ قەومێ نەیدیوە لـە هیچ تەئریخو سـاڵ

گـەر ئەڵێم پێتـان وەفـاتی حەپسـەخان ئالی نـەقیب

زۆر ئـەترسـم وەرگەڕێ دەم یـا زوبـانم پێی بێ لاڵ

ئەهلی ئەم شـارە هەموویان حەپسەخان ئەولادی تـۆن

تـۆ نەڵێی دەرچووم‌و نەمبـوو من لـە دنیادا منـاڵ

بـۆ وەفـاتی حەپسـەخان ئاسـن بێ دڵ ئەتوێتەوە

چۆن نـەبـرژێ ، چۆن نەقرچێ ، دڵ نەبێتە کۆی زوخاڵ

« حۆری‌یی قەسری بەهەشتی‌یە » بووە تەئریخی(۳) ئـەو

١ ٣ ٧ ١

بـۆ قیـامـەت بوو بـە خانی حۆری‌یانی چـاو کـەژاڵ

.

(۳) شاعیر لەسەر ئەم نیوە بەیتەی نووسیوە ١٣٧٢ واتە حەپسەخان لەو ساڵەی کۆچیدا فەوتی‌کردووە . هەرچۆنمان لێکدایەوە هەر ئەوە گونجا کە بە ڕێنووسی کۆن بنووسین : « حوریی قەصری بەهشتیە » کـە ئەوەش ئەکاتە ١٣٧١ ، بەڵام لە نوسخەیەکی‌تردا نووسـراوە : « عەقلی ئەڵێ [جا باغی فیردەوسە] کـە تەئریخی وەفات » . بەپێی ئەم نیوەبەیتە رستەی (جا باغی فیردەوسە) ئەگەر بە ڕێنووسی کـۆن بەم‌جۆرە بنووسرێ « جا باغی فردوسە » ، ئەکاتە ١٣٧٢ .

ـ ١١ ـ

لـەگـەڵ ئـەو بەڵمە ڕیشـــە دەس مەکە مـل
کـــە حۆریو گـا چلۆن ئەکرێن بـە هاومل
لـەگـەڵ ئـەو گورگنـە دان بـەردە پیسـە
مـەبـە تۆ هەمنشـسینی ئەی شـــلو مل
بـە چـاوی خـــۆم پـەری لای دێو ئەبینم
چلۆن تـاریـك نـەبێ چــاو و نـەکـا گـل
بـە یـادی تۆوە شـــــەو خۆ نیمە ئۆقرە
ئـەکـەم ئـەم دیو و ئـەو دیو و تـەپو تـل
سـوپایی جوو و فەرەنگ ، ئینگلیزی ماتـەم
هوجوومیـان بردە ســـــەر سیناکەیی دل[١]
مەیـانرێـژە دوو چـاوی خـــۆت کـــەژاڵن
لـەلام حـەیفـە بگـاتـە چـاوی تـۆ کـل
بە شەو ، بۆیێ لـە شـەوبۆی زولفی تۆ کەم
ئیتر چیمە لـــە ڕێحـانـەو لـە سـوونبول
دوو چـاوی ڕەش کەژاڵی دوو ســـتارەت
گـەلێ حەیفە کـە تێکەڵیان ئـەکـەی گـل[٢]
نی‌یـە چـــاری دڵی مـەجنـوونی لـەیلا
بـە خـۆڕایی خـەریـکە ئینـو نـەوفـل

(١) دیارە ئەم شیعرانە پاش سالی ١٩٥٦ نووسراوە ، لێرەدا تەشبیهی خەم کراوە بە هێرشە سێ قوولی‌یەکەی سەر گەلی میسر ، کە ئەویش کراوە بـە دل .

(٢) گل ، بە مانا خۆلو بە مانا (کل) یا (کحل)یش دێت .

١٢

قوربـانـی چاوی پڕ لە غەمـزەو زوڵـفـی سیـاهـت بم
حەیـرانـی لێـوی پڕ لە خەنـدەو تەرفـی کولاهـت بم
بۆ حاڵـی دڵ نەزەر کە تۆ لە زوڵـفـە پەشـێـوەکـەت
بۆ زامـی جەرگ سینـە فیدایـی نیم نیـگـاهـت بم

١٣

چیت ئەوێ لەم خەڵکە چی داوا ئەکەی
عالـەمێ یەکسـەر وەها گومڕا ئەکەی
عـەبـدە مەیلت بێ ، ئەبێتـە ئـەولیا
سـەد هەزاران کوێرو نا بینا ئەکەی
سەر لەسەر ئەژنۆ ئەنێن بێ شێوی شەو
سـەد هەزاران‌و یەکێ پاشـا ئەکەی
خۆت لـە قـالـبـدا وەهات دارِشتووە
سـەفوەتی بێچارە بۆ ڕیسوا ئەکـەی

حالی مەلا ...(١)

١٤

سەبا لە موخلیسەوە وەرگرە ، بگەرە جێ پەیام
بچۆرە خزمەتی گەورەم مودیری عالی مەقام
بە سەد خشووعو ئەدەب عەرزی کە لە باتی فەقیر
دوعایی حورمەتو ئیقبالو حەشمەتی بە دەوام
لە پاش ئەمانە حیکایاتی بۆ بکە بێ غەش
تەلاشە ، وەقتی مەعاشە ، نزیکە قەسدو مەرام
خەریکی دەوروخولن ، سوورێ ئەخۆن وەکو بەرداش
یەکێ بە ناوی مەشیخەت ، یەکێ ئەبێتە ئیمام
یەکێ موعینی ئەوێ بۆ ئیعانەیی شەخسی
بە لافی حاتەمی پارەی ئەوێ لە بۆ ئیتعام
یەکێ بە مێزەری گەورە ، یەکێ بە سەوزی زل
یەکێ بە ڕیشی درێژو بە چەرخی نوتقو کەلام
بە عەرزوحالو مەزابیت بە زەبتو بێ زەبتی(٢)
بە سەد ڕجاو و تەشەبیوس(٣) ، بە خزمو خاسو بە عام
بەلا فەقیری دوعاگۆ بە بێ ئەمانە هەموو
نییە وەسیلەوو مەئوامو نیمە پشتو پەنام
ئومێد ئەکەم کە لە خاتر بەدەر نەکەن سەفوەت
بلێ بە لوتفی سەعادەتمەئابی تۆ بە هیوام

(١) حالی مەلای کورد بە دەست بێ دەرامەتیو بێ مەعاشیەوە زۆر ناخۆش بوو و کەرەسەی زۆر حیکایەت بوو . ئەم پارچەیە بەشێک لەو مێژووە دەگێڕێتەوە ، بە خەتو چەشنی کاغەزەکەدا دیارە کە لە سەرەتای سالانی سیدا نووسراوە .

(٢) مضابط : جەمعی مەزبەتە . ضبط : ضبطی .

(٣) تشبث : هەوڵو تەقەلا .

دولبەرا تاکەی بنالم دەم بە دەم هەر سوبح و شام
بۆچی ناپرسی لە حالم خۆشەویستی خۆش کەلام
خۆشەویستی خۆش کەلامی شافیعی ڕۆژی جەزامی
هەمنشینی لای خودامی ، تو خودا مەیلێ بە لام
تو خودا تۆ واوە مەیلێ ، بوو بە مەجنوون ، شێتی لەیلێ
گێژو عەودالی دوجەیلێ ، بۆ بە خۆ نایەیتە لام
گەر بە خۆ تۆم بێتە لایە ، ئەبمە سولتان وەك هومایە
ئەبمە نوور ، عەینی چرایە ، سەیریکە چەند بێ چرام
بێ چرا عەینی زەلامم[٢] ، بگرە دەستم ، ئەی مەرامم
بێکەسم ، یاری خەرامم ، تۆ لە جێی باب و برام
تۆ لە جێی ئیخوان و بابم ، زیاتری ، بە خوا فیداتم
سینە قەقنەس ، دڵ کەبابم ، مەلجەئی ڕۆژی جەزام
مەلجەئی ڕۆژی جەزایە ، کەس بە کاری ئێمە نایە
غەیری ئەحمەد لەو هەرایە ، ئەی خودا چی بێ سزام
چیم سزابێ ، لەو هەرایە ، ڕۆژی حەشرەو چی جەزایە
ڕووڕەشی وەك من فەنایە ، بێ نمازو بێ سییام[٣]
گەرچی بێ ڕۆژوو و نمازم ، سینە بوریان جان گودازم
خۆ بە ئەحمەد زۆر ئەنازم ، بچمە ناو داروسەلام
(سەفوەتا) جێگەم سەلامە ، شافعێکی وا پەنامە
بۆ نەجاتم لەو مەقامە ، بێ حیساب و بێ کەلام

(١) دێری یەکەمی ئەم پارچەیەو هونەرە شیعری‌یەکەی چۆتەوە سەر پارچەیەکی ئەحمەدی کۆر کە بەم دێرە دەست پێدەکات :

دولبەرا دایم دەنالم دەم‌بەدەم شام و سەحەر
جارێ ناپرسی لە حالم چاو عوقابی خۆش خەبەر

(٢) زەلام : ظلام ، تاریکی .
(٣) صیام : ڕۆژوو .

١٦

ووتم وێڵێ قومێ ئاوم لـه ئاوی زینده‌گـانیی تـۆ
ووتی سـه‌یرێ لـه ژێر تاریکیی گێسووما زه‌نه‌خدانم[١]

ووتم قوربـان ئه‌ڵێن تـۆ خاوه‌نی دوو ڕیـزه مـرواریت
ووتی شـێته‌ ته‌ماشـای کـه‌ بریقه‌ی هه‌ر دوو لادانم

ووتم گیـانـه لـه باغچه‌ی ڕوویی تۆ غونچه (.....)
ووتی ئه‌یزانی سـه‌یریکه ، بـه ووردی لێوی خه‌ندانم

ووتم دولبـه‌ر ، یه‌کێکی تۆ ، دوو شمشێری برۆ بۆچی
ووتی شمشێرێ به‌ش نـاکـا ئه‌وه‌نـده زۆره قـوربـانم

ووتم قوربـانـه وا قوربـان ، به‌شی ئێمه‌ش هه‌یه ئـاخـۆ
ووتی قوربانی ئه‌و قوربانه زۆرن ، تۆش به[٢] قوربـانم

(١) چاڵی چه‌ناگه .
(٢) بـه : ببـه .

پەژموردەو ئالوودەیی غـەم ، دوور لـــە وەتـەن خــۆم
پەرپووت بـەدەن ، ڕووت‌و حـەزین ، غەرقی میحەن خۆم
وەك بـولبـولێ شــــەیدا بێ ئەگرییم‌و ئـەناڵـم
گریـان‌و فوغـان ، زارو زەلیل دوور لـە چەمەن خـۆم
بێ ڕوویی تـۆ ئـەی یـاری وەفـاداری جـەفـاکێش
قەفەس دڵ‌و بوریان جگەر ، ئـاگـر لـە بـەدەن خـۆم
هـاتـە هەیەجان لەشـــکری غـەم ، سـوارەوو پیادە
بۆ کیشوەری دڵ وای بـە بێ خەیلی شـــکەن خـۆم
تـەن خەستەیی خاشـاك‌و دڕو و خـاری مـەلامـەت
مەحرووعی ویســالی گوڵ‌و ڕێحان‌و سـەمەن خـۆم
کـەس حالی بـە حالی منی بێچـــارە نـەبێ قـەت
دوورکـەوتـەیی دێوانـەیی نیگار لــە خوتـەن[1] خـۆم
(سەفوەت) وەرە بگری بڵێ هــەر ئـان ، شەو و ڕۆژ
پەژموردەو ئالوودەیی غـەم ، دوور لـە وەتـەن خــۆم

(١) دەشتی خوتەن ، لە چین .

١٨

پەرچەمی ڕێحانەیی بۆن خۆشی تۆ تا بۆ نەکەم
شەرتە سەد سونبول ، قەرەنفل ، یا خو شەوبۆ بۆ نەکەم
هەر سەری مانگێ کە قەوسی مانگی یەك شەو[1] دەرکەوێ
خۆشی لەو مانگە نەبینم یادی ئەبرۆی تۆ نەکەم
سەر لە ڕێگەی نیشتمان ڕۆیشتنا سەربەرزی‌یە
بۆ سەرێ لەو ڕێیە بڕوا عەهد بێ ڕۆڕۆ نەکەم
خۆت ئەزانی چەند بریندارم ، بەئازارم ، وەلێ
قەولێکەو کردوومە بۆ تۆ ئای‌و ئۆف‌و ئۆ نەکەم
با من‌و تۆ ڕێکەوین چیمە لە عوسبەو موئتەمەر
شەرتە ئیشی تۆ حەوالەی سان فەرانسیسکۆ[2] نەکەم
بەردەسی بێگانەو و بەد ناو و ڕیسوا بم ئەگەر
حەز لە سەربەستی لە بەردەستی ، لە دەستی خۆ نەکەم
تا سولەیسانیم بێ زەڵم‌و تەوێڵەو سەرچنار
ئارەزووی واشەتن‌و یا لەندەن‌و مۆسکۆ نەکەم

(١) ئەم دێڕە بیرەکەی لە شیعرێکی مەولەوی دەچێ .
(٢) سانفرانسیسکۆ ـ ناوی بەندەرێکە لەسەر باسیفیك لە کالیفۆرنیا (ئەمەریکا) . پاش جەنگی دووەمی جیهان کۆنگرەی ئاشتی‌ی تێدا گیرا . ئەمە مێژووی نووسینی ئەم شیعرانەمان بۆ دەردەخات .

١٩

زســــتانه ، گوڵ نەمـاوه ، نیگارا ، لـه نـاو چەمەن
بێبەرگ‌و ڕووت‌و قووتـه سـەروو داری نارەوەن
بولبـول خزاوەتـه کـونو قوژبن بـه شـینەوە
قومری ، ســەیر که ئەگری له هیجرانی یاســەمەن
کۆڵان پـڕی لــه بەفره ، مەپرسه له دەشت‌و کێو
پەردەی ســپی به ڕوویەوە بەلـکو هەموو بەدەن

٢٠

ڕۆژی جەژنی نەسره ، عالەم وا له خۆشی‌و هەڵپەڕین
بـۆ نەجـات‌و ڕستگاریی قەتـل‌و نەهب‌و سەربڕین
ئاسمان بۆ ئێمه هـەوری ماتــەمی هێنـا بـه تـاو
سینەیی قرچاو جەرگ‌و دڵ به ئازارەو برین ...[1]

(١) ئەم دوو دێڕه له پشتی نامەیەکدا نووسرابوو که له ڕۆژی ١٩٤٥/٥/٤دا لەلایەن دۆستێ نزیکی شاعیر ، مەحموود فەهمی‌ی هەمەوەندەوە نێردرا بوو ، نامەکه پێوەندیی بەم دێڕانەوە نی‌یه ، هەر مێژووی نووسینەکە دەردەخا که ڕۆژی سەرکەوتنە بەسەر فاشیزما . هەر پاش ئەم دوو دێڕه سەرەتای نیو دێڕێك هەیـه که نووســـــــراوە « بۆ وەفـاتی عەبدوورەحمان ... » ئیتر دیاره ئەمه سەرەتای قەسیدەیەکی شـــبنه یـا تەواو نەکراوه یـا ڕەشنووسەکەی کەوتۆته شــــــوێنێکی ترەوەو وونبووە .

٢١

نە حەیا ماوە ، نە دین ، نە ئیمان(١)
گشتی بار کرا برا بە تالآن
بۆ لە بیرتان چوو ، کوشتاری لاوان

وەفدی کوردستان ، میللەت فرۆشان
هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان

وەفدی لیواکان گشتی ڕێکخرا
هەر کەس بە پێویست دیاریی بۆ کرا
ئێوەیش لازمن بۆ دەست ئومەرا

دەسکێ لەو گوڵەی باغەکەی سەرا
کەوا بە خوێنی لاوان ئاو درا

(١) لە پارچە کاغەزێکدا بە خەتی شاعیر خۆی تەخمیسی ئەم دوو دێڕەی قەسیدەکەی پیرەمێردم دۆزییەوە ، بۆ ئەوانی تری گەڕام دەستم نەکەوت . ڕەنگە هەر تەواوی نەکردبێ . بەڵام لەبەر ئەوەی شتەکە لە خۆیدا هەڵوێستێک نیشان دەدات ، وا بە تەواو نەکراوی بڵاوم کردەوە . (ع)

٢٢ لوبنانو کوردستان(١)

لـە قەتعـەی ئاسـیا ئیمڕۆکـە بۆ ئیسراحەتی ئینسـان
بەهەشـتی سـەر زەمینە دیمەنی سـەر شاخەکەی لوبنان
لە هەرلا دێـن بـە دڵشادی لـە لوبنانـا ئەکەن سـەیران
لـە بن داری سنەوبەر سەزو و عەرعەر وەختی هاوینـان

بەڵا ناگاتـە تـۆ وەڵڵاهی ئەی کوێستانی کوردسـتان
دەسـا چیبکەین نی‌یە خۆ خزمەتت وەك جێگەوو شۆینان

چیای لوبنان بەڵی بەرزە ، لە هـەر لا سەیر ئەکەی سەوزە
تـەڕو پـاراو و پـڕ ئـاوە ، چ ئـاوێـکە ، وەکو تـەرزە
لـە هـەر پەسـتیو نشێوێدا ، لـە هەر جێیە کەوا بـەرزە
هەموو لا بـاخو باخاتـە ، بینـاو و کۆشکی سـەد تەرزە

بەڵا ناگاتـە تۆ وەڵڵاهی ئەی کویستانی کوردسـتان
لێلاییم دایـە کوانێ خزمەتت وەك جێگەوو شـوێنان

لـە بـەرزی یـا لـە نزمیـدا سـەراسـەر جادە قیرتـاوە
خەتی ئاسـن وەکو ڕشتە ، لەسـەر ئەو شـاخە کێشراوە
هەموو ڕێ ئەمبەرو ئەوبـەر بـە ڕیزە دارە وەسـتاوە
لەسـەر ئـەم ڕێبـوارانە چ نـازك چـەتری هەڵـداوە

بـەڵا ناگـاتـە تـۆ وەڵڵاهی ئەی کوێستانی کوردسـتان
دەسـا چیبکەین نی‌یە خۆ خزمەتت وەك جێگەو شوێنان

(١) ئەم پارچەیەش ساڵی ١٩٤٣ لە لوبنان نووسراوەو لە ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٤٣ی گۆڤاری « گەلاوێژ »دا بلاوکراوەتەوە .

ئەترسم ووشکە سۆفی لێم بڕەنجێ ئەو لە حەی[٢] دوورە
بلێم لوبنان نموونەی جەننەتە پڕ قەسرو پڕ حوورە
بە شوعلەی کارەبا گشتی مونەووەر کێوەکەی توورە
گلۆپی یەك لەسەر یەك سەیر ئەکەی نووری عەلا نوورە

بەڵا ناگاتە تۆ وەڵڵاهی ئەی کویستانی کوردستان
لێلاییم دایە کوانێ خزمەتت وەك جێگەوو شوێنان

بەلێ لوبنان بە مەشهووری چیایی خۆشی دونیایە
بە ڕوونیو ڕۆشنی دەریای سپیشی وا لە بندایە
بە ڕۆژ دەلیایەکی زیوە ، تەماشاکەی لە هەر لایە
نزیك ئێوارە ئاڵتوونە ، کە تۆزێ ڕۆژی بۆ دایە

بەڵا ناگاتە تۆ وەڵڵاهی ئەی کویستانی کوردستان
دەسا چیبکەین نیە خۆ خزمەتت وەك جێگەوو شوێنان

هەموو سەیرانگەهی ئێمە تەبیعیو ئیشی یەزدانە
ئەمانەی ئێرە گشتی سنعەتی . دەسکردی ئینسانە
دوو سەد ساڵە خەریکن تا بووە بەم کێوی لوبنانە
سوفارو عالیەو بەحنەس . وە یا ئەشتوورە ، حومانە[٣]

بەڵا ناگاتە تۆ وەڵڵاهی ئەی کویستانی کوردستان
کوێراییم دایە کوانێ خزمەتت وەك جێگەوو شوێنان

(٢) لە دەستنووسێکدا بە (حەق) نووسرابوو . بەڵام لە چاپەکەدا بووە بە (حەی) . دیارە مانای هەردووکیان هەر یەکەو . بۆ پەروەردگار دەچێتەوە . بەڵام ووشەی (حەی) لە مەیدانی تەریقەتدا بۆ لایەکی ترمان دەبا . بە تایبەتی کە بەرامبەر بە ووشکە سۆفی ڕاگیراوە .

(٣) هاوینە هەواری لوبنانن .

له دووریی داریزەردە[٤] لێوی ووشکو گۆنەیی زەردم
لە بن هێلانە قەل[٥] ، گەر بیر ئەکەم خۆ سەد قەلو بەردم
تەمی سەر پیرە[٦] (سەفوەت) خۆ هەناسەو ئاهەکەی سەردم
تەبیب لوبنانی دانا بۆ دەوایی سـنگی پڕ دەردم

بـەڵا ناگاتـە تـۆ وەڵڵاهی ئەی کویستانی کوردستان
بڵێین چی سا نی‌یە خۆ خزمەتت وەك جێگەوو شـوێنان



(٤) داری زەرد : قەرەداغ .
(٥) هێلانە قەل : جێگەیەکە بە ژوور ئەو چیایەوە کە گوندی « دێلێژە »ی قەرەداغی بە قەد پالەوەیە . ئەو گوندەش مەلبەندی بـاو و بـاپیری شاعیرە . (قەلو بەرد) لەیاری‌یەکی منداڵاندا هیچ بـە دەسـتەوە نەمـانـە .
(٦) پیرەمەگروون ، یا (سەرپیر)ی هەورامان .

٢٣

لـه دونیـا شـــاعیران ئەهلی کەماڵن
ئـەوانـن خـاوەنی فیـکرو خـەیـاڵن
بـەیـانی حـاڵی عـالـەم ئێـوە ئەیکەن
بـــەلێ ئـــاوێنــــەیێـکی بێ زەواڵن
دەبۆ ئەم عەسرە فەرموون شەرحی حاڵێ
لـە حـاڵی ئەهـلی ئیمـڕۆ بۆچی لاڵـن
ئەڵێن عەسرێکی نوورە عەسـری بیستەم
لـە غـەم ئـەی بۆچی عالەم لاڵو پاڵن
لـە فێـڵو زولـمو زۆرا دەولـەمەندن
لـە ڕاســتیو چاکەکردن دەست بەتاڵن
لـە عیلمو سـنعەتا کەوتوونـە ئەوپـەڕ
بە تەییــارە کــە دێـن خاوەندی باڵن
بـە ســـەدها تەنی ئاسن لـەم سـەمایە
وەها زوو دێن دەچن چەشـنی شـەماڵن[١]

(١) دیارە ئەم قەسیدەیە تەواو نەبووە . (ع ٠ م)

٢٤ شــــین[١] ٠٠٠

دڵ بریـنـدارم لـە هیجری واعیـزی دڵسـۆزی دین
عالەمی ئیسـلامی کوردی بۆی بووە ئەمڕۆ حەزین
بۆ تەســـــەللا هاتیفێ فەرمووی خیتـابی پێ‌کـرا
پێش وەفاتی خۆی بە سـاڵێ (وادخلوها خالدین)
١٣٤٦ ١ ١٣٤٧

(١) ئەم چوارینە سالی ١٩٢٧ نووسراوە ، دیارە شاعیر بۆ مەرگی باوکی ، حاجی مەلا ڕەسوولی دێلێژەی نووسیووە کە لە ٣ی ربیع الاول ١٣٤٦. یا ٣١ی ئابی ١٩٢٧دا کۆچی کردووە .

دلـم حەقییێتی گـــەر شـین کا ئەزانی تـەیری لاهووتە
پـەڕو باڵی ســـوتاوە کەوتووە لـەم خاکی ناســـووتە
گـەدای بەردەرگەیی تۆ بمِ ، شەهەنشـــاهی زەمینم من
لـەلام تەختی شەهەنشـــاهی بە وێنەی تەختو تابووتـە
لە لای عاقـڵ هەژارە گـەرچی بیبێ خەزنـەکەی قاروون
لـە عەشـــقا هەرچی بێبەش بێ لە دنیـاو دینی نابووتـە
ووتم ســــــۆفی ئەزانم بۆچی تۆ وا ماتو بێدەنگی
ووتی دەروێش ئـەزانـم بۆچی دایم زیکری یـا هووتـە
بـە یەك یەك تاكـو ئێســـتا تیرت هاویشتە دڵی عاشـــق
بـە جووت تیـرم ئەهـاوێتێ ، دەزانم بـۆ دڵـم جووتـە
لـە نـازا بوو کـە ئەیپۆشی لیباسی سوندوس ، ئێستەبرەق
لـە شەوقی ڕووتە وا سووتاوە ئێســـتا ڕووتو پەڕپووتە
چ کاسـە سەر کەساسە دڵ ، چ بێ هۆشە لـە لام وایـە
لـە ســــیحری ســـامیریدایە دوچـاری چاوی جادووتە
ئەبێتە بولبـولێ گـــاهێ لــە بۆ ئـەو بـاخی ڕوخسارە
مەکـە مەنعی لـە ســــووتان ئەمڕۆ پەروانـەیی ڕووتـە

به پەرچەم باوەشێنی ڕووی ئەکا تا لێی نەنیشێ مێش
ئەگەر مێشێ لە ڕووت نیشێ لە قەدرا خاڵی هیندووتە

ڕەوانە تۆ لەسەر خوانت هەیە هەر جۆرە خۆراکێ
محمد علي خدر
شەرابی من کە خوێناوە دڵی برژاوی خۆم قووتە

لە وەعدی یەك لەسەر یەك بێ ئەساست دڵ کە نارەنجێ
ئەزانێ وەعدی بێ جێ پیشەتە تۆ هەر ئەمە خووتە

لە مانگی چواردە دوێ شەو تێفکریم ڕووتم بە دڵدا هات
هیلالی یەکشەوە کاتێ ئەبینم چەشنی ئەبرووتە

تەماشاکە لە دانەی خاڵی ڕووتو داوی گێسوویی
ئەوەی مونکیر بە باسی سیحرەکەی هارووتو مارووتە

دزی بازاڕی عەشقە دڵ ، دەبۆیە ئەمری حەپست دا
لە زیندانی چەناگەتداو کەلەپچەی موویی گێسووتە

لە ڕیزی ئەو ڕەقیبە (سەفوەت)ی بێچارە ڕامەگرە
کە ئینسان لایقی عەشقە نەوەك هاومل بە گاجووتە

سەیری کە دڵ غەمی لە سەر بارە
سەرچناری سەرم کە ئاودارە
دوو دیدەی بەکرەجۆو ئاوبارە
بۆ کەساسیی وولاتی بێچارە
دەم تەماشاکە پڕ لە هاوارە

دێتە خوارێ بە لێزمە ئەسرینی
بۆ زەبوونیی وولاتو بۆ ژینی
میللەتم هێند کەساسە نەیبینی
وا لەژێر دەستو پێ نەما تینی
چ بڵێم گەورەکانی بێکارە !

بەسیەتی گەورەیی بنێ لاوە
گەورەیی ئێوە چاوەوو ڕاوە[1]
کۆششێ ، هۆزەکەت بەجێماوە
تاکو تۆزێ هەناسەیێ ماوە
یەکیەتی ، دۆستی مەدەدکارە[2]

(١) نوسخە : دانەو داوە .
(٢) نوسخە : ووردە کارە .

دوشمنی تیرەکەت ، بە دۆست مەگرە
بـە قســـەی من بکە وەرە مەمـرە
خوانی بێگانـە قـەت مـەخۆ زەهـرە
بـە ووتەی لووسی ئەو مەخۆ تەفـرە
زاهیرەن مـاســـی باتینـەن مـارە

دەس لە دەس ، دەم بنێنە نـاوی دەم
زامی ئـەم خاکـە بـا بکەین مەرهەم
شـادی بـا بێتو لا بچێ مـاتـەم
دەرکەوێ خاکی کوردە بـاغی ئیرەم
جەنئـەتی ســەر زەمینە ، گولزارە

٢٧

لە ئاهەنگی یادی بیستەمین ساڵەی (ژیـن)دا

لـە بـازاڕی ئـەدەبـــدا نیمە مـایـــە
لـەگـــەڵ پۆلی ئەدیـــان بێمە کـایـــە
بـەڵا ئیحســـاسی ئێوە زەوقی بەخشـــی
ئەوەندە پێی بپرســــــم لـەم هـەرایـە
چیـیە ؟ کۆبوونـەوەی ئـەم شـــاعیرانە
عوومی وا لـە کەیفو جونبوشـــــایە
یەکێ وەك بولبولـەو بـۆ گـــوڵ ئەخوێنێ
یـــەکێ پـــەروانـــەیی دەوری چـــرایـــە
نیسـاری نەسر ئەکەن پێشـکەش بە کۆمـەڵ
خـەریـکی هۆنـــەوەی نـەزمن لـــەلایـــە
بـەڕیـز دانیشـــتوون ئەشـــرافی کـوردان
لـە هـەر یـەك ســـەیر ئەکەی وێنەی برایە
ئەبێ ئـەم بەزمە خۆشـــە موژدەیـــەك بێ
لـە موژدەی (ژین) کـە بۆ کوردان هیوایـە
بـەلێ وا جەژنی بیســـــتەم سـالی ژینـە
کـــەوا ڕۆژنـامـەیێـکی پــڕ زیـــایـە(١)

(١) زیا . ضیاء ، ڕووناکی .

زیاو[2]و نووری ڕۆژی بەختی کوردە
هەزاران جەژن و شایی بۆ ڕەوایە
دوو پەڕەی پڕ لە بەندو نیکتەبازی
سەراپا حیکمەتە هەرچی تێدایە
بە شێوەو شکلی نووسین ، ژینی شیرین
لە ناو ڕۆژنامەکان خاوەن بەهایە
هونەر بۆ پیرەمێردی پیرە مەردە
لەگەڵ ئەم حالەتە لەم سەیرەدایە
ئەدیبو نووسەرو زاناو بوێژە
سیاسیو خاوەنی عەقڵو وەفایە
جەوانە هیمەتی ، لاوە دەماغی
لە هۆنینی شیعر ، تەبعی ڕەهایە
بە سەربەستی ئەنووسێ ، چی ئەنووسێ
ئەوەن بێباکو پاکو بێ ڕیایە
دوو سەد لاوی حەپۆلەی بێ دەمو پل
لە بۆ ئەو پیرە شایانی فیدایە
هیوای بەرزیو بڵندیی نیشتمانە
قەڵەم بۆ مەردی وا شیری غەزایە
ئەڵێ (سەفوەت) بژی ئەم پیرەمێردە
هەموو ئامین بکەن بۆ ئەم دوعایە

ژین - ژمارە (٨١٩) ٧ی شوباتی ١٩٤٦

(٢) زیا . ضیاء ، ڕووناکی .

٢٨

چەند خۆشە موسـڵ ، کاکە مەلا[١] ، پڕ لــە سروورە
ســـەیرانـە ، وەرە ، میحنـــەتی دەورانی لێ‌دوورە
شـــەو ڕۆژە لەبـەر بـەرقی ئـەلـەتریك‌و چراخــان
هــەر لایـە تەماشـــاکـەی ئـەڵێی قوببـــەیی نوورە
گەهـ مەنزەرەو و گەهـ قەدەحی گوێ شــەت‌و جیسری
یـایلی‌ی‌و ئـۆتـۆمبێـلی مـەکـە بەحســـی چ زۆرە[٢]
مادامــە کـــە دێـن تێ‌ئـەپـەڕن باســـی چلۆن کـەم
ئـەم گـەردنـە بێ گـــەردە کـــە وەك جامی بلوورە
ئـەم مـاهـ ڕوخـانـە ، کــە ئـەڵێی حـووری جینـانن
پووزی خڕو قۆڵی سپی‌و گۆنـەیی ســــوورە

(١) لە کۆنترین نووسینەوەی ئەم پارچەیەدا ، شاعیر نووسیوویەتی : لــە ٦ی (ربیع الاول)ی ١٣٤٥ی هیجریدا ، موســادیفی ١٩٢٦ی میلادی سەفەری موســـڵم کرد ، سێ مانگم پێ‌چوو ، چوومە تەلەعفەریش . دیارە شیعرەکان ئەوسا نووسراون .

(٢) لە نووسینەوەیەکی تری ئەم پارچەیەدا کـــە نەمدۆزی‌یەوەو لە یادمە ، ئەوە هەبوو کە ئەم پارچەیەی بۆ کۆچکردوو مەلای عەلیی ســـەحاف ناردبوو . دیارە هەموو پارچەکە شێوەی خۆشـــەویستی‌و گـاڵتـە لەگەڵدا کردنی تێدایە . چونکە مەلا عەلیی سەحاف پیاوێکی زۆر ساف‌و بێگەردو لە خواترس‌بوو ، دەبوو شـــاعیر باسی مزگەوت‌و زیارەتگای موسڵی بۆ بکا . بەڵام ئەم هاتووە باسێکی‌تری بۆ کردووە .

هەر غورفە ئۆتێلێ کە تەماشا کەی ئەبینی
مەحبووبەیە دانیشتووە مانەندەیی حوورە
گەر چاوی هەڵێنێ وەکو پێکاوییە دڵی من
ئانێ لە نیثاری قەدەمی دڵ بە کلوورە
ئەمڕۆ بە حەقیقەت لە بەهەشتا ئەگەڕێم من
شەت کەوسەرو مادامە پەری ، ڕەوزە قوسوورە
سەرسامە وەکو (سەبری) بە جارێ هەموو عالەم[٣]
لەم دەنگی ڕوبابو نەیو سەمتوورو تەموورە

(٣) پارچەکە کاتێك نووسراوە کە تەخەلوسی شاعیر (سەبری) بووە ، بەڵام کاتێك بووە بە (سەفودت) ئەم نیو دێرەشی بەم جۆرە گۆڕیووە :
(سەفوەت) کە وەکو گێژە ، بە جارێ هەموو عالەم

٢٩

دوو مارە ، دوو زنجیرە ، دوو سیحرە ، دوو تەلیسمە
غارەتگەری دینە ئەمە وا زوڵفی کە ئیسمە
زاهید کە دی ئەو زوڵفە موبەڕڕا بوو لە ئیمان
هاوارە ئەمێستاکە ڕەشی کردووە بە وسمە(١)
مەسلەحەتی دی وەقتێ کە خۆی خستە دەمی یەم
شمشێری عەلی ، ئەبرۆی تۆی دی کە بە خەسمە
ئەم عیشوەیە ، ئەم لەنجەیە ، ئەم جیلوە لە ئینسان
نەبووە ، مەلەکە ، هاتووە ، بەم سوورەت و جیسمە
بۆ ڕەغمی ڕەقیب دانیشە ، ئانی بە نەزاکەت
پێم شل بوو لە ڕێگایی غەم ئەم ساعەتە دەسمە
بێ مەیلی کەسانم ، من ئەگەرچی تەک و تەنهام
دولبەر تەک و تەنیا لە بریتیی هەموو کەسمە
عاجز مەبە ، جارجارە کە ڕووت لێ وەرەگێڕێ
نازێکە لەلای دولبەری تۆ عادەت و ڕەسمە
(سەفودت) غەزەلییاتت ئەگەرچی هەموو خۆشن(٢)
ئەمما ئەمە شیرداخە کەوابێ(٣) بە هەوەسمە(٤)

(١) ن : هاوارە ڕەشی کردووە ئێستاکە بە وسمە .
(٢) ن :

(سەبری) غەزەلیاتی ئەگەرچی هەموو چاکن

(٣) کەوابێ ــ یا ئەگەر وا بێ ، یا ئەگەر ئەو قوماشی شیرداخە (کەوا) بێ .

(٤) ن :

بۆ دەردی دڵی خستە زمانی لەفیراقا
ماچێ لەدەم و لێوی بە عینوانەوە بەسمە

بەچاوی تۆ سـولەیسان حیشسەتا ، بەو ئێزەدی پاکە
سولەیسانی ئەگەر خاکە ، لەلای من عەرش‌و ئەفلاکە
هەتاکوو ئاسەفی تۆ بووم لەسـەر تەختی سولەیبانی
نگینم بوو ئەیانووت پێم لـە جامی جەم تەماشـاکە
هەتا تۆم یارو یاوەر بووی لەناو یاران ئەیانووت پێم
فریشتەی ئاســانە ئـەم جوانە وا لەسـەر خاکـە
گوڵی شەوبۆیی زوڵفت بووم‌و پەروەردەی نمی گۆنەت
لە ڕووت دوور ئێستە ئەندامم سەراپا خارو خاشاکە
ئەگەر هەر ئەمکوژی تو خوا نیهانی با نەبێ شاهید
لە خوێنی من لـە ڕۆژی مەحشـەرا ئازا بە حاشاکە
لـە زوڵمی ئـەو ڕەقیبە بێ‌نەواییم گەیوەتـە ئاخر
ئەگەر ڕەحمت هەیە سـا دادگاهی عەدڵت بەرپاکـە
ئەمێستا بێ ڕووی دولبـەر نزیکتر یارم‌و یـاوەر
ئەڵێ لێی دوورکـەون چاکە ئەمە دێوێکی بێ‌بـاکە
جەواهیر سـورمەیی چاوم غوبـاری خاکی بەرپێتـە
لە سایەی تۆزی بەرپێی تۆوە چاوم ساحێب ئیدراکە
لە بۆنی ئەو کراســەی یۆسـفی کەنعانە چـاوانم
هەڵێنا هەروەکو یەعقووب ئەبینێ ئێســتە ڕووناکە
حەکیمان بینە لوقمان بێ عیلاجـە دەردی من لایـان
کە سینەی من بە شمشێری برۆی تۆ لەت‌لەت‌و چاکە
حەکیمان بینـە لوقمان بێ‌دەوایـە دەردی دڵ لایـان
عیلاجی دەردی (سەفوەت) وا لە خزمەت شاهی لەولاکە

٣١

باوەڕ نی‌یە ئەم زەخمە لە دڵما کە بە شیرە
زەخمێکە لە دووری ڕوخی خانی (نمە شیرە)[١]
مەعلوومە کە ئاشفتەیی حوسنی (حەسەن)ێکم
شەو تا بە سەحەر بۆیە کە ناڵەم لە سەریرە
دڵ پڕ لە غەمی ڕوویی حەسەن زائیلی هەر غەم
بۆ مورغی قەفەس نەفعی نی‌یە ئەو کە ئەسیرە
ئەی بادی سەبا ، جارێ بە گوێما دە پەیامێ
تاکو بە نیساری بکەم ئەم جانی حەقیرە
من موفتەقیری نامەیەکم حەیفە بە قوزبان
دەئب‌و ڕەوشی ئەهلی وەفا خێری فەقیرە
شەرحی غەمەکەم چۆن ئەدرێ بەم دەس‌و بردە
بەدبەختی منە قاسیدەکەم ئێستە سەفیرە
(سەفوەت) کە بە غیززەت غەمی دڵ بێتە نیهایەت
کانی ئەدەبە ، ئەمری بە بێ میسل‌و نەزیرە

(١) « نمە شیر » گوندێکە لە نزیك بانە لە کوردستانی ئێران . دیارە ئەم شیعرانە هەر لە سەرەتای ژیانی شاعیرو لە دەوری فەقێیەتیدا ، واتە لە ناوەڕاستی ساڵانی بیستدا نووسراوەو هەر پاش بەجێهێشتنی (بێژوێ)یە کە لەوێ فەقێ بووە .

سـۆزێك(١)

٣٢

فـەلـەك لـەگـەڵ منێ ئـاوارە هێنـدە بێمـەیلە
پـەنـام هێنـاوەتـە باخی بەهەشـتو جێم وەیلە
حەتەم عەزابی لـە دۆزەخ نی‌یە بـە عەكسی ئـەوم
بەهەشـتە جێمو ئەسووتێم لـە دووریی ئـەو لەیلە(٢)
چ پەنجـەیێ بخـەتی كێشـا لـە دۆسـیەی زانیم
لـە هـەر میلاكی ژیـانێ كەوا بەشـم زەیلە(٣)
بوخاری بەجرێ سپیم وا لەسـەر ، نی‌یە باكـم
دوچاوی من كـە ئەڕێژن بـە خورژم ئـەم سـەیلە
لە باتیی نوێژی جەژن دێتە گوێم سـەدایی جەڕەس
دڵۆپ دڵۆپ ئەتكێ خوێن لـە دڵ ئەوەنـد كەیلە
بـە یادی گێسـووی دولبەر وە یـا لە بەختی ڕەشم
هـەمـوو تیـلاوەتم ئێسـتاكـە دەوری وەللەیلە(٤)
ئەژیم ئەمێسـتە لـە لوبنـان بـە یادی كوردستان
كـە چونكە ئـەم كـەژە وێنـەی چیـایی سیوەیلە

(١) دیارە كە ئەم پارچەیەش لە ساڵی ١٩٤٣دا لە لوبنان نووسراوە .

(٢) دەڵێن كە حاتەمی تەیو چەند كەسی‌تر لـەبـەر ئەوەی باوەڕیان نەبووە دەچنە دۆزەخەوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی بە بێ باوەڕیی خۆشیان چاكەیان كردووە ، لە دۆزەخدا سزا نادرێن . لێرەدا شـــاعیر وێنەیەكی پێچەوانەی دروست‌كردووە ، جێكەكەی بەهەشتە (لوبنان) ، بەڵام وەك دۆزەخ سزای تێدا دەردێ .

(٣) جاران یاسای (ذیل) هەبوو ، فەرمانبەر كە دوو جار لە كار دەركرایە ئیتر هەرگیز چوونەوە ســـەر كاری نەبوو لێرەدا هەموو ژیان بـە فەرمانبەری تەشبیە كراوە .

(٤) خوێندنەوەی سوورەتی (واللیل) ، نیشانە بۆ خەمناكیو تاریكی .

لە سەر
گۆڕی مەولانا خالید(١) ...

(سەفوەت) لە نیشتمانی تۆوە نەوەی تۆیە هاتووە
دڵ زارو دەردەدارو بریندارو ماندووە
لەو ڕێگە دوورەوە لە سلێمانی تاکو شام
ڕێگەی بڕیوە وا بەری دەرگایی گرتووە
لەم بارەگایە مل کەچو بێ تابو بێ نەوا
کورد زادەیێکە عارەبی دامانی گرتووە
خالید نیگاهێ بۆ منی بێکەس میوانی تۆم
لەو خوانە وا لە بەردەمی میوانت ڕشتووە
هەرکەس ، لە کەس لە ناکەس چەشتی پارویەك
بێ شوبهە تامی نیعمەتی جەناتی چەشتووە
یەك لوقمەیێ بنێرە دەمم گەرچی ناکەسم
وا بزانە سوالکەرێکە لە دەرگانە کەوتووە
مەولایی نەقشبەندی‌یو چەشتی‌ی‌و قادری(٢)
دڵ بێ نیگاهی ئێوە لە ناو سینە مردووە

١٣٦١
١٩٤٣

(١) سالی ١٩٤٣ کە بەرەو لوبنان چووە نووسیویەتی ، سۆزی تەسەوف دووریی نیشتمان تێکەڵبووە .
(٢) ناوی سێ تەریقەتە .

هەر شـــەویّ عەیشیّ ئەبینم حەسـرەتێکی وا لـــە دوو
عەیشیّ وا بیّ حالەتی ، یا ڕەب نەکـەی لێی یەك بـە دوو
هـەر هومایوونیّ کــە دوێنیّ شـــاهبازێکی هـەبوو
خالییە ئێســـــتا لـە جێگەی ئەو دەخوێنیّ کوندەبوو
ئـەو تەعـامـەی هـەوڵ ئەدەی بۆی‌و بـە پارە ئەیکڕی
چاترینی ئـەو تـەعـامێکە کـــە زووتـر بێ بـە گـــوو
هـەر سـەحەرگاهیّ لـە مەئسووری خواوە بۆ بەشـەر
دیّ ســــــەدایی (للخراب ابنوا ، وللموت لدُوا)
چەندە پێم خۆشـــــە بە کوردی دەنگی خالەی ڕێبوار
ڕێبوارە ئەهلی دنیـــا هەرچی هــاتو هـەرچی چوو
عارفیّ پرســـی لە دنیا چۆن بـە بیکری ماوی تـۆ ؟
خۆ بـە ملیۆنهـا هەتاکو ئێســـتەکە کردووتـە شــوو !
جوابی دا دنیـــا کـــە خۆم تەسلیم نەکرد بۆ نـا پیـاو
پیـاوێکیشــم قـەت نەدی مائیـل بـە من بیّ ڕوو بە ڕوو
ڕۆییوە ڕۆییو نـەهـاتـــە ، بـۆ نـەهـات عـاجـز بیّ
حالـە تـۆ گـەر ئەهلی حالی بـا نەچی مانەنـدی چوو
ئولفـەتی نەفسـت بچیّ بیّ‌لەززەت‌و خۆشـــی ئـەوە
ســـا بـە چاکـەو زوهدەوە گەر عاقلی تـۆ بگرە خوو
(سـەفوەتا) گـەر ڕاست ئەکەی دنیات وەها ناسیوە تۆ
پێرە دەر تـا تۆزیّ مـاوی ڕووکـە مەولا زوو بـە زوو

بگری ده بگری بۆ عومـری فەوتـاو
بگــــری بـۆ دڵیٚ ئـاڵاٚتــــه داو
کـەوا تەفرەت دا بیست سـاڵی تەواو
بـە بێ حـەقیقـەت بـە خەیـاڵی خـاو
ئـەتــوت ئـەو مـەڵـە کـە دڵـدارمە
یـارو یـاوەری وەفـادارمـه
کـوانێ مەیلەکـەی ، کـوا وەفـاداری
کـەی وایـە شـێوەی یاری‌و دڵداری
تـۆ وا بسـووتێی بـە بێ قـەراری
لاپـرە سـەنگی بیێ بـە بـاری
بـە بیـانوو ئێستـا لـە تـۆ تـۆراوە
یادی تـۆی ئـەبـەد لـە لا نـەمـاوە
شـێتە تـۆ لەسـەر عەشـقی جارانی
بە خـەیـاڵی خۆت لـەگـەڵ یارانی
شـەو بـە ئـاخ‌و داخ هەتـا بەیـانی
ڕۆژ گـەردن کـەچی ژێـر پاسـارانی
وەك هـەتیـو ملت نـاوە بـەلاوە
چونکە ئـەو مـەڵـە لـە تـۆ تـۆراوە
ئـەو مـەڵـەی دلم بـۆ کرد بـە قەفەس
پەروەردەم ئەکرد بـە هـەواو هـەوەس
دلم بـۆ ئەگـرت لەسـەر بەری دەس
خۆم بە دەستی خۆم دامە دەست ناکەس
ئێستـا سـەیری‌کە لـە من تـۆراوە
وەك پەشـیمان‌دار شـاخم لێ‌ڕواوە

کـــەی تـۆ دڵـەکـەی جـارانی منی
کــنــەی چرای بەزمی شــــەوانی منی
کـــەی مەرهـەمـەکـەی زامـانی منی
کـــەی هـاوڕازەکـەی پەنهـانی منی
ئێســـتا وای لەلای شـــەیتانی پیسی
گـوڵو گـرژو مـۆن لاتی مـل سیسی
خۆ تۆ گوڵێ بوویت ئەمنایتە سەردەست
بـە بۆنی خۆشـت هەمیشە بووم مەست
خاوەن شوعوورو بیرو هۆش‌و هەسـت
بـە یـادت هەمبوو هەمیشـە هەڵبەست
پەری ، لەگەڵ کێ بوویت دەست لە مل
کێ دیویـە پـەری‌و جنۆکـە هـاو مـل
گرپـەو گڕەی دڵ گـەر بێ‌و بکا سەر
تـۆزێ بڵێســـەی ئەگـەر بێتـە دەر
عـالـەم ئەســووتێ ئەبێ بـە مەحشەر
پـەردە لا ئـەچێ لەســـەر خێرو شـەڕ
وەك دەردی دڵـم کـەس پێی نـەزانی
بـا خـۆم بســووتێم هـەر بـە نیهانی
ئـاخ دەســتم کەوێ گـەر وەفـادارێ
بۆی بکەم وەســیـەت بـدا بڕیـارێ
مـردم بمنێژێ لـــە ڕێ گــــوزارێ
ئـەو مـەلـە بـڕوا بـە لاما جـارێ
بـزانێ کوشــتـەی دوو دەســتی ئـەوم
لـە ژێـر ئـەو خاکەش سەرمەستی ئەوم

پێنج خشتەکی
لەسەر
شیعری زەبیحی

لەسەر تەرزی بەهەشت ئیزەد خەتی ڕوخساری کێشاوە
حەدایق گێسووەو کەوسەر لەسەر دوو لێوی داناوە
وەکوو غیلمان لە هەر لا دانە دانە خاڵی لێداوە
عەزیزم ،دولبەرم ئەمڕۆ نیقابی زێڕی لاداوە
لە خەتتو خاڵی ڕەنگینی هەموو عالەم خورۆشاوە

★ ★ ★

گەلێکم دی ووتی عاشق مەچۆ مەیدانی مەعشووقان
چیە وا بوویتە سەرداری دلێری ئولکەیی توران
بە زۆری هێزی بازووی خۆت مەنازە ڕوو بە ڕووی جانان
کەمەندی زولفی چین چینی ئەکێشێ جانی عوششاقان
. . . .(١)

★ ★ ★

بڕۆ بەو لاوە ئەی واعیز بە بێ هوودە مەدە پەندم
لە تۆ داناترم بە خوا ، بەلا من عاشقو ڕەندم
نەجاتم چۆن ئەبێ من نوقمی نێو دەریایەکی مەندم
لە چاهی غەبغەبی جانا دو زولفی بۆتە پابەندم
ئەلێی شاهی سیاوەحشە لە تووراێ ئەسیر ماوە

★ ★ ★

(١) ئەم دێڕە لە دەستنووسەکەدا نەبوو

نیگارا کوشتنی شیرینت ئەلبەت بیستووە بۆچی
لەسەر سەر تاقی ئەلبورزا وەسییەت نامەیێکی دی
لەسەر ئەو تاقە نووسرا بوو بە نووکی قولنگی فەرهادی
وەکوو لەیلا مەکە جانا کە مەجنوون مرد لە عیشقی وی
ئەڵێی خوێنی سیاوەحشە کە ئێستاش جۆشی هەر ماوە

★ ★ ★

لە خوێنا گەوز ئەدەم ئەتلێمەوە گولگون بووە بەرگم
وەکوو بێژەن بەدەن‌کون‌کون بە صەد موژگانی وەك زەرگم
دەسا ڕووت بێنە بەم لاوە بەرەو ڕووم هاتووە مەرگم
خەدەنگی قەوسی ئەبرۆی تۆ وەهای لەت کردووە جەرگم
ئەڵێی ئەسفەندیارە ، ڕۆستەمە چەند تیری لێ‌داوە

★ ★ ★

هەراسانن ڕەفیقانم لەبەر هاواری بێ کەلکم
بە قرچەو بۆچڕووکی سینەکەم باوەڕ نەکەی بەشکم
لە مووسایی بەنی عیمران بپرسە پێت بلێ بەلکم
تەجەللایی جەمالی تۆ ئەکا بوریان دڵو جەرگم
بە میسلی کێوی توورە دڵ ، بە نووری عەشق سووتاوە

★ ★ ★

وەکوو پەروانە هەتیە دڵ ئەگەر سووتاوی عەشقت بوو
وەکوو فەرهادو مەجنوون،هەر کەسێ فەوتاوی عەشقت بوو
هەزارانی وەکوو (سەفوەت) کەوا ڕیسوایی عەشقت بوو
نە تەنیا هەر (زەبیحی) غەمزەدەی سەودایی عەشقت بوو
ئەبینم کوشتەگانی تۆ لە مەشریق تاکو ڕۆژئاوا

★

من ئەدیبی بـە ئەدەب شـــــاعیری دەورانم ڕۆ
من سـەنـاخوانی شەهەنشـاهی رەســـوولانم ڕۆ
عابیـدو زاهیـدو عاشـــق بـە جەمـــالی حەزرەت
هەموو شـەو تاكـو بەیـان دیـدەیی گریـانم ڕۆ
گفتوگۆ خۆش‌و بـە هۆشی بــە تەبەسسوم دایـم
خاوەنی شـێوەیی شـیرین لەبی خـەنـدانم ڕۆ
دێم دەچم هەروەكو پەروانە لە دەوری ڕووی شەم
بێ زوبان دڵ ئەڵێ ئەی شـــەمعی شەبوستانم ڕو
هەر وەكو بولبولی دوور كەوتە لـە گوڵزار بـە زار
ناڵەمـە ئەی گوڵی خۆش‌بۆیی گولســـــتانم ڕۆ
مانگی چواردەم لـە ســـەمایی ئەدەبا ئاوا بوو
لـەم بیابـانـە بـەترســـە مەهی تـابـانـم ڕۆ
شـینی ڕەنگینی ئەدیبان كە سەدای گەییە سـەما
خەست‌تری كـەم من ئەگەر سەدری ئەدیبـانم ڕۆ
كێ لە مەیدانی ئەدەب تاوی ئەســـــپ دا بێخود
شـۆڕە سوارێكی سیلاح شۆڕی لە مەیـدانم ڕۆ
گوڵی گوڵزاری ئـەدەب بوو پچڕی چنگی ئەجەڵ
شـــاگوڵی ئەنجومەن‌و مەجلیسـی عیرفانم ڕۆ
نیكتەبازی لــە ئەدەب لایقی تـۆ بوو بـــە خووا
ســاحیبی تەبعی ڕەوان بولبولی خۆشــخوانم ڕۆ
بـە جیناس‌و بـە لەتافـەت هەتـە سەبقەت لە كەلیم
لـە سـەناو مەدحی ڕەســوولا بەڵێ حەسسانم ڕۆ
گوڵی ڕێحـانـەت ئـەوێ ســـەیری بكە دیوانی
خاوەنی باخی بـە نـرخی گـوڵو ڕێحـانـم ڕۆ

(١) لە ڕۆژی ١٩٥٥/١٠/٣دا لە چلەی بێخوددا خوێندراوەتەوە .

شاعیران گەر وزەرای کیشوەری شیعرو ئەدەبن
تۆ شەهی کیشوەری شیعری شەهو سولتانم ڕۆ
گەر بە فیردەوسی ئەکەن فارسەکان شانازی
ئیمڕۆ من سەعدی‌یو فیردەوسی‌یی کوردانم ڕۆ
مەولەوی‌و کوردی‌یو سالم وەکو حاجی‌و نالی
مەحوی‌یو موخلیس‌و خاکی وەکو عیرفانم ڕۆ
چۆن ئەجەل بردی بە مفتی[٢] بنەماڵەی ئیفتا
موفتی‌یانی وەتەنو ئۆلکەیی بابانم ڕۆ
ساڵی تەئریخی ئەنووسی (لە بەهەشتا بێخود)
(ساکنی باخی جینان)[٣] ، هەمدەمی ڕیزوانم ڕۆ

(٢) نیشارەتە بۆ کۆچی دوایی مەلا عەزیزی موفتی ، کە دووا موفتی‌ی سولەیمانی بوو و دوا موفتی‌ی بنەماڵەی موفتی‌ی چاومار بوو .

(٣) (ساکنی باغی جِنان) .

— ٣٨ —

زەمانی باغی میرو تانجەرۆ بێ
ئەبێ ئەهلی هونەر هەر ڕەنجەڕۆ بێ
بە پاندانی درێژی ئیگنەباشی
ئەبێ چی باکی پێشەرمی و درۆ بێ
لە پردی تانجەرۆ ڕایخەن وەکو پرد
ئەبێ ئیتر بە چی سووکو ترۆ بێ
کەسێ مەیلی لە مەردی‌و پیاوەتی بێ
بەمانە چۆن ئەبێ ئەو دەسخەرۆ بێ

دڵ ئاشـــفتەی بتێکم عیشـــوەگەر زونـــار بەردۆشێ
لە ڕووی خۆی پەردە گەر لادا عومومی عالەم ئەخرۆشێ
سەرم سەرگەردی ساقی بێ کە ئیشـــەو بادە ئەفرۆشێ
چ بـادە ، بادەیەك لادا ، لە ســـەر عەقڵێ ، لە دڵ هۆشێ
دەسـا قوربانی ئەو ڕەندەم لە دەســـتی ئەگرێ ئەینۆشێ
ئەتۆش موتریب بە کۆیلەت بم ، تەرەب سازانە سا جۆشێ

★ ★ ★

لـە ئامۆژگـاریی‌ی شاهێ وەهای ووت دوێنێ دەروێشێ
کوت‌وپڕ نووچ ئەدا ئەگلێ ســـوواری ئەسپی سەرکێشێ
جیهـان هەنگێکە هەنگوینی نی‌یە ، خالی لـە هەر تێشێ
کەسێ مەردە لـە دنیـــادا نەترســـابێ کـە لێی مێشێ
شوکر نەیدی لە دەستی من هەتا ئێســـتا کە کەس ئێشێ
لـە ئێش‌و تێشـــی خـەڵقم چی نیـگارم بێتـە ئاغۆشێ

★ ★ ★

لـە ئیجـادم چی‌یە حیکمەت ؟ کـە من بێ خێرو بێ پیرم
گـەهێ عـالـم لـــە مزگـەوتـام‌و گـاهێ ڕاهیبی دێـرم
لـە کونجی تەکیـە گاهێ دەنکە دەنکە ســـبیحە ئەژمێرم
گەهێ مەستم لـە مەیخانـە بە بێ‌هۆشی کـەڕ و کوێـرم
گـەهێ حـــەربی ڕەقیبـە تیـری ئـاهـم زۆرە ئـەینێرم
بڵێن بـا بێتـە مەیـدان بـۆم زرێی چی لایـە بپۆشـــێ

★ ★ ★

بـە ڕێی عەشقا ئەڕۆم من گـەر ســـەرم لەم ڕێگە دانـاوە
ئەگـەر ئەم لایـە یا ئەو لایە ، هـەر دووم ناوەتـە لاوە
بـە شـــەرتێ ئەو نیگارە ڕوومەتم بـۆ بێنێ بـەم لاوە
خەڵاتی ماچی گۆناکـەی ، بەهەشتە بۆی کـە دامنـــاوە
لـە ئەووەڵ ڕۆژەوە ئیرسـە لـە ئـادەم بۆم بـەجێ‌مـاوە
بـە ماچێ چۆنی ئەفرۆشم ، بـە گەنسێ ئەو کـە بیفرۆشێ

لە ئەووەڵ خەتوەیی عەشـــقا کە سەر دانانە سـەیرانـە
بـە بێدەنگی لـە ڕووی مۆمدا بسووتێ چەشنی پەروانە
وەکوو بولبول لەسـەر چڵ گیانت بسـپێری بە ئەفسانە
هەمووی ئاســـانە شەرتی عەشـــق ڕازی دڵ نەدۆڕانە
نەوەك مەجنوون کە لەیلای خســـتە زاری خۆو و بێگانە
ئەوا (سەفوەت) کە ڕازی بردە گۆڕ یار بێت‌و داپۆشێ

★

دڵ

٤٠

دڵـم کـەوتـۆتـە دەســــتی بێ میـزاجێ
وەکوو یەك سەیر ئەکا کەشـــکۆڵ‌و تاجێ[١]
لـە بـازاڕی ڕەشــــی ئـەهـلی زەمـانـا
عەشـــق بۆچی ئـەبـەد نـەیدی ڕەواجێ
لـە مزگـەوت واز ئەهێنم بـۆ کلێســــا
کـــە دڵ کـەوتۆتـە داوی زولـف خـاجێ
لـە شیعرت دەستت پڕ گەوهەر کە یووسـف
لـە بـازاڕی مـەزات ئـەکــرێ هـەڕاجێ
کـــە ڕوتبـەی عیلم‌و ئیرشـادم عەبەس چوو
ســـەری ڕێم گرتووە بـۆ ســـوودی باجێ
لـە ســـایەی عەشـــقە موســـتەغنیم و نیمە
بـە ســــامانی جیهـــانێ ئیحتیاجێ
تـەبیبی دەردی دڵ تـۆی خـــۆت ئـەزانی
بـە ســـــاقەی چاوەکانت بـم عیلاجێ

(١) کەشکۆڵی دەروێش‌و تاجی پادشا .

٤١

شــەهم شێخێکە مەحسوودە لەسـەر مولکی سولەیمانی
هـەزاران غەزنەوی هـاتونـە سـایەی بوونە دەربانی
شــــەهم شــێخێکە صیددیقی نی‌یە کێویکی تـەمکینە
ئەوەندەی فەرقـە بەو ئەووەڵ ئەڵێن ئەم حەیدەری سانی
شــــەهم شێخێکە فارووقی لـە عـەدلی ئـەو گورێزانە
هەزاران میسـلی جەبلەی[1] ئەیهەمی سولتانی غەسسانی
شـــەهم شێخێکە عوسمانی حەیاوو شەرمە شێوەی ئـەو
لەگـەڵ عوسمان نی‌یە فەرقی بـە غەیری جەمعی قورئـانی
لەگەڵ ئەو حیشمەت و جاهە ئەوەند بێ عوجب و بێ کیبرە
ئەبێ وابێ نەوەی ئەحمەد ، ڕەسـوولی شـاهی عەدنانی
بەشــــەر قەت بێ نەقس نابێ درێژە دەستی بۆ هەر شت
ئەوەندەی نەقسـە ئەو دەسـتە کە قەت ناگاتـە گیرفـانی[2]

(١) جەبلە : جەبەلەی کوڕی ئەیهەم ، لەبەر کێشی شـیعر ناوەکەی لێرەدا کراوە بە جەبلە .

(٢) ئەم شیعرانە لە سەرەتای سالانی پەنجادا نووسراوە. شاعیر دەیگێڕایەوە کە شێخی نەمر ڕۆژێك لە داریکەلی‌یەوە هاتبووە ئەللایی لای تاسلووجە، هەوالی بۆ تاقمێك لە مەلاکانی سلێمانی ناردبوو (کە بچنە ئەوێ ، چونکە حەزی کرد بوو بیانبینێت . شاعیر دەیووت : بەدەم ڕێگەوە ئەم چەند دێڕەم بۆ هات ، کە دەستم کرد بە خوێندنەوەی ، شێخ دەستی خۆی دەگوشی و هەر دەیووت : مستەفا . . . بە خوا من ئەوە نیم . تا گەیشتمە دووا دێـڕ ، پێکەنی و ووتی : دەك خـوا بتـگرێ ، هـەقی هـەمووبت لێ کردمەوە . دیارە شێخ لەوەش گەیشتبوو کە ئەم دێڕە بۆ ووتراوە . ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٥١دا شێخی گەورە ، دووەم جاری بوو کـە پـاش حوکمداریی خۆی بێتە سولەیمانی ، پاش پێشـوازی و زیارەتکردنی ، ئەویش زیارەتی گەلێ شوێنی کرد . یەکێك لـەو شـوێنانـە مزگەوتی حاجی مەلا ڕەسـوول بوو ، کـە خەلیفەی کاك ئەحمەد بووە . (سەفوەت)یش مەلای مزگەوتەکەی باوکی بوو . مزگەوت تێکدرا بوو ، شێخ لە گوێ حەوزەکە دانیشت و حەوزو باخەکە مابوو ،چا خورایەوەو چەپکێ گوڵی باخەکەی پێشـکەش کرا . زۆر دەربارەی مزگەوت و چاککردنی ووترا . خەلکی گەرەکیش بە تەما بوون ، کە شـێخی گەورە بەشداری دروستکردنەوە بێ بەلاّم نەبوو . دیارە ئەم دێڕەش باسـی نەوەیە .

٤٢

جیهان وەك سینەما وایە هەموو ڕۆژێ لە سەد ڕەنگە
لە خۆت بایی مەبە بەم ڕەنگە ، گۆڕ گۆڕخانەیی تەنگە
ئەوەی وا دێتە دنیا شینی بۆ بکەن چاترە لای من
چی‌یە ئەم چەپلە ڕێزانە ، چی‌یە ئەم شایی‌و ئاهەنگە

○

٤٣

ئەی نەفسی بەدی پیسی دەنی غەرقی مەناهی
سەر تا بە کەمەر ، تا بە قەدەم غەرقی گوناهی
ئامێزشی عیسیانو مولازیم بە مەناهی
بەم حاڵە بە ئوممێدی عەفو ، ڕەحمی ئیلاهی
ئەی هەمدەمی دونیا ، هەموو دەم دەمدەمی باری
بۆ سیحری تیجارەت وەرە تۆ ڕووکەرە باری
ڕۆژێ کە نیە غەیری فیغان گریەوو زاری
ئەو ڕۆژە بە بێ مەلجەئو بێ پشتو پەناهی
ئەی پڕ لە هەواوو هەوەسو عوجبو جەهالەت
خاڵی لە خوزووعو لە خوشووعو لە فەتانەت(١)

(١) فەتانەت : (فطانة) .

مەحوە هەموو زەڕڕاتی وجوودت لـە شـەقاوەت
بێزادو لـە پێ کـەوتـەوو دوورکـەوتەیی ڕاهی
سـەرباری هەمووی بومـە ئەسیری دەسی کافر
شـەیتانە ، لەعینێکە لە مەکرا ، وەکو سـاحیر
بۆ تەفرەی ئیسـلامی زەعیف زۆر سـەگی ماهیر
ئیسـلامەتییم چوو لـە دەست حەشمەتو جاهی
وەبزانـە کـە خاوەندی هـەموو مولکی زەمینی
سـاحێبی نیگاری خوتـەنو شـەنگولی چینی[2]
وەك شـاهی سولەیمانی ، بـە تەختو بە نگینی
یـا شـاهی کەیانیتو بـە تـاج و بـە کـولاهی
هیچ نابەیە نـاو قەبرەوە ، بە خوا لە دوو سـەد لەك[3]
(سەفوەت) ئەتـەوێ دەفتەری عیسیانت بە بێ حەك
نەسـبی کـە لەبەر چاوت (ولا تنس نصـیبك)[4]
بێ فـەرقـە کـە مردی ، چ فەقیری‌یو چ شـاهی

(٢) شەنگول : جوان ، شۆخ .
(٣) لـەك : سـەد هەزار .
(٤) بە عەرەبی واتە : بەشی خۆتت لە بیر نەچێ .

٤٤

ئاوی چاوی خوسرەوو خاکی کەلاکی قەیسەری
بووە نسێك ئاوو ترایە چینی فەسرو قەیسەری
ڕوو بە ڕوویی دانرا ئینسان ئەگەر هۆشت هەیە
بێتە سەر ڕێگەی حەقیقەت عیبرەتی لێوەرگری
گەییە شاهەنشاهی ئەسکەندەر لە ڕوتبەی دونیەوی
ڕوتبەیی دینیی گەیشتە پایەیی پێغەمبەری
گوێ گرە بانگی دەهۆڵ وا پڕ بە دنیا بانگ ئەکات
نۆبەتی کێیە تەواو بوو نۆبەتی ئەسکەندەری
ئاشە ئەم چەرخە دوو بەرداشی زەمینەو ئاسمان
ئادەمی باراشە ئەیهاڕێ بە دیققەت تێفکرێ
دانەیێکی کەوتوویتە بەینی دوو بەرداشەوە
شێتی لات وابێ کە نەتهاڕێ و سەلامەت تێپەڕی
ڕۆح لەبەر: نیشان ، ئەجەل : تیرە ، کەوانە : ئاسمان
خاك بەسەر ئێمە کە تیر ئەندازە زاتی داوەری
(سەفوەتا) بیخۆیتەوە سەد جار ئەگەر ئاوی حەیات
ئاخری ئەمری دەسا ئازابە ئیمان دەربەری

٤٥

شاعیران پێرێ لە دیوان بۆچی بوونە ئەنوەری
من بەجێمابووم هەمە خۆ زەوقی شیعرو شاعیری
کێ ووتی (سەفوەت) مەهێنن با نەیەتە کایەوە
تا وەکوو خامجاوی زوو بیکەم تەواوی گازری

٤٦

بێخود ! شەو ئەگەر هەتا بڵێی تاریکە
ڕێگەیش بە خودا درێژ و باریکە
کاروان هەموو باری کرد ڕۆیشتن تۆیش
خۆت گورجەوەکە کە ڕۆینت نزدیکە(١)

(١) ئەم چوارینە لە دیوانی بێخوددا بە ناوی بێخودەوە تومار کراوە ، بە نووسینەوەی چەند جارەی بە خەتی سەفوەت لە ناو شیعرەکانی خۆیدا ، دیارە شیعری ئەمەو لە شێوەی گاڵتەدا بۆ بێخودی نووسیوە . کە لە شوێنی تری دیوانەکەدا ئەم چەشنە گاڵتەیە هەیە .

٤٧

برا گەورەکەم(١) ، گیانی شیرینم
عیزەدین ئەتۆیش عیززەتی دینم
ئەمڕۆ بە جارێ دڵ تواوەتەوە
چی خۆشیم دیبوو هەمووم دایەوە
لە خزمەت مەرقەد یەحیایی نەبی
مەولانا خالید ، ئیبنولعەرەبی
ئەبا عوبەیدە جەڕڕاحی ئەمین
هەم سنجاقداری ڕەسوولی گوزین
ئەبوو ئەییووبی مەشهوور بە کەڕڕاد
سەلاحەددینی شانازیی ئەکراد
لە خۆشییانا وەستام بۆ نیاز
بووم بە گیسکەکەی بەر دەرکی ئەیاز

(١) ئەم شیعرانەش ساڵی ١٩٤٣ نووسراون ، وەك نامەیەك کە بۆ مەلا مەحموودی برای بنێررێ . لە شامەوە ، کە بەرەو لوبنان چووە ، دیارە تەواو نەکراوە .

٤٨

یاران ، دلسۆزان ، یاران ، دلسۆزان
با بێ لە ئێوە یەکێکی حاڵزان
تووشی دەردێ بووم نی‌یە دەرمانی
زامێکی پڕ سۆ لە دڵ نیهانی
هەڵس‌و کەوتمە وەك ئینسانی شەل
تەپوتل ئەدەم کەوتوومە دووی مەل
ئەو مەڵەی کە کەس ناوی نازانێ
نەمخستە سەر زار بۆ هەر نەزانێ
پێم ئەڵێن بۆچ وا حاڵت پەشێوە
نازانن وونە لەو مەلەم شێوە

٤٩

ئەو سەرکەشە ، پەرچەم ڕەشە ، ئەو چاوگەشە تاکەی
بۆ من بە ڕەوا شەربەتی مەرگ‌و بە ڕەقیب مەی
بەم دەربەدەری‌و دووری‌یە ڕاهاتووم ئەما
داخم ئەوەیە غەیرە ئەدا دەورەیی کەعبەی
ئەو موسحەفی ڕوخساری‌یە لەو پیسە حەرامە
ئەم دەستە بە دەست نوێژە لە بۆ زولفی بە حەلقەی
دولبەر بە نەزاکەت ووتی کوا شاهیدی عەشقت
لەو ڕۆژەوە لاوازم‌و گۆنەم بە مەسەل بەی

حوکمی دلی دا مەحکەمـەیی عـەشـــــقو نیگارم
گرتی بـە نیهـان خسـتیە نـاو گۆیی هەیاسـەی
مەجنوون کـە ئەڵێن گەورەیی عوششاقی جیهـان بوو
ڕازی دلی دۆڕانو نـومـایـان بـوو لـە چیهـرەی
بـڕوانـنـە ئـەحـوالی ئەنیسـی شـــەوی عوشرەت
سـینەی هەموو کون کون بووە وا ئەمڕۆ وەکوو نـەی
دوکتۆر و ئـەتیببـایی عیـــراقو هەمـــوو لوبنـان
کـول بوونو بـە دەردی دلـەکـەی من نـەبـرا پـەی
ژینم بـە گەدایيو بـە شـــەهی کورت و درێـژی
ئەیکەم بە فیـدای نیـوە نیگاهێـکی بـە عیشـوەی
دەرچـوو لـە کـەوانی برۆ موژگـــانی بـە ڕیـزە
گوێ بگرە لـە هـەر سـینەوە دێ ناڵەیی یـا حەی !
لـەو تیری موژە بۆچی بترســـێ ئـەبێ عاشـــق
سـەد مردوو ئەکـا زیندوو بـە یـەك دەم بـە هەناسـەی
دڵ بەسـتـەیی هەودایـەکی گێســـوویەتی یـا ڕەب
بۆ ئـاوی حـەیـاتێ بـڕژێنێتـە چـەنـاگـەی
وەقتێ هـەتـە ڕوتبـە لـە عەشـــقدا بـە هەناسـە
بتوانی کـە ئـەو زوڵفـە لەســـەر ڕوومەتی لادەی
(سـەفوەت) ئـەمـە سیرڕێکە لـە مزگەوتەوە بۆ دێـر[1]
خـۆ تـۆ بـە حیســـابێ لـە هەواخواهی مەدینـەی

(١) دیارە کە ئەم شیعرانەش لە لوبنان نووسراون . مەبەس بە (دێر)یش هەر سەنەتۆریۆم (مەسەح)ی بەحەنەسە کە سەر بە (دێر)ێك بوو .

جانا بڵێ بۆ عاجزو بۆ پەستو کەساسی
بۆ موزتەریبو ماتیی و بۆ غەرقی پەلاسی
شۆخێ کە سەماواتو زەمینی بە دووا چوویت
ئێستە لە دڵا دیمەوە ، دڵداری سیاسی
تۆ هاتی‌یە دنیاوە بە ڕووتی‌یو بە قووتی
ئێستە چیە ، بۆ مائیلی پۆشینی لیباسی
گەر عەبدی خودای ڕوو لە خودا کە بە سەداقەت
ئیتر چیە بۆ موختەلیتی زومرەیی ناسی
دەریایەکە بێ پەی لە بەرابەر کە ئەبینی
ئەمڕۆ من ئەچم بۆی‌و سبەی تۆ بە سەراسی
هەرکەس کە چووە ناو سکی ئەو بەحرەوە خنکا
وەك قەترە بە دەریا نیە نیشانەو باسی
کوا تەختی سلەیمانو هەموو حیشمەتو جاهی
کوا قەسری ئیرەم ، باغی‌یو ئەنهارو ئەساسی
(سەفوەت) دڵی تۆ خەلوەتی دڵدارە بە بیللا
ڕووناکی کە ، پاکی کەرەوە تۆ دڵی قاسی

٥١

پێم ئەڵێن گۆشەگری‌و ئەومە لە نێو شارێ[١]
دۆست پەرستم بە هەزارو کەچی نیمە یارێ
پێم ئەڵێن نیتە سیاسەت ، ئەوەتانی بە هەزار
لە بنا دەست ئەبڕم تێنەگەیشتن جارێ
پێم ئەڵێن عیلمی نی‌یە ناوی لە خۆی ناوە مەلا
مێزەرێکم لە سەرە من بە قەدەر دەستارێ
پێم ئەڵێن عەقلی نی‌یە بێ‌بەشی فەهم‌و دانش
ئەی ئەبێ بۆ نەبمە گەورەیێ یا سەردارێ
پێم ئەڵێن کاسبی ناکات‌و لەبەر چاویشیان
نیشتمانێ ئەفرۆشم بە دوو سێ دینارێ
پێم ئەڵێن کەی ئەمە شیعرە ، بەچی بۆتە شاعیر
حیکمەت‌و پەندی برایانە بە چەند ئەشعارێ[٢]
پێم ئەڵێن مولکی نی‌یە ، زۆرە بەڵا بێ سەمەرە
ئەم هەموو مولکە کەوا مایەوە بێ سەرکارێ
پێم ئەڵێن دوو ڕووە وەك نیسك‌و منیش هەڵساتم
هەردەمە ئەومە لەسەر لایەك و نیمە بارێ
چی بڵێ (سەفوەت)ی بێچارە لەگەڵ (لا یسأل)[٣]
چەند سەگێکی هەڵەپاس بوونە ئەدیبی شارێ !

(١) ن – ئەومە لە نێو ملیاری .
(٢) ن – ئەی چی‌یە ئەم هەزەیاناتە بە چەند ئەشعارێ .
(٣) (لا یسأل) – مەبەس خوایە .
(٤) ن – هەرزەگۆیێ ئەیەوێ بێتە ئەدیبێ شارێ .

تەخمیسی
چەند دێڕی مەولانا خالید

٥٢

کوا سـوولەیمانو سکەندەر ، کوانێ خەتسی مورسەلین
کوا شـەهەنشاهانی عالەم ، کوا مولووکی ڕووی زەمین
نەفسی بـەد تاکەی غوورووریو سەرکەشیی خولیایی ژین
(چشـم عبرت برگشـاو تاج کسرارا ببین)
(پـردەدارش عنکبـوت و جغـد نـوتی زن بـود)

★ ★ ★

کێ لە ژێر ئەم چەرخە شـینە گەی بە ئامانج و مـراد
کوا سولەیمان و نگینی ، تەخت و حوکم و عەدڵ و داد
کـوا کـەیـان کەیکاوس و کەیخوسرەوو شا کەیقوباد
(گـردش گـردون هـزاران خـانـدان بـربـاد داد)
(نـه همین بـد مهریش بـا تو اسـت یـا بـا من بود)

★ ★ ★

دەستە دەسـتە هاتو ڕۆیی دولبـەرانی کـەچ کـولاه
نازەنینـان بوون بـە خـاك ئـەی دڵ دە بگـرە ئینتیباه
گـوێ گـرە چی فەرمووە ئـەو عـالمەی عیرفـان پـەنـاه
(پـا بخـاك آهسـته نی « خالد » که این خاك سیاه)
(از غبـار خـط مهرویـان سـیمین تـن بـود)

٥٣

ویستم لـە لێوی ماچێ ، ئـەو لـەیلـە نـابێ ڕازی
ئەڵێ هەتیـو بترسـە لـە عەدڵو دادی قـازی
بیـانووت هیوایـە یـاخـۆ هـەتـە نیـازی نـازێ
وەرنـا چ سـەهلە قازی ڕازی ئەبێ بـە قـازێ

پەیکی دلسۆزی عالەم شەماڵە — پەیکی من بای وەشت
سەرەو ژوور بڕوا بگاتە مۆسکۆ — بە سەیرانو گەشت
نامەم بۆ بەرێت بۆ کێ ؟ بۆ گوڵم — بۆ میوەی دڵم
بڵێ بولبولی باغچەی ژیانم — غونچەی سەرچڵم
عیزەتی دینم ، عیزەتی دنیام — لە دووریت شەیدام
بە بێ تۆ هەرچەند زۆرم لە دەورە — بەڵام بە تەنیام
نامەکەت گەیشت نامە سەرچاوم — چوو بوو کاسایی
نامەی گەیشتمێ هێزو هەناوم — کەوتە بینایی
نامەت وەك نوشتە ئەمنایە سەرسەر — بە پیرۆزیی فەڕ
ئەمنایە سەر دڵ ، بۆم ئەبوو بە گوڵ — بێ عەترو عەنبەر
ئەمنایە سەرسنگ ئەبوو بە دەرمان — بۆ هەموو دەردم
گێڕامیـیە دوواوە بۆ ڕیزی گەنجان — پاكو بێگەردم
ئینجا ئەی گوڵی نیسانی نەخشین — گیانە عیزەدین
نیازم لە لای جیهان ئافەرین(١) — کامەران بژین
دوور لە وەیشوومەی شوومی خەزانی — بەڵای زستانی
ئاگادارت بێ زاتی یەزدانی — ئاشکراو نیهانی
لام وایە دووریت ئەمهێنێتەوە — مەیدانی گوفتار
هەستی شاعیریم ئەجوولێتەوە — بۆت بڵێم ئەشعار
پەژموردە بوو بووم کەوتبووم بێحاڵ — زمان بوو بوو لاڵ
(٢) (یحییها الذي) (أول مرة) — بمداتێ کەماڵ

(١) دروستکەری جیهان .
(٢) ئایەتی (یحیها الذي انشاها اول مرة) ـ مەبەس خوایە .

خوا لەژینا بمهێڵێتەوە — ئەی نووری چاوان
هەتا ئەبینم ئەگەڕێتەوە — خاکی نیشتمان
دەست بە مەشخەڵێ ، نووری حیکمەتێ — وەك بلیمەتێ
لە کوردستانا ، لە نیشتمانا — دەرخەی هیممەتێ
باری دووریی تۆ لە سەر دوو شانم — قورس‌و گران بوو
بە هیوای خزمەت بۆ نیشتمانم — لە لام ئاسان بوو
کەمال‌و مارف ، کاوس وەکو تۆ — ڕۆڵەی ئەم خاکەن
هیوای دوا ڕۆژی کوردی کەساسن — سادەی ئازا کەن
فەرموودەی کوردی ڕابوردووی زانا — بە نەسرین بڵێ
شێر لە بێشەدا سەری دەرهێنا — چ نێر بێ چ مێ
شێرانە هەڵمەت بدەن بۆ خزمەت — بۆ کوردی نەگبەت
لە خێڵ بەجێماو هەر تەنیا ئێمەین — کوانێ حەمییەت
بنەچەی کوردم بۆ بدۆزنەوە — لای مێژووناسان
بیدەنە بەر شەق هەڵبەستی بوختان — تا هەموو جیهان
بزانن ئێمەین لە ڕۆژهەڵاتا — یەکەم بنچینە
نووح‌و کەشتیی نووح وا لە وڵاتا — وەرە بیبینە
گۆتی‌و کاسایی ، لۆلۆ ، هەر دوو ماد — بۆم بکەن بە یاد
جێگەی شانازیی تیرەی کوردانن — بۆچ بچن بە باد
وورد وورد بگەڕێن نامەخانەکان — بۆمان دەربێنن
هەرچیتان دەس کەوت دەربارەی کوردان — هیچ مەفەوتێنن
ڕۆژهەڵاتیکان هەمووی وەك یەك مرد — نەك بە تەنیا کورد

هۆزەکانی‌تر کردیان دەس‌و برد ئیشی خۆیان کرد
سامانی هۆزی خۆیان گێڕاوە لە ڕۆژئاواوە
لە ڕۆژهەڵاتا هەر کوردە ماوە یانە سووتاوە
باری سەرشانی نەوجوانانە هەر چەند گرانە
هەوڵدانی زۆر بۆ ئەم سامانە هەولی مەردانە
کوردیش بوویەتی ئەدەب یانی وێڵ بە تەلەکەو فێڵ
ڕووخانیان بینای بە پاچو بەیێڵ هەتا لێی بووین وێڵ
کوڕم سەیری کەن خاکی نیشتمان یانی کوردستان
لە دەلیای خەزەر ، هەتا عوبادان بەهەشتی یەزدان
لە دەشتی ڕەنگین ، لە چیای نەخشین خوا پێی بەخشین
خۆشترین شوێنی سەر ڕوویی زەمین کورد تیایا ئەژین
باپیرە گەورەی ئێمە یانی کورد بە تەنیا ئەو مرد
وەجاخی کوێر بوو هاتن دەستو برد زوو میراتیان برد
بەش بەش بوو خاکی وەك گای تالانی زۆریان بۆ هانی
بێ لانە و یانە منالەکانی بە سەرگەردانی
بە ووتەی نەستەق نابووژێتەوە ناجوولێتەوە
کۆششی ئەوێ زیندوو بێتەوە گرد بێتەوە
ئەبێ ڕاپەڕن گشت کوردەواری بە فیداکاری
پشتی یەك بگرن بە مەدەدکاری تابکرێ چاری
هەر وەك پێویستە بۆ ڕێی دین توێشوو لە نوێژو ڕۆژوو
ڕێگەی ئازادیش زانیاری ئەوێت بە گوێرەی مێژوو
ئەگەر مام هەتا ئێوە دێنەوە پێتان ئەبم شاد
گەر نەمام گیانە خزمەتە لەولاش من ئەکا ئازاد(٣)

ئابی ١٩٦٠

(٣) ئاشکرایە کە ئەم قەسیدەیە لە شێوەی نامەیەکدا بۆ ئامادەکەری ئەم دیوانە نووسراوە ، کە ئەو کاتە لە مۆسکۆ دەیخوێند .

بـۆ زانستی[1] ٠٠٠

٥٥

لـه کوردا ئـهمـڕۆ حـهقیـه زانسـتی
ئهگـهر لێبدا گـهزافی ههسـتی
بـه نووری عیلم ، بـه جههـدی تـهواو
ڕوونـاکیی عیـلم بـاش ئهکـا بـڵاو
بـه واسـیتهی ئهو نهخوێندهواران
زۆریـان چوونـهتـه ڕیزی شـاعیران
عیلم واسیتهی ئیدراکو شـوعوور
عیلمه کـه ئهیکا دهماخ پـڕ لـه نوور
سـا خوا پـڕ کـهی دهمـاخی کوردان
لـه عیلم و دانش حیکمهت و عیـرفان

(١) ئهم شیعرانه لهگهڵ وتارێکدا له کۆبوونهوهیهکی زانستیدا سـالی ١٩٢٨ خوێندراوهتهوه .

نیشــــــتمان

نیشــــــتمانی جوانی کوردســــــتان
بـه چیـاو ســـەبزەزارو سەر کـانی
تۆ بەهەشــتێکی خۆشـــی یەزدانی
وێنـەیی تـۆ نیـیـه لــه روویی جیهان
لـه هـەمـوو لاوه بۆچ دەسی زۆردار
بـه دەسیسـه و بـه حیلەوو جادوو
کــەوتـه نـاو تۆوه دوژمنی بـەد خوو
پێی نەهێشــتی هەموو کەس‌و ســەردار
بەش بەش‌و پـارچـه پارچەیـان کردی
شـــاده هەرکەس کەوا وەریگرت بەش
وەتـەنـم ئیمرۆ بوویتـه مولکی حەبەش
وا ئـەزانـن تـەواوەتی مـــــردی
نـامـرێ تیرەیی بـه هـۆش‌و بـه فـام
ئـەو کەســـانەی هەیانـه وا کەلکێ
ڕۆژێ دێ گشـــتی پێـکەوه ئـەلـکێ
دێتـەوه کـایـه بـۆ هیـواو ئەنجـام
ڕاســتی ئیش ئـەکـا نەوەك بە گەزاف
دلـه ، ئـەبێ ســـرەوت‌و نـاسـرەوێ
(سـەفوەتا) من حقووقی کوردم ئەوێ
مێژەرم نێن لـه مل لـه جێی تـەنـاف

پیـری ژیـری ژیـن[١] بولبولی باغـم
دەمێکە بـە خـوا جـگەر بـە داغـم
ڕووی بـە ڕۆژوو بـووم وەختێ ئێوارە
زەردبـووە گـۆنام لێـوم بـەبارە
سـەرخۆشی بادەی ڕۆژی ڕەمـەزان
ڕۆژئـاوا ئەکـەم ئەڕوانمە شـاخان
هاتـوچۆ ئەکـەم ، نەشـئەیی مەسـتی
خسـتمیە باغچـەی گولزاری هەسـتی
گولـزاری هیـواو ئـاواتی دێـریـن
هـاتـە بـەر چـاوم شـیرینو ڕەنگین
گولـەو رێحـانـە خـەرمـانـەی داوە
عەرعـەر وەك بـالآی دولبـەر وەستاوە
شـۆڕەبیی هیـوا بـا ئەیشـەکێنێ
ئـەو دەسـتە ببـڕن لقی ئەشـکێنێ
بـاغو بـاغـاتو مێـرگو میرغـوزار
چیمەنی نەخشـین سـەرو و لالەزار
نەك دلێ بە (لەك)[٢] ، دل ئەبێ حەیران
یـا خوا بـە خێر بێیت مانگی ڕەمـەزان
وا هێنـاتـەدەر شـیمەی نەسـابەت
کردتـەوە بۆ من قـاپیی کـەرامـەت
گولزاری هیـوای ڕۆژی دوایی کورد
خسـتتە بەرچـاوم وەهـا دەسـتو برد
ڕۆیشـتـم گـەڕام بـە نـاو گولانـا

(١) دیارە مەبەس پیرەمێردی شاعیرە .
(٢) لـەك : هەزاران .

لەنجەولار ئەکەم بە ناو بێستانا
بە نەشئەو خۆشی وا تیا ئەکەم گەشت
پاداشی ڕۆژووم هاتوومە بەهەشت
بەهەشتە ئەمە ، یا سەرچنارە
لەبەر چاوی من وەها دیارە
لە دامێنی گرد ، بەربەست کرابوو
دەریاچەیەك بوو دروست کرابوو
سەد دوو سەد بەلەم وا لەسەر ئاوە
هەندێ ئەگەڕێت ، هەندی وەستاوە
بیلاتی کوردی وا لە سەرچنار
لەسەر بیلاتان ئەکا ئیفتیخار
پایتەختی کوردە وا سلێمانی
زیندووبۆتەوە دەوری بابانی
لە قاپی‌ی بیلات جووتێ یاساوڵ
چەك بە دەستەوە فیشەکدان لە مل
بە هەر جۆرێ بوو چوومە نزیکیان
لە چاکی بەختم چابوو ناسیمیان
گەورەی بیلاتە پێشەوای وولات
چوومە خزمەتی بێ نیشانەو کارت
ووتم پێشەوا گیانی شیرینم
پایتەختی شایی کوردم ببینم
لەگەڵ پێشەوا چوومە سەراوە
تیپی تایبەتی‌ی شایی وەستاوە
چ تیپێ تیپی هەموو دلاوەر

ڕانكو چۆغەی زازایی لەبەر
لە هەر تیرەیە تایبەتی چەند لاو
تیپی تایبەتیی پێکرا بوو تەواو
بەم جۆرە عەسکەر بەم وێنەو تەرزە
نەمدیبوو ئازام گشت کەوتە لەرزە
هێزم دایە خۆم جا بە ئازایی
ڕووم کردە ژووری تایبەتیی شایی(٣)

(٣) من ئەم پارچەیەم بە مندالی دیبوو ، لەسەر چەند کاغەزێك نووسرابۆوە . بە داخەوە هەر یەك لاپەڕەی دۆزرایەوە . شیعرەکان کۆنن ، تۆ بڵێی باسی پێشەوا ، باسی مەهابادی خوێنین نەبێ ؟

٥٨

بۆ ئەمین زەکی بەگ(١) ...

هەمدیسان کەوتەوانێ کۆسی کورد
پێشەوامان ئەمین زەکی بەگ مرد
کوردی بێکەس بە چی بێ بە تەما
پێشەوایێکی بوو ، ئەویشی نەما

(١) کتێبی « یادی کۆچی ئەمین زەکی . بەغدا ، ١٩٤٨ » ووتارێکی (سەفوەت)ی تێدایە کە لە کۆڕی چلەی ئەمین زەکی بەگدا لە سلێمانی خوێندراوەتەوە . ووتارەکە پەخشانە ، بەڵام لە سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتاییدا سێ پارچە شیعری تێدایەو تێهەڵکێشی پەخشانەکە کراون . لێرەدا شیعرەکانمان تۆمار کردەوە .

ڕێ‌یەکی گشتی‌یەو نی‌یە چارە
ئەگینا شانی کوردو ئەم بارە
باری وا پشتی قەومێ ئەشکێنێ
باری وا کێو و کەژ ئەڕووخێنێ
خوا بە غوفرانی ئەو بکا دڵشاد
هۆزەکەیشی لە بەند بێ ئازاد
زۆر بە تەئریخەکەی دڵم شادە
کە ڕەزای ڕەببی بۆ بوو ئامادە
(رضی الرب عنە) بێ هەمزە
هیجرەتی پێشەوایی سەربەرزە
١٣٦٧ = ١٢٥ + ٢٣٢ + ١٠١٠

٥٩

نیشتمان زەمین ، ئینسان برایە
لە باوکی ئادەم ، دایکی حەوایە
ئەگەر بە برا یەکتر بناسین
ئیتر بۆچ ئەبێ ئەم گشت هەرایە
ئەمەی من ئەیڵێم بێ شوبهەو گومان
فەرمانو ئەمری ڕەسوولوللایە

له دووریی تۆ زەکی بەگ دڵ سووتاوا(١)
هەموو کوردێ هەناسەی لێبڕاوا
شکا پشت و بڕا هێزی دوو ئەژنۆ
لە گریەن ، پیر هەتا منداڵی ساوا
ئەوەندە نیشتمانیش جەرگی سووتا
لە سەرچاوەی نەما ئاو وەك لە چاوا
ئەمانە دەردی دووریتن وەئیللا
نەمردوویت ، زیندویت ، هەر وای لە ناوا
هەتا ڕۆژی سەما تیشکی ئەمێنێ
هەتا ئەم سەر زەمینە مابێ ئاوا
خەیاڵت هەیکەلێکی یادگارە
لە نێو ساحەی دڵی هەر پیرو لاوا
لە فکرم پرسی تەئریخی وەفاتی
ووتی پێم : نیشتمان پەروەر نەماوا
١٣٦٨ = ٩٨ + ٤١٨ + ٨٥١

(١) دیارە یا نارەزووی یەکخستنی قافیەی هەموو پارچەکە یا تەئریخەکەی دووا دێڕ وای لە شاعیر کردووە کە لە دێڕی یەکەم و دووا نیو دێڕدا (ئەلف) بخاتە جێی (هێ) . جا نازانم بۆ کوردی دەگونجێ (ئەلفی ئیتلاق) ، وەك شیعری عەرەبی لە کۆتاییدا دابنرێ ، یا بە ناوی (ئیشباع)ەوە (هێ) بکرێ بە (ئەلف) ، یا هەر زاڵ نەبوونە بەسەر تەئریخ دەرهێناندا . بە هەموو بارێکدا وامان بە باش زانی کە ئەم پارچەیەش تۆمار بکەین ، بە تایبەتی کە ناوەڕۆکەکەی بابەخی تایبەتی هەیە . (ع)

- ٦١ -

بـه تەزویرو دوعـا تەســخیری ئـەو شـۆخە چ ئیمکانه
خەیـالی خـاوە عەنقـا ناکـەوێتـە داوی ئەفســــانه[١]

- ٦٢ -

سوئالم کرد کە چین بەربوونەوە ، ئـەو نەحسی قیرسچمە
دوو لفکەی دا بـە یەکدا کاکە شـــێخ قادر ووتی لچمە[٢]

- ٦٣ -

چواردە ســــالە شێتو شـــەیدای چـاوی تـۆم
بـــەم هـــەمــوو دەردە ژیـــاوی نـاوی تـۆم[٣]

(١) ئەم تاکە بە خەتی شاعیر نووسرابۆوە ، نیوەی یەکەمی شـــیعری مەحوی‌یە ، نیوەی دووەمم نەدۆزی‌یەوە ، ڕەنگە هەر تێهەلکێشـــی خۆی بێت .

(٢) لە بەرگی فەرهەنگێکی (المنجد)دا ئەم دێڕەش بە خەتی شـــاعیر نووسرابۆوە ، ڕەنگە ئەمیش هەر شـــیعری خۆی بێت . چونکە لـە دیوانی‌تردا نەمدیبووە .

(٣) لە بەرگی ژمارە ٦ی ســـالی ٨ ، حـەزیرانی ١٩٤٧ی گۆڤـاری (گەلاوێژ)ی نووسیوەتەوە .

- ٦٤ -

هۆنراوەی کوردی

لە دوڕی بوردی

شاعیر دەیگێڕایەوە ، دەیووت : فەقێی سلێمانی شەوانی جومعە لــە مزگەوتی گەورە کۆدەبوونەوە قەسیدەی بوردیەی بووســـیری‌یان بــەو چەشنە دەخوێندەوە کە لە کوردستاندا باوە • زۆرم لا خۆش بوو کــە ئەم قەسیدەیە بە کوردی بخوێنرێتەوە ، لەبەر ئەوە دێڕ بــە دێڕ لەسەر وەزنو ڕەویی خۆی کردم بە کوردی •

ئەوە بوو ئەو وەرگێڕانە سالی ١٩٣٥ چاپکراو لە زۆر شـــــوێنی وولاتدا بلاو بۆوە ، لە سلێمانی نەبێ ، کە شتی خۆمالی لای هاوەلان نرخی نیە ، لەبەر نرخی مێژوویی ئەم وەرگێڕانە ، وا چاپمان کــردەوە • بــەلام دەبێ ئەوەندە بلێین ، کە شاعیر جارێکی‌تر ، پاش چاپ دەســتکاری‌یەکی ◀

کەمی وەرگێڕانەکەی کردووە • چونکە هەندێك دەستکاریمان لەسەر نوسخەیەکی چاپکراوبینی ، هەر وەك لە پاڵ وەرگێڕانی (بانت سعاد)دا کە ساڵی ۱۹٤۹ کراوە ، جارێکیتر ئەم بوردەیە نووسراوەتەوە کە جیاوازییەکی کەمی بەرەو کوردیتری تێدایەو ئێمەش لە چاپکردنەوەدا ئەوەمان ڕەچاو کرد •

(ع • م)

شاعیر ئەم چەند دێڕەی لە چاپی یەکەمی قەسیدەکەدا نووسیووە ..

بڕێژە ڕەحمەت خوا بە دائیمی تا ئەبەد
سەر خۆشەویستت کە چاترینی خەلقە بەجەم[1]

ئەبێ لە نێوانی هەر دوو شیعرێکا ئەمە بخوێنرێتەوە ، چونکە :

بەیانیان کردووە ئیمامی (غەزنەوی) هەموو شەوی جومعەیەك ئەیخوێند بۆ ئەوەی بە خزمەتی حەزرەت بگا ، نەیئەدی ، لە لایەن مورشیدێکەوە پێی ووترا بەم جۆرە بیخوێنە بە خزمەتی ئەگەی • خۆم کە ئەم دوڕانەم هۆنیەوە ، شەوێکی جومعە بەم جۆرە،خوێندمەوە ، بە خزمەت کامەران بووم ، قەسیدەکەم خوێندەوەو ئەسەری قبوولم وەرگرت •

مودەڕیسی مزگەوتی باشچاوەش لە سلێمانی
حاجی مەلا ڕەسووڵ زادە
مەلا مستەفا سەفوەت

---

(۱) خوێندنەوەی ئەم قەسیدەیە لە ڕووی کێشەوە زۆر تر بەو چەشنە لەنگێتی ڕاستدەبێتەوە ، کە وەك خوێندنەوەی قەسیدەی بوردیەی ناو کوردان بخوێنرێتەوە • (ع)

هـاواری عەشـــق

لــە یادی هەمســـایەکەی دانیشتوویی زی سـەلەم
فرمێســکت کرد تێکەلی خوێنێ کـە ئەڕژا لە چەم
یـا بـایـە بوو هاتبوو لـە لای مەدینـەی ڕەسوول
یا بەرقی ڕوون بوو لـە تاریکی لـە شــاخی ئیزەم[٢]
ئەی بۆ دوو چاووت بڵێیت مەگرین ئەوان زیاد ئەکەن
دڵ بۆچ بڵێیت پێی بەسە زیاتر ئەبێ پـڕ لـە هەم
ئـایـا وەها تێ ئەگـا عاشـــق کـە پەنهـان ئـەبێ
حوببی لـــە بەینی دلی شــێواو و چاوی بـە نەم
ئینکاری عەشق چۆن ئەکەی لە دوای ئەوەی شاهیدن
لەســەر تۆدا خورژومی فرمێسکی چـاو و سـەقەم
بەبێ عەشق نەت ئەڕژت فرمێسکت سەر جێ هــەوار
و نەت ئەرژت هەم دیسان ، لـە یادی بانو عەلـەم
دایـنـا عەشــق دوو خەتی فرمێســك و غەم هەر وەکو
شــیلانو گوڵ ئاشــکرایە وا لــەســـەر دوو کولم
بەڵێ خـەبـەرداری کـردم یـاری مەحبووبـەکـەم
مەحەبەتی تـۆ ئـەکـا تێکەڵ بـە خۆشی ، ئـەلـەم
ئەی لۆمەکـەرم لـە عەشـــقی عوزریـا مەعزەرەت
ئینســـافت ببوایـە تـۆ نەتدەگرت لۆمـەو لـەقـەم
گەیشـــــتە تۆ حالی من ، نیهانیی من نابێ وون
لـە لۆمەگر هەر وەکـو دوایی نی‌یـە دەردەکـــەم
ئامۆژگـاریت پـاکـە تـۆ ، بەڵام ئـەمن نـاییـەم
گرانـە گوێی عاشـــقان ، لە لۆمەی ئەهلی لەقـەم
پیری نەســیحەت ئەکـا ، من توهـمەتی پێ ئەکەم
پیری لـە نوسحی خۆیـا دووره لـە درۆ و توهـەم

(٢) اضم .

خۆپاراستن لە ئارەزووی نەفس

ئـەم نەفـــی ئەمارەیـە نەفـامـە گـوێ ناگرێ
لـە ترســی ترسێنەری پیریو ســپی ڕیشــەکەم
هیچ خۆی ئامادە نـەکـرد ، بە کردوەوی چاکە بۆ
مێوانـە هاتـە ســەرم لـە لای نـەبوو موحتەرەم
بمزانییـایـە ئـەگـەر من حورمـەتی نـاگـــرم
خەنەم ئەکرد مووی سپی ، وونبێ ، نەبینرێ بە چەم
کێ بـۆم بگێڕێتەوە نەفســـــم لە گومڕاییـیـا
وەك ئەسپی ســەرکەش کـەوا لغاوی بکرێتـە دەم
هیوات نەبێ شــەهوەتی نەفست بە عسیان شکان
خۆراك کە زۆرتر ئەدا قوەت بە گـەورە شــکەم(١)
وێنـەی منالـە نەفس ، گەر لێی گەڕێیت زل ئـەبێ
لەســەر مـەمـك بیبڕەوە نـابینی بۆی بێنێ دەم
لایـدە هــەوایی نەفس ، وریـا بـە ئـامیر نـەبێ
کـە بوو بـە ئامیر ، هـەوا ئەتخاتـە ڕەنجو سەدەم
وریـای بـە کەوتـە لەوەڕ لـە کاتی ســەرداریـا
دەمی کـــە شیرین بوو لێی بۆت ناگیرێ بێ ستەم
چەند جوان ئەکا لەززەتی کوشــنـدە بـۆ ئـادەمی
جۆرێ نـەزانی هـەیـە ، لـە چەوریا زەهرو سـەم
ترسی دەسیسەت بێ لـە برســێتیو تێـرییـا

(١) گەورەشکەم : وورگ زل .

برسێتی زۆرە خراپتر بی لە تیری شکەم
بڕێژە فرمێسکی خوڕ لە چاوێ وا پڕ بووە
بێ دینی جا دانیشە ئەوسا لە دەرگای نەدەم
موخالەفەی نەفس و شەیتان کەو لێیان وەرگەڕێ
نەسیحەتت گەر ئەکەن ، بیانکە تۆ موتتەهەم
ئیتاعەیان هیچ نەکەی بە موددەعی و حاکمی
کەتۆی ئەزانی دەسیسەی موددەعی یا حەکەم
داوا ئەکەم عەفوی حەق لە قەولی بێکردەوە
هەر وەک منالی نەزۆکە نیسبەتی ئەم قسەم
چاکیم ئەمر کرد بە تۆ ، خۆم کردەوەم پێنەکرد
ڕاستیم نەبوو چۆن ئەبێ بۆ تۆ بە ڕاستیی قسەم
ڕێکم نەخست زادی سوننەت من لە پێش مردنا
قەرز نەبێ نوێژو ڕۆژووم بۆ نە هاتن بە هەم

بەندی سێیەم

ستایشی
پێغەمبەر (ص)

تەرکی ڕەوشتی کەسێکم کرد کە ئیحیای ئەکرد
تاریکیی شەو تا دوو پێی شکاتی کرد لە وەرەم
بەردی لەسەر زگ ئەبەست نەبی لە برسێتی یا
خەرجی ئەکرد بۆ خوا دیناری چی بوو درەم
کێوان بە ئالتوون ئەبوون ، خۆیان لەبەردەست ئەنا

ڕووی وەر ئەگێڕا لێیان ساحێبی خولق‌و شەمەم
نەبوونی چۆن ئەو کەسە ئەخاتە دنیا کە ئەو
نەبوایە دنیا ئەبەد نەئەچووە دەر لە عەدەم
موحەممەدە گەورەیی دنیاو و دین ، ئینس و جن
گەورەی دوو فیرقە ئەوە لە عارەب‌و لە عەجەم
پێغەمبەری ئێمەیە فەرمان دەرو ناهی‌یە
ڕاستتر نی‌یە لەو ، کەسێ لە قەولی (لا) یا (نەعەم)
هەروا حەبیبێکە مەئموولە شەفاعەتی ئەو
بۆ هەر بەڵاو ترسێ دابگرێ هەموو کەس بە عەم
بۆ لای خوا بانگ ئەکا دەسگر بە دامانی ئەو
دەسگیر بە پەیمانی بوون ، هەڵناوەشێ زۆرو کەم
بەرزتری ئەنبیا لەشێوەو و هەم سروشت
نزیکی ئەو ناکەون لە وەسفی عیلم‌و کەرەم
داوا ئەکەن گشتیان ، لە تۆ رەسوولی خوا
لوێچێ لە دەلیای عیلم ، پرشنگی ئاوی کەرەم
لە جێی خۆیان ئەنبیا وەستان لە خزمەت ئەوا
لە نوختەیێکی عیلم ، وە یا لە شکڵی حەکەم
تەنیا ئەوە وا تەواو بوو سیرەت‌و سوورەتی
جا کردی‌یە خۆشەویست پەروەردگاری نیسەم[1]
پاکە لە هاوبەش لە جوانی خۆی‌و جا جەوهەری
حوسن‌و جەمالی ئەبەد ناکا قبوولی قەسەم
ئەوەی کە گاور لە عیسادا ئەڵێ مەیلێ تۆ

(١) نیسەم . نسم ، انفس .

چی مەیل ئەکەی بیڵێ بۆ مەدحی رەسوولی ئومەم
نیسبەت بدە زاتی ئەو چی مەیل ئەکەی بۆ شەرەف
نیسبەت بدە قەدری ئەو چی مەیل ئەکەی بۆ عیزەم
فەزلی رەسوولی خوا بڕانەوەی بۆ نی‌یە
بتوانێ باسی بکا کەسێ بە نوتقو بە دەم
میقداری قەدری بڵندی موعجیزەی بێتە ڕوو
زیندوو ئەکا ناوی پێی بانگ بکەی مردووی قیدەم
تاقیی نەکردووینەوە بە ئیشی دووری عەقڵ
ئێمەی ئەوەند ویستووە نەمانبێ شوبهەوو هەم
لە فەهمی مەعنایی ئەو عالەم هیلاکن هەموو
لە دوورو نزدیک کولە تیغی شعور و فەهم
وەك ڕۆژە سەیری ئەکەی بچووك ئەبینرێ لە دوور
شەوقی لە نزدیکەوە دێنێتە سەرچاوت تەم
حەقیقەتی ئەو لە دنیا قەومی چۆن تێ ئەگەن
نووستوونو قانیع بوو ون لە زاتی ئەو بە وەهەم
ئەوەندە ئەندازەیی عیلمە کە ئەو بەشەرە[۲]
وە چاترینی هەموو خەلقی خوایە بە جەم
چی‌یان هێنا موعجیزە پێغەمبەرانی خوا
لە نووری ئەم بوو کەوا پێیان کرا بوو کەرەم
ئەم ڕۆژی فەزلە ، ئەوانیش گشتی ئەستێرەین
کە دەریان خست تیشکی ئەم، بۆ گشت جیهان لەناو تەم
هەتا تلووعی لە کەونا کردو دایگرتەوە
هیدایەتی عالەمێ و کردێوە زیندوو ئومەم

(۲) واتە : عیلم هەر ئەوەندەی پێ زانراوە .

گەورە سروشتە نەبێ ، شێوەشی هەر وا بڵند
جوانی تەواوی هەیە ، ڕوو خۆشە ئەو ڕەهبەرەم
وەك مانگی چواردە بە نوورە ، نازکە وەکو گوڵ
وێنەی زەمان هیسەتی دەریایەکە بۆ کەرەم
بە تاقی تەنیا کە تووشی بێ لەبەر هەیبەتی
وا تێئەگەی وا لەگەڵ ئۆردو و سوپاو و حەشەم
بە چەشنی ئەو لوئلوئەی لە ناو سەدەف دانرێ
وتارە پیرۆزەکەی کە دانراوە لە دەم
هیچ بۆنێ ناگا بە خاکێ وا بە ئەندامیەوە
تووبا(۳) بەشی ئەو کەسە ، ئەو خاکە ماچ کا بە دەم

(۳) تووبا ـ طوبى . درەختێکە لە بەهەشت ، بە مەعنا ـ خۆزگە ـ یا بەختەوەرە ئەو کەسە بەکاردێت .

بەندی چوارەم

لە دایکبوونی پێغەمبەر (ص)

کاتێ لە دایك ئەبوو بۆنی ئەهات ڕەگەزی
لەو بۆنە خۆشە کە بووی لە سەرەتاو موختەتەم
ڕۆژێ بوو لەو ڕۆژەدا فورس هەموو تێگەیین

کە ترسیان کەوتە بەر بە هاتنی دەردو غەم
هەیوانی کیسرا ڕما وەك کۆمەڵی لەشکری
جۆرێ بڵاو بوو سوپای نەبووەوە بۆی موتتەزەم
کوژایەوە ئاگری مەجووس و نەیسا نەفەس
لە دەوری ئەگری فوڕات ، بە دڵ حەزینی و نەدەم
عاجز بوو (ساوە) کە ڕۆ چوو ئاوی دەریاچەکەی
ئەهاتنەوە تینووەکانی دل بە قین ، ووشك دەم
جێ ئاگرت سەیر ئەکرد تەڕ بوو وەکو جێگە ئاو
جێ ئاوەکەت سەیر ئەکرد بوو بوو بە تەنووری گەرم
ئەجننە موژدەی ئەدا شوعلەی ئەدا نووری حەق
لە قەول و مەعناکەدا وا دەر ئەکەوت دەمبەدەم
کوێربوون و کەڕ بوون نەیانبیست هیچ بەشارەتی ئەو
نەبینرا بەرقی تەبلیغاتی پڕ ترس و غەم
لە دوای ئەوەی کاهینان بە قەومی خۆیان گەیان
کە دینی کەچیان نەما کەوتنە هیلاکی و سەدەم
لە دوای ئەوەی وا دیان بلێسەی ئاسۆ ئەهات
رووەو زەمین هەر وەکو چی بوو لە ئەردا سەنەم
تاکو لە ڕێگەی وەحی شەیتانان ئاوارە بوون
وا یەك لە دوای یەك نەسووتێن تا بە شوعلەیی گەرم
وەك پالەوانانی ئەبرەهەن لە ڕاکردنا
یا لەشکرێ بەردی تێ گرتن نەبیی موحتەرەم
بەردێ لە دوو دەستی ئەو تەسبیحی کرد هەر وەکو
تەسبیحی یونس لە ناو ماسی ، لە ناو قوولیی یەم

موعجیزاتی پێغەمبەر

لـە حالی سـوجدە درەخت ئەهات لـە بۆ دەعوەتی
لەسـەر پێیەك وا ئەچوونـە خزمـەتی بێ قـەدەم
ڕەگ‌و دەمـاری ئەڵێیت نووسیویە دێڕێ چلۆن
نووسـینی خەتێکی خۆش بە جوانترینی قـەڵـەم
وەك هەورەکەی ئەچووە هەر جێیە بەسەر سەریەوە
حیفزی ئەکرد هاوینـان لـە تین‌و تـاوی گـەرم
سوێندم بەو مانگە بـە پەنجەی بوو بە دوو کەرتەوە
وەکـو دڵی حـەزرەتێ بـە ڕاستترینی قەسـەم
بـەوەی کـە لەو غـارەدا لـە خێرو هـەم لە کەرەم
چی چاوی کافر بوو لێی کوێـر بوو بە تانەو بە تەم[1]
ڕەسـوول‌و صددیق لـە غارا مانەوە و گـاوران
ئەیانووت ئـەم غـارە چۆڵـە چاویـان گرتی تـەم
وا تێ‌گـەیین کۆتـرو جاڵجاڵۆکـە نـاهـۆنـن
هێـلانـە نـاکەن لـە دەرگای غاری چاکان بە جەم[2]
پاراستنی خوا کـە بوو پێویسـت نی‌یە بۆ کەسێ
زرێی دوو هەڵقـە ، وەیـا قەڵای بڵند و حەشـەم
زوڵمی زەمانم نـەدی ، پـەنـام کـە بۆ بـرد بێ
کـەوتوومـە ئیسراحـەت‌و پەنایـە کـەوتـە دەسم

(١) غـاری پێغەمبەر .
(٢) لە چاپکراوەکەدا ئەم دێڕە کوردی‌یە زیاد کراوە :
ئەیوت ڕەسـوولی خوا مەترسە ئەی (بووبەکر)
لـەم غـارەدا ئێمە دووانین‌و خوایـە سێیەم

چیم داوا کرد دەوڵەت‌و سامانی دنیاو و دین
هەڵبەت دەسم کەوتووە لە چاکتر ئەهلی کەرەم
ئینکاری وەحی لە خەو ، مەکە ، دڵێکی بووە
نوستوو بێ دوو چاوی دڵ ، وریا بووە موحتەرەم
ئەمەی ئەڵێم حاڵەتی بوو ئەوەڵی ناردنی
ئینکاری ناکرێ لە دوای ناردنی ئەو بۆ ئومەم
چەند خێری زۆرە خوا وەحیی بە کەسبی نی‌یە
نەبی لە غەیبی خوادا ناکرێت موتتەهەم
بە پیاهێنانی دەسی چەندی شیفا بوو نەخۆش
بەربوو لە بەندی جنوون ، نەیما نە زۆر و نە کەم
زیندووی ئەکرد ساڵی قاتی دەعوەتی وات ئەدی
سەوز ئەبوو سەر زەمین بە چەشنی باغی ئیرەم
بە هەوری بارانی وا هەتا خەیاڵت ئەکرد
مەککە شەپۆلی یەمە یا بۆتە سەیلی عەریم
تۆ لێم گەڕێ ڕێکی خەم ئایاتی ڕووناکی ئەو
وەك ئاگری میوانداری لەبان کێو و عەلەم[٣]
دوڕ زیاد ئەبێ شەوکەتی ، لە کاتی هونراوەیی
ئەگەرچی نەیهۆنیەوە بایەخی هیچ نابێ کەم
چی‌یە هیوای من لە بۆ تەواوی مەدحم لەبۆ
ئەوسافی ئەو زاتە وا هەیە لە خولق‌و شیەم

(٣) عەلەم : هەر کێوە ، ئاگر بۆ میوان ڕووتێکردن دەکرێتەوە .

قورئان

لە لای خواوە کە هات ئایاتی حەق حادیسە
قەدیمە چون وەسفە بۆ ، کەسێ هەیەتی قیدەم
بە ڕابەری هیچ نییە بە هیچ زەمانێ کەچی
ئێمە خەبەردار ئەکا لە حەشرو عاد و ئیرەم
بەرزتری موعجیزەی پێغەمبەرانی خوا
لای ئێمە باقی بوو ئەم ئەوان نەمان بۆ ئومەم
ئایاتی ڕوونە نەیانهێشت شوبهەیەك بۆ کەسێ
وە هەم نەیانهێشتووە ڕێگایی ئەهلی حەکەم
نەکراوە جەنگێ ئەبەد مەگەر گەڕاوەتەوە
گەردن کەچی حوکمی بوو دوشمنترینی خەسم
بەلاغەتی کپ کەری دەعوا بوو لای ڕەخنەگر
وەك ئەهلی غیرەت دەسی جانی لە ماڵو حەرەم
لە زیادیا وەك شەپۆلی بەحرە مەعنایی ئەو
یا ژوورتری جەوهەری بەحرە لە جوانیو قیەم
ژمارەیی ناکرێ عەجایەبی ئایەتی
خوێنەر لە زۆر خوێندنی نابینێ ڕەنجو ئەلەم
ڕووناك ئەبێ چاوی خوێنەر من وونم دەستتکەوت
زەفەر بە عەهدی خوا بەری مەدە زۆرو کەم
بیخوێنی گەر تۆ لە ترسی گەرمیی ئاگر ئەوا
بە ئاوی ساردی کوژاتەوە بڵێسەیی گەرم
وەك حەوزێکە ڕووی گوناهباران سپی کاتەوە
لە ئاگرا هاتبن سووتاو و ڕەش وەك فەحم (۱)

(۱) یا : « هاتوون ڕوویان ڕەش بووە ، ڕەشی بە وێنەی فەحم » .

لە ڕاستیا وێنەیی میزانە یا وەك سیرات
لە غەیری ئەو کەی هەیە عەدالەت وە یا حەکەم
سەرسام مەبە گەر حەسوودێ ڕێگەی ئینکاری گرت
خۆی گێل ئەکا وەر نێ ئەو وریایە خاوەن فەهم
لەبەر تەمە هەندێ چاو ڕووناکیی ڕۆژ نابینێ
ئاو تامی نابێ لەبەر نەخۆشی لای هەندێ دەم
ئەی چاترین کەس کە دێن بۆ ماڵی ئەو سائیلان
بە سواریی ئوشتری خۆشڕەو کە دێنە حەرەم
ئەی ئەو کەسەی ئایەتی گەورەی لە بۆ موعتەبەر
بۆ ئەهلی فرسەت کە تۆی گەورەترینی نیعەم

بەندی حەوتەم

میعراجی پێغەمبەر (ص)

لە کەعبەوە چووی بە شەو تاکو بەیتولموقەددەس
وەك ڕۆینی مانگی چواردەی شەو لە تار و زەلەم
بۆ قابەقەوسەین بڵند بوویت وا هەتا پایەیە
کە قەسدی نەکراو نەزانراوە بە هیچ وەختو دەم[1]
پێغەمبەران پێش خۆیان خستی لە بەیتولقودس
بە چەشنی پێشخستنی گەورە لە باقیی خەدەم

(1) یا : « نەگەیە ئەو پایەیە کەسێ لە هیچ وەختو دەم » .

حەوت ئاسمانت بڕی تۆ بەو ڕەسوولانەوە
لە کۆمەڵێکا کە بووی خاوەنی ئالآ و عەلەم
هەتاکو لێ نەگەڕای جێگەیە بۆ هیچ کەسێ
نزیکییو بەرزی هیچ بۆ پێشەوایی ئومەم
بە پایەی خۆت نزمت کرد مەقامی هەرکەس هەبوو
کە بانگکرای تۆ بە تەنیا فەرموو مەحبووبەکەم
هەتاکو نایل ببیت بە وەسڵی هەر سڕی حەق
ئەسراری وون بوو لە چاوو هەر شتی موکتەتەم
تەنیا دەست کەوت هەموو فەخرو تەجاوزت کرد
لە هەر مەقامێ کە بوو بێ زەحمەتو بێ ئەلەم
قەدری گەلێ گەورەیە ئەو ڕوتبەیەی پێت درا
کەمێك ئەزانرێ ئەوەی کە پێت درا لە نیعەم
مۆژدە موسوڵمانەکان هەمانە پاڵ پشتی وا
روخانی نایەتە سەر لە لوتفو فەزڵو کەرەم
بە چاترینی ڕەسووڵ ، ئەحمەد خوا بانگی کرد
لەبەر ئەوە ئێمە بووینە چاترینی ئومەم

بەندی هەشتەم

غەزای پێغەمبەر (ص)

لەرزی دلی دوشمنی بە بیستنی ناردنی
وەك مەڕ لە ناکاو لە شێر کە ببیێ دەنگو نەغەم
تووشیان ئەبوو هەر شەڕێ وەکو قەنارەت[1] ئەدی

(١) مەبەس قەنارەی قەسابە .

هەر پارچە گۆشتە ئەوا ، ئالاَوەتە شیر و ڕم
فیریان پێ خۆشبوو وا نزیك بوو خۆزگە بخۆن
بە پارچە گۆشتێ کە بیگرێ بازو سیسارگ بە دەم
شەوان ئەڕۆیین نەیانئەزانی چەندە مەگەر
لە مانگێ بووایە کە مەشهوورە بە شەهرولحەرەم[٢]
دین وەك میوانە کە دابەزێ لە خاکی ئەوان
هەر گەورە پڕ ئارەزوو بۆ گۆشتی دوشمن[٣] بە عەم
سوپای ئەهێنا ڕەسوول ، ئەسپ سووار وەك بەحر
لە پالەوانان شەپۆل ئەیگرتێ پڕ ستەم[٤]
هەموو ژمێرراوی حەق ، دڵ پڕ سەوابی خوا
هەڵمەت ئەدەن هەڵکەنن ، ڕەگی کوفر پڕ ستەم
هەتاکو ئیسلامیەت لە سایەی ئەسحابەوە
دوای غەریبی هاتەوە بەجێی هێناوە ڕەحم
بە چاتری باوك و مێرد ، دین وا لە ژێر سایەدا
نابێ هەتیو ، بێوەژن ئەمێنێ هەر موحتەرەم
ئەوە چیاکان لێیان پرسە لە جەنگی ئەوان
چیان لەوان دیتووە لە هەڵمەتی پڕ ستەم

(٢) چوار مانگی زیلقەعدەو زیلحەجەو موحەڕەمو ڕەجەب ، کە بە پێی ئاینی ئیسلام کوشتاریان تێدا قەدەغەیە .
(٣) ووشە عەرەبی‌یەکە (قرم)ە بە مانا حەریس بۆ گۆشت خواردن .
(٤) لە نوسخە چاپکراوەکەدا ئەم نیو دێرە بەم جۆرە چاپکراوە :
« ئەیگرتە گاور سوپای شەپۆلی ڕەنجو سەدەم »
بەلاَم لە دەستنووسەکەدا بەم چەشنەیە کە چاپمان کرد ، ئەمەیان لە کوردی‌یەکەیدا تازەترە ، بەلاَم ناچار بوو لە دوو دێری دووا بە دووادا قافیەی (ستەم) دووبارە بکاتەوە . — ع —

بپرسە تۆ لە (حونەین)و (بەدر)و تۆ لە (ئوحود)
کاتی بەلاو و موسیبەتتر لە بەلای عیزەم
شیری سپی سوور ئەبوو ، کاتێ بگەییایە مووی
بناگوێی ئەهلی کوفر ، فیدایی ئەو شیرە بم
بە نووکی تیژە ئەیانووسی بە خوێنی لەشیان
بەجێی نەهێشتووە هەرگیز بێ خالێك حەرفی قەلەم
تەواوێتیی تیرو چەك سیمایە بۆ ئیمتیاز
سیمایە شیلانو گوڵ لە یەکتری جیا ئەکەم
ئەگاتە تۆ بۆنی زاڵبوونیان وەها تێ ئەگەی
گوڵن لە باغا هەموو ئازانو سابیت قەدەم
بە پشتی ئەسپیانەوە ، وەك دارێ ڕووێ لە کێو
دایان نەبەستوون بەڵا سوار چاکن و موتەزەم
فرێ ، وا لەرزێ دڵی دوشمن لە ترسی ئەوان
جیا نە ئەکرایەوە ئازاو و پووچی خەسم
کەسێ ڕەسوولی خوا بێ ، واسیتەیی نەسرەتی
لە بێشە ئەشکێنێ شێر بە قووەتو بە عەزم
نابینی دۆستی موحەمەد قەت نەبێ نەسرەتی
یا نەپچڕێ دوشمنی دڵ پڕ لە دەردو ئەلەم
وەك شێرێ دانرێ لەگەڵ بێچووی لە پێشە وەها
لە ناو قەڵای میللەتی دایناوە ئوممەت بە جەم
گەلێکی خستە زەمین (قورئان) لە ئەهلی جەدەل
دەلیلی غالب ئەبوو لەسەر عوومی خەسم
لە حالەتێکی هەتیوێ بوو و زەمانی جەهل
لە ئوممیا موعجیزە کیفایەتە بو عەلەم

محمد علی خدر

پاڕانـەوە

بەم مەدحە خزمەت ئەکـەم داوا ئەکـەم عەفوی بـۆ
گوناهی عومرێ کـە سەرفم کرد لـە شیعرو خەدەم
کـە کردیانـە ملم ئەم دووانـە شـەڕ ، ئاخـری
نیشـانەیان کردووم ، وەك مەڕ بچێ بـۆ حـەرەم
لـە هەر دوو حالاً موتیعی مـەیلیو منـاڵی بـووم
هیچم نـەنـا پێـکەوە غـەیـری گـونـاهو نـەدەم
کڕیـنو فرۆشـتنم زیـانی هێنـا هـەمووی
هیچ نەیکـڕی دیـن بـە دنیـا نایکرێ نەفسـەکەم
کەسێ کـە ئەفرۆشێ دینی خۆی بـە دنیـای دەنی
بەیـان کـە بۆ ئـەو زیـان لە جەمعی بەیعو سـەلەم
نـایـدەم لـە دەست عەهدو پەیمانی ڕەسـوولی خوا
هەڵناوەشـێنم عـەهـد یـا من گونـاهیش بکەم
لـە سـەریـەتی زیسەتم کـەنـاو نرام مستەفا
زۆرتر لـە هەر کەس وەفادارترە ئەو بۆ زیسـەم
دەسـگیری من گـەر نەبێ لە فەزلەوە ئـاخیرەت
وێـرانـە مـالـم ئەڵێم وا هەڵخلیسـکا قـەدەم
حاشـا کـە بێبـەش بێ سـائیل لە بەخششی ئەو
یـا بێتـە دووا میـوانی ئـەو نەبووبێ موحتـەرەم
لـەو کاتـەوە بیـری من خـەریکی مـەدحی ئـەوە
من بـۆ نەجـاتـم دەسـم کەوت چاترین مولتەزیم

پاڕانەوەو داوای پێویست

بە بەخششی پیرۆزی دەست کورت دەوڵەمەند ئەبێ
ئەڕوێنێ باران گوڵان لە شاخی بەرزو عەلەم
من نامەوێ زینەتی دنیا بە وێنەی زوهەیر
دەست پڕ ئەبوو لە بەخشش بە مەدحی بەرزی هەرەم
ئەسبابی خۆشیم نەماوە (ئەکرەمەلعالەمین)
بێجگە لە تۆ بۆ حەشر یا بۆ دەمی مردنم
کەم نابێ پایەی ڕەسوول ، بە من لە بۆ ئینتیقام
کە دەرئەخا ناوی خۆی خوایی خاوەن کەرەم
لە بەخششی تۆوەیە بوونی دنیاو ئاخیرەت
لە علمی تۆیە هەموو زانستی لەوحو قەڵەم
مەئیووس مەبە ئەی نەفس گوناهی گەورەت بووە
گەورەو بچووك وەك یەکە نیسبەت بە عەفوو کەرەم
ئەی کاشکی رەحمەتی خوا کاتێ کە بەش ئەکرا
بەقەد گوناه و خەتا بهاتبێتە قەسەم
ڕووی وەرمەگێڕە ئومێدم ئەی خوایە لەلات
من هیوای چاکیم هەیە بە تۆ هەتا مردنم
بەم عەبدە لوتفێ بکە لە هەر دوو لا سەبری ئەو
هەرا ئەکا گەر ببینێ ڕەنجو ترسو ئەلەم
ئیزن بفەرموو بە هەوری رەحمەتت هەرگیزا
لەسەر نەبی دابکا ، باران بە لێزمەو خوڕەم

هەتا بجوولێ لقی دار بی بە بادی سەبا
تا ڕێبواران ئەکەن سەدا بە دەنگ‌و نەغەم
ئینجا ڕەزای تۆ لەسەر سددیق‌و لەسەر عومەر
عوسمانی ساحێب حەیاو و حەیدەری موحتەرەم
هەم ئال‌و ئەسحاب‌و دوایی تابیعانی ئەوان
ساحێبی تەقواو و پاکی ئەهلی حیلم‌و کەرەم
یا ڕەب لەبەر مستەفا (ص) کەرەم کە پێویستمان
خۆش بە لە ڕابوردوو ئەی ساحیبی ویسعی کەرەم

پاڕانەوەی شاعیر

عەفوو کە ئیسلام بە جاهی ئەو ڕەسووڵە کەوا
ئەیخوێنن لە مزگەوتی ئەقساو لە بەیتولحەرەم
بە جاهی ئەو زاتە مالّی وا لە تەیبەی حەرەم
کە ناوی ئەو سوێندمە ، گەورەترینی قەسەم
تەواو بوو هۆنراوەکەم لە (دوڕری بوردیە) جا
حەمدو سەنا بۆ خوا لە سەرەتاو موختەتەم
لە هیجرەتی سێسەدو پەنجاو دوو دوایی هەزار
بە کوردی ئەم تەرجومەم هێنایە ڕیزی نەزم
غەیری شەفاعەت لە تۆ هیچ داواکاریم نیە
لە وەختی مەرگا بە فریام کەوە ئەی موحتەرەم[1]
ئەگەرچی خۆم ناکەسم خۆم خستە سایەی کەسێ
ترسی گوناهم نیە بێ بە دەریاو و یەم
بە مەحزی لوتفت خوا بە جاهی ئەو حەزرەتە (ص)
خۆش بە لە خۆم‌و لە ئەحباب‌و لە جەمعی کەسم

(١) لە چاپەکەدا ئەم نیو دێرە بەم جۆرە بوو :
« لە وەختی نەزعا بە ئیمدادم گە ئەی موحتەرەم »
بەلام لە دەستنووسەکەدا وەك ئەوەی سەرەوەی لێ هاتووە .

ئەمما بینایی دیدە بە چاوانی مستەفا
کوێربم بە چی نەزەر کەمە چاوانی مستەفا
گریان ئەوەندەیە کە نەما ئاوی چاوی چاو
لاڵە زوبان لە زاری‌یی هیجرانی مستەفا
تۆزێ لە خاکی ئەو دورە نووری دیدەمە
یا بۆنەکەی مەدینەیی کەنعانی مستەفا
زاری شەوم بە وێنەیی بولبول لە هیجری گوڵ
شایەد کە بێتە گوێ سەدایە لە ئەلحانی مستەفا
پەروازیە لە بەندی قەفەس بێ سرەوتە ڕۆح
بۆ نیشتنی لە لەنگەری ئەیوانی مستەفا
یا ڕەب بە چاترینی عەرەب من هەمە تەڵەب
گەردن کەچی لەبەردەمی دەربانی مستەفا
یا ڕەب بە عەشقی پاکی موحەممەد بە سیرڕی حەق
یا ڕەب بە سۆزی سینەیی بوریانی مستەفا
ئەو قوببە سەوزەیە کە نووری بەشی هەردوو عالەمە
بێبەش نەبم خوایە لە ئیحسانی مستەفا
داوایی مائیدە مەکە ئەی ئوممەتی مەسیح
وەقتێ کە داخرا لە زەمین خوانی مستەفا
ئەو خوانە پڕ لە فەیزە لە دووریی ڕەسوولەکان
دلشاد ئەبن کە بوونەتە میوانی مستەفا
قانوونی شاعیرانە کە گاهێ بە بەدر ئەکەن
گاهێ بە ڕۆژ ڕوویی درەخشانی مستەفا
با وەرگەرێ زوبانم ئەگەر مانگە یا خۆ ڕۆژ

تەشـبیهی کـەم بـە گۆنەیی تـابـانی مسـتەفا
فەیزی قیـدەم لـە عالـەمی ئیمکان نەکـەوتـە دەر
تا شوعلەوەر نەبوو بوو جەوهەری ئیمکانی مستەفا
شـایستەیی جینـانـە سـەگی یارەکانی غـار
شـایستەتر منم سـەگی یـارانی مسـتەفا
لائیق بـە سـەبقەتە لـە ئیتاعـەت گونـاهی من
بۆ ڕوتبـەیی شـەفاعەتی سەر شـانی مسـتەفا
تاریکیی دڵ لـە قەسـوەت ئەگـەر بێ عیلاجی ئـەو
یـەك زەڕڕەیـە لـە شـوعلەیی عیرفـانی مسـتەفا
قوربـانـە عاشـقان بـە بەسمەلەوە حازرن هەموو
تەنیـا منم کـە نیمە بەسـمەلی قوربانی مسـتەفا
(سـەفوەت) درۆیـە لافی مەحەبیەت لـە خزمەتـا
بێ پـەیـڕەویی موافیقی فـەرمـانی مسـتەفا

— ٦٦ —

سەلام ٠٠ (موناجات)

— ١ —

سـەلام لەسـەر تـۆ یـا ڕەسـوولەللا
سـەلام لەسـەر تـۆ یـا حـەبیبـوللا
سـەلام لەسـەر تـۆ یـا نەبیی ڕەحمەت
سـەلام لەسـەر تـۆ شـافیعی ئومـەت

سـەلام لەسـەر تۆ بەشـیرو نەزیـر
سـەلام لەسـەر تـۆ زاهیـرو زەهیـر
سـەلام لەسـەر تـۆ ڕەسـوولی کەریم
تـۆی لەسـەر خولق‌و ڕەوشـتی عەزیم
سـەلامت لەسـەر میسـباحی زەڵام[1]
ئـەی پێغـەمبـەری خـوایی عەللام
سـەلامت لەسـەر گەورەی مورسـەلین
سـەلامت لەسـەر خـەتمی نـەبیین
سـەلامت لەسـەر خاوەن موعجیـزات
سـەلامت لەسـەر سـاحێب کەرامـات
سـەلامت لەسـەر خـاوەن بـەراهین
خـاوەن دینی ڕاسـت موعجیزی موبین
شـەهادەت ئـەدەم گـەیاتـە ئـوممەت
ریسـالەتی خوا لـەگـەڵ ئەمانـەت
ئامۆژگـاریت کـرد یەکسـەر بۆ ئوممەت
لاتـدا لەسـەریان غـەم‌و مەشـەققەت
غـەزات‌کـرد لـە ڕێی ڕەبـبولعـالـەمین
خـوا پەرسـتیت‌کرد هەتـا هـات یەقین
سـەلامت لەسـەر خاوەنی ئـەنـوار
سـەلامت لەسـەر سـاحێبی مـەنـار
لـە نوورت مانگ‌و ڕۆژ بوون پڕ لـە نوور
لـە نوورت عەرش‌و لـەوح کـردی زهـوور

(١) زەڵام : ظـلام ، تاریکی .

— ٢ —

ئەسسەلام ئەی هاتــە دەنگ بۆت بەردو دار
ئەسسەلام ئەی نووری عەرشـــی کردگـــار
ئەسسەلام ئەی زینـــەتی موڵـکی خـــوا
ئەسسەلام ئەی سەروەرو ئەی پێشــــــەوا
ئەسسەلام ئەی خـــاوەنـی عیلمـولیـــەقین
ئەسسەلام ئەی کێـوی عیـلمو حیـلمو دیـن
خـاوەنی ئـالآیی مەحشـــــەر ئەسسەلام
حـەوزی کـەوســــەر تایبەتیتە ئەسسەلام
ئەسسەلام پێغـەمبـەری ڕەحمەت ئـەتـۆی
ئەسسەلام ئـەی شـافیعی ئوممەت ئـەتـۆی
ئەسسەلام ئـەی تـۆ بەشـیرو تـۆ نـەزیـر
ئەسسەلام ئـەی زاهیـــرو ئـەی تـۆ زەهیر
ئەسسەلام ئـەی ســـــاحێبی خوڵقی عەزیم
ئەسسەلام ئـەی خـاوەنی لـوتفی عـەمیـم
ئەسسەلام ئـەی نـووری تـاریـکی و زەڵآم
ئەسسەلام ئـەی ڕەحمەتی بۆ گشـت ئـەنـام
ئەسسەلام ئـەی ســەییدی بۆ مورســەلین
ئەسسەلام پشــــــتو پـەنـاهی موئمینین

پاڕانەوە

ئەی زائیری ڕەسوولی خودا نووری چاوەکەم
ڕەحمێ بکە بە جەرگ‌و دڵی بێ هەناوەکەم
وەقتێ کە چووی گەیشتی‌یە ئەو ئاستانەیە
تەبلیغی کە دیاریی سەلات‌و سڵاوەکەم
مل کەچ بکە لە باتیی من‌و عەرزەکەم بڵێ
ڕووم نایە من کە بێنمە ڕوو ، ڕوو تکاوەکەم
بەحری دڵم لە جۆششە بە خوا لە ڕۆژی ڕووت
ئاهم بووە بە هەوری بە توندو بە تاوەکەم
وەختێ کە لێی ئەدا هەوایی مەحەبەت بە وەشتەوە
جا دائەکا بە خوڕ ، ئەتەقێ هەردوو چاوەکەم
دێ‌و ئاو ئەدا بە گولشەنی گولزاری عەشقی من
دابنیشم ، دێ بە یادێوە بۆنی گوڵاوەکەم
وەختێ کە سەر ئەنێمەوە بۆی سنگی خۆم ئەکەم
بێ‌تاب ئەبم لە بۆنی کەبابی سوتاوەکەم
چاوم ئەوەندە بڕیە مەدینە بە گریەوە
لێڵایی هاتووە بە دوو چاوی خوێن تێزاوەکەم
دڵ وا لە تەیەوو بەدەنم لێرە موبتەلا
بۆچی منم کە قوڵمە .... چاوەکەم(١) ..
بە کۆیی موبارەکت ئەبێ جومعە ڕۆژو شەو
سەڵەواتی خۆت وەعدی شەفاعەت دراوەکەم
ڕۆژێ کە ئەنبیا هەموو سەرسام‌و عاجزن

(١) ئەم نیوە بەیتە ناتەواوە .

ئەی ســــاحێبی لیوایی حـەمد هەڵگراوەکـەم
تـۆی واســـیتەی نەجـاتی دڵی هەروەکو نەبی
ئـەی ڕوتبـەیی شــەفاعەت پێ بەخشــراوەکـەم
ئیحسـاسی خۆم بـە زاهیرو باتین بە تۆوە بەسـت
تـا شـێتە شـێتە کەوتنە دووم بوو بـە ناوەکەم
هێند بەردی تەعنیـان بەسەرمدا دا ، شـکاوە سەر
سـا مەرحەمەت کـە مەرهەمێ بۆ سەرە شکاوەکەم
تەشبیهی ڕووت بە مانگو بە ڕۆژ سەهوی تێئەگەم
ئەی نووری مانگو ڕۆژ لـە ڕووت وەرگیراوەکەم
لـەو جێیـەدا کـە پێی نەگەیی کـەس لـە ئەنبیا
تـۆ بوویتـە شـاهی تـاج لەسـەر سەر نراوەکـەم

— ٦٨ —

بۆ پێغەمبەر[1] . . .

بـە جـەژنی مـەولیـدی زاتێ ئـەنـازم
لــە ســایەی لوتفی ئـەودا سـەرفەرازم
نـە وەك ئـەو لوتفـە تەنیـا بـۆ مـنو بەس
نیـگاهێـکی نـەجاتـە بـو هەمـوو کـەس
ڕەســوولێ هاتـە ڕوو ، ڕۆژێ بوو عـالـەم

(١) ئەم قەســیدەیە لە ڕۆژی ١٢ی (ربیع الاول)ی سالی ١٣٧٧ = ١٩٥٧/١٠/٧دا لـە مزگەوتی گـەورە لــە مەولوودی نـەوقـانـا خوێنراوەتەوە .

بە جارێ نوقمی دەریای جەهلو ماتەم
چ زاتێ ؟ ڕۆژی عیرفان نووری یەزدان
سەناخوانی ئەوە ئایاتی قورئان
زەمین پڕ شیرکو کوفرو بتپەرستی
دەمارو دەعیەوو کین ، خوویی پەستی
هەموو جەردەو دڕندەو جانەوەر بوون
لە مەردیو پیاوەتیدا بێ هونەر بوون
بە تەنیا ڕاپەڕی ئەو میهرەبانە
بە هێزی ئیزەدی لەم ڕووی جیهانە
لەگەڵ ئەهلی حیجازی پاك بونیاد
بە قورئانو حەدیسی کەوتە ئیرشاد
لەگەڵ پاکان بە نووری وەعزی قورئان
لەگەڵ سەرکەش بە مەودای تیغی بوڕڕان
هەتاکو خەلقی خستە سەر حەقیقەت
دروستی کرد لە جەردە قەومو ئوممەت
وولاتی کردە چی ؟ کردیە حیجازێ
هەتا مەحشەر کە ئینسان پێی بنازێ
لەجێی شیرکو کوفر ، پڕ بوو لە ئیمان
لەجێی جەهلو نەزانی : عیلمو عیرفان
لەجێی زۆرو درۆ عەدلو مەحەبەت
لە جێگەی بوغزو کین دانیشت صەداقەت
هەتا ئیسلام گەیشتە ئەوجی ئەفلاك
بە هێزو هیمەتی سولتانی لەولاك
(موحەممەد) شاگولی گولزاری وەحدەت

(موحەممەد) سەروی بوستانی مەحەبەت
لە سایەی ئەهلی کوفرا بووی ، نەجاتێ
بە حالی ئومەتی خۆت ئیلتیفاتێ
ببارێنە خووا بارانی ڕەحمەت
لەسەر خۆی‌و سەحابەو ئال‌و ئوممەت

٦٩

خوایا بە زات‌و سیفاتی قەدیم
بە ئایاتی قورئانی گەورەو عەزیم
بە نەزدیکیی دەرگانەیی عیززەتت
بە پەردەنشینانی بەر قودرەتت
بە زیکرو بە تەسبیحی بالاّنشین
بە هەر چوار موقەڕڕەب خوسووسەن ئەمین
بە دەفتەر بەدەستانی دیوانی پاك
بە سیڕڕی دڵی عاشقی دڵ ڕوناك
بە ئەسرینی ئادەم دەمێ هاتە دەشت
لە دووریی ویسال‌و لە هەجری بەهەشت
بە تەقوایی شیت‌و بە گریانی نووح
بە سەرمەستی بادەی بەیانی سەبووح
بە یەعقووب‌و حوزنی لە بەیتولحەزەن
بە ئەیووب‌و سەبری لە گۆشەی میحەن
بە سۆزی زەکەریا بە دانەی مشار

کە دوونیم کرا پێ لەناو جەرگی دار
بە بۆنی گولستانی ناری خەلیل
بە مێشی غروورت کە پێ کرد زەلیل
بە گەردن کەچی تیغی ئەمری زەبیح
بە مووسایی عیمران بە زوهدی مەسیح
بە نووری تەجەللایی یەزدانی پاك
لە سیڕڕی دڵی شاهی لەولاکە لاك
بە سەردارو خەتمی هەموو مورسەلان
بە نازو نیازی هەموو دولبەران
بە تەنیا سواری شەوی لامەکان
بە پشتو پەنایی هەموو موزنیبان
بە ساحێب شەفاعەت لە یەومولحەزین(١)
بە شاهنشەهی تەختی عیززەت نشین
موحەممەد شەهنشاهو گەورەی ئەنام
خوایا قبووڵ فەرمو سا لێم مەرام
چ ئاسوودە بووم من لە کونجی عەدەم
لە بێ‌دینیی دوور لە دەردو ئەلەم
لە ناکاوی نەمزانی کردم زهوور
لە ئیسیراحەتی خۆمی کردم بە دوور
ئەبێ چی بێ حیکمەت لە ئیجادی من
سەراپا هەموو نەقسە بنیادی من

(١) مەبەست ڕۆژی قیامەتە .

بە خۆم بێ عەدەم چابوو بۆ شوێن و جێم
کەسێ نەیئەزانی کە من چیم و کێم
کە هاتوومە دنیاوە بێ ئیختیار
عەزابم مەدە تو خوا کردگار
تکێ ئاوە ئەسڵم لە سەر ڕوویی خاك
ئەبێ چۆن بمێنم بە سافی یو پاك
بەڵێ لێڵ ئەبم ، ئەبمە قوڕ پیس ئەبم
بە کام و بە مەقسوودی ئیبلیس ئەبم
سەراپا گوناهم ، سەراپا خەتام
نی یە چارەو و مەلجەئم ئەی خودام
پەناهم ئەوا برد خوا بۆ ڕەسووڵ
بە ئەدنایی ئوممەت کە بمکا قبووڵ
بە مەجبووری ئالآمە ئەسحابەوە
بە مەحبووبی خۆت و بە ئەربابەوە
بەڵێ لایقم بۆ عەزاب و عیقاب
نی یە کردەوەم تا ببینم سەواب
جەسارەت ئەکەم من بە (لا تەقنەتوو)(٢)
کە پاڕانەوەم جێ گرێ زوو بە زوو
بە ئومێدی تێکەڵ بە حوبی ئەوان
بە ڕووی فەخری عالەم ببم شادمان

(٢) لا تقنطوا من رحمة الله ..

— ٧٠ —

لەسەر بەرگی کتێبی « رسائل فلسفیه »ی ئەبووبەکری ڕازی نووسیویە :

گەلێ کەس توبیبی[1] ڕۆحانیی هەیە ، لاکین نەوەك ڕازی
ئەدیبو شاعیران زۆرن ، بەلاّ ناگەن بە شیرازی
یەکێ گولنازە ، یەك شانازە ، یەکتر پێیئەلێن شیرین
چقلّ یەك ، یەك گەدا ، یەك تالّ ، بەرەو ڕووی چاوی پڕ نازی

(١) توبیی : طبّ .

●

بە عەرەبی

— ٧١ —

لەسەر بەرگی کتێبێك نووسیویە : لە لاسایی باسی سێوی « مستظرف »دا ..

تفاحة كسيت لونين صفحتها كالعاشقين اذا خداهما أتصلا
فأبصرا عاذلاً يرميهما نظرا فأصفر ذا وجلاً وأحمر ذا وجلا

لكاتبه صفوت

●

— ٧٢ —

لەسەر بەرگی کتێبی (الطب النبوی)ی ابن قیم الجوزیة شمس الدین محمد بن أبی بکر نووسیویە :

كتاب فيه كنز غير مكنون لشمس الدين أجر غير ممنون

(لصفوة)

٧٣

لە پارچە کاغەزێکدا نووسیویە : (بۆ هاتنی ئەمین زەکی بەگ) ..

ورد البشـــير فكان أكرم وارد فملا القلوب مســـرة وسرورا

١٩٣٥/٣/٦

لەسەر بەرگی (فصـــوص الحكم)ی ابن عربی بـــە خـــەتی خۆی نووسیویە[1] :

يحن الحبيـــــب الى راويـــة وانى اليـــه أشــــــدّ حنينـا

وتهفو النفوس ويـأبى القضـاء فأشـكو الانين ويشـكو الأنينا

---

(١) (دڵنیا نیم ئەمیان شیعری خۆیەتی یانا) .

●

٧٤

لەسەر بەرگی کتێبی « الوحي المحمدي »ی شێخ محەمەد ڕەشید ڕەزا ئەم دێڕە فارسی‌یەی نووسیوە :

بـە کـام بلبـل شـيدا شـكوفه باش أى گل

دريـن دو روزه کـــە بـر طرف انجمن باشى

صفوت

●

٧٦

بێ پـاره بوو سـوفلی بوو ، پـارەی بوو قـەڵا دەرچوو
بێ پاره بوو جاهیل بوو ، پارەی بوو مـەلا دەرچوو
گـەر تۆ نەبی ئـەی پـاره ، بێ قیمەتـەکـەی پـاره(١)
لـەم کوونیه بـازاڕه ئیمڕۆکـــه تـەڵا دەرچـــوو

(١) پاره به مانا پوول‌و به مانا پارچەیه .



لەسەر بەرگی چاپێکی « المنجد » کە لە حوزەیرانی 1943 دا لە کتێبخانەی « صادر » ،لە بێرووت کڕیبووی ئەم چەند دێڕە نووسرا بوو :

ئاخۆ شاد ئەبم بە نیشتمانم
چاوم ڕوون ئەبێ بە ڕووی خزمانم
ئەو دوو برایەی دوو قۆڵە میرم
بە ڕۆژو بەشەو کەوان لە بیرم
لای تۆ ئاسانە ،بە خوا خووایە
شادم کەی بە ڕووی ،ئەو دوو برایە
بگرمە باوەش عیزەتی دینم
یانی عیزەدین کۆڕپەی شیرینم
چایەك لێ بنێم لە بن دارە ڕەش(1)
ماچ بکەم گۆنای فارووقی چاوگەش
«ئاخ دووریی نیشتمان ...!»

(1) مەبەس دارە ڕەشکەی باخچەی مزگەوتی حاجی مەلا ڕەسووڵ ،کە لە دوویا دگارەکەی مامۆستا عەلائەدین سوجادیو مامۆستا سەعید ناکامدا باس کراوە .ئەو مزگەوتەی کە تێکد را .

دوو ووشه

بۆ یادگار

________ ⁘ مامۆستا ـ عەلائەددین سەججادی

________ ⁘ مامۆستا ـ سەعید ناکام

به یادی

ساڵی ١٩٣٤ەوە !

گۆڕران وا دیارە وەکوو ڕوو لە بیرو باوەر ئەکـاتـەوە ، ڕوو لـە جۆری کۆمەڵایەتی ئەکاتەوە . بەو جۆرەش ڕوو لە کۆشـکو خانوو و ئاوەدانیش ئەکاتەوە . ئەم ڕوو کردنەوە زاهیرەیەکی کۆمەڵایەتی‌یە .

لە سولەیمانی لە جادەی بەر کورتاندرووکانا ، بە بەر ئەسـحابـە سپی‌دا ، ڕاست ئەڕۆیشتیت تووشی مزگەوتێک ئەبوویت بە ناوی مزگەوتی باشچاوش ، وە یا بە ناوی مزگەوتی حاجی مەلا ڕەسوڵەوە ، کـۆڵانی لای ڕاستی مزگەوتەکە سەرەوخوار ئەبووەوە بۆ دەشتی ئەحمەدی عیسآغاو بـۆ لای ماڵی حاجی مەلا محیی‌دین ، لای چەپی ئەبوو بە دوو بەشـەوە ، بەشێکی ئەچوو بۆ کارێزی دایکی پاشاو لای ماڵی عەزمی بەگ ، بەشێکی

ئەچوو بۆ سەر چیەن . پشتەوەشی مالی عارفاغاو حاجی قادر بوو • مزگەوتەکە حەوشەیەکی هەبوو ، سەکۆی نوێژی ئێوارانی هاوینان لە ناوەراستی حەوشەکەدا بوو ، روو بە قیبلە بە هەیوانو ژووری مزگەوتو ژووری مەلاو حوجرەی فەقی‌یان بوو ، بەلای راستەوە حەوزی وسلخانەو ریزە ئاو دەستێک بوو ، دوو دارە رەش لە حەوشەکەدا بوو منالان گۆرانی‌یان پیا ئەوت : لە سالی ١٩٦١دا ئەو مزگەوتە هەلگیراو شوێنەکەی بووە بەو گۆررە پانە کە ئێستە هەیە ، ئیتر نازانم رۆژانی داهاتووی‌تر ئەیکا بە چی ؟!

مامۆستا ، وە یا مەلای ئەو مزگەوتە مامۆستا مەلا مستەفای « صفوة »و کوڕی حاجی مەلا رەسوولی دیلیژەیی بوو • مەلا مستەفا زیاد لە مەلایەتیەکەی بیرێکی نەتەوایەتی‌و زمان پەروەریی کوردیی هەبوو •

ئەم « من »ەو مەلا محەمەدی تەوێلەیی‌و مەلا حەسەنی شاتری لە خزمەتی ئەوا ئەمانخوێند • چەکامەکەی « بوصیری » کە بە قصیدەی بوردە بەناوبانگە هۆنراو بە هۆنراو کردبووی بە کوردی لە کۆڕی دانیشتنی شەوانا بە سوزێکەوە ئەخوێنرایەوە ، هەر لەو سالانەدا کەوتە سەر ئەوە کە چاپی بکا ، هاتوچۆی چاپخانەی شارەوانی ئەکرد بۆ لە چاپدانی ، هەر جارە منیشی لەگەل خۆی ئەبرد •

ئەوەی زۆر سەرەنجی رائەکێشام ئەوە بوو کە گەلێ جار دەستەیەک ئەهاتن بە شەو لە ژوورەکەی خۆیا دائەنیشتن دەرگاکەیان دائەخست نەیانئەهێشت کەس بچێتە لایان ، رێگای منیشیان هەر نەئەدا بەلام ئەوەندەم هەست ئەکرد کە شتێکی نهێنی‌یان هەیە • دەستەکەش برێتی بوون لە :

مەلا حەسەنی مەلا قادری بیارە کە ئەو سەردەمە قازیی چوارتا بوو ، ◀

فایق بێ‌کەس ، مەحموودی فەقێ محەمــەدی هەمدوەنــد ، میــرزا مــارف‌و نەجمەدینی برای خۆی • ئەمانە زۆر بە پارێزەوە ئەهاتن‌و کۆبوونەوەکەشیان هەر بە شەو و زۆر نهێنی بوو • لە پاش ماوەیەک بۆم دەرکەوت کە ئەمانە قسە لە کوردایەتی‌یەوە ئەکەن‌و ئەیانەوێ پارتێک دروســـــتبکەن بەڵام شتەکەیان زۆر بە نهێنی گرتبوو ، چونکە لە دژی مێریی ئەو سەردەمە بوو ، وە بۆ کوردایەتی بوو • ئەوەی کە من زۆر بەلامەوە ســــــەیر بوو لــەو سەردەمەدا ئەوە بوو کە : فایق بێ‌کەس هەر جارە ئەچوو بۆ سەر پێشاو ، بە پێوە میزەکەی ئەکرد ، ئەمە بۆ ئەو رۆژە کفر بوو • ئەموت ماموستا تۆ چۆن رێگای پیاوی فەرمەسۆنی وا ئەدەی کــە بێتە مزگەوتەوە ؟ ئــەویش گاڵتەی بە قسەکەم ئەهات‌و دەستی ئەکرد بە پێکەنین ، بــە ماوەیەکی زۆر لە دوای ئەو مێژووە تێ‌گەیشتم کە مەعنای پێکەنینەکەی ئەوە بوو ئەیوت :

« ئاش لە خەیاڵێک‌و ئاشەوان لە خەیاڵێک » •

لە کۆتایی ئەم قسەما ئەڵێم : درووود بۆ رەوانی پاکت ماموســـــتا صفوة • تۆ بوویت لەو رۆژەدا کــە هەنــدێ تۆی کوردیــاتی لــە باری سیاسی‌یەوە لە ناو بەرەی مەلاکانی ئــەو رۆژەدا بچێنیت ، کــە دوا جار زۆریان لەو بەرهەمە بەهرەدار بوون ، وەکوو شــا کارەکــەت گۆررانی « قصیدەی بوردە » بە کوردی گیاتێکی‌تری خستە ناو کۆڕی رابواردنی مزگەوتەکانی سولەیمانی‌یەوە •

علاء الدین سجادی
١٩٨٣/٦/٨

برای بەڕێز دوکتۆر عیزەدین مستەفا پێی ڕاگەیاندم کە نیازی هەیە هەندێ لە نوسینەکانی باوکی چاپبکاو لەبەر ئەوەی ئاگاداری چکێ لە پەیوەندی دۆستایەتی من و ئەوە ، حەز دەکا چەند دێڕێکی لەسەر بنووسم ٠

منیش بێ ئەوەی بزانم بابەتەکانی ئامادەی چاپ چین و لە چ پلەیێکی ئەدەبیدا جێیان دەبێتەوە ، ئەم وشەیە لە ڕوانگەی خۆمەوە تەنیا بە مەبەستی بیرەوەری و ناساندنی مامۆستا سەفوەت بەوانەی نایناسن یا بە هەڵە ناسیویانە تۆمار دەکەم ٠

– ناکام –

مامۆستاو هاوڕێی کۆچکردوم مستەفا سەفوەت

ساڵی ۱۹۳۳ پیرەمێردی نەمر چاپخانە شەق و شڕەکەی بەلەدیەی سلێمانیی بە مەبەستی دەرهێنانی رۆژنامەی (ژیان) بەکرێ گرت ، من یەکێك بووم لەوانەی شانازیی بەشداز بوونی ئەم ئەرکە پیرۆزەم پێ بڕاو توانیمان ئەو مەکینە شکاوەی یادگاری زەمانی دەسەڵاتداریی مێجەرسۆن بوو . بخەینەوە گەڕو دەزگا پیتەکانی دەسکردی عوسمانی ◀

بەهاری ساڵی ١٩٣٧ ئاگادار کرام کە میری سوسەی هەندێ لە هەڵسوڕانەکانیان کردوەو لەوانەیە بگیرێم ، بۆیە باشتر وایە بۆ ماوەیێك خۆم بزر کەم‌و لەبەر چاوان نەمێنم • بۆ ئەم مەبەستەش حوجرەی فەقێکانی مزگەوتی حاجی مەلا رەسووڵ لە گەڕەکی سەرکارێز رەچاو کراوە[٣] •

شەو چومە ماڵی مامۆستا مەلا مستەفاو لەوێ دەستێ جلی شڕو پینە کراویان بۆ هێنام لەبەرم کردو کاتێ بۆ نوێژی خەوتنان چو بۆ مزگەوت[٤] ، منیش بە زمیلەیێکەوە دوی کەوتم ، لە مزگەوت بردمیە حوجرەو بە ناوی فەقێ عەبدوڵلا (سوختە)یێکی شارباژێری بە فەقێکانی ناساندم •

ئەو کاتە مامۆستا عەلائەدین سجادی یەکێك لەو (موستەعید)انە بو کە لە خزمەت مامۆستا مەلا مستەفادا دەرسی دەخوێند • شەش رۆژ بەو جۆرە مامەوە تا پێ‌یان ڕاگەیاندم کە ئەو مەترسی‌یەی بو بەسەرچوەو دەتوانم بێمە دەرەوە • جا ئەم پەیوەندی‌یەی نێوان من‌و مامۆستا ساردنەبوەوەو ڕێزی من بۆی هەتا رۆژی کۆچکردنی وەکو خۆی مایەوە •

لە ساڵەکانی پاشی پەنجادا ، باری سیاسی‌ی عیراق وەکو کەڵەکی سەر ئاو سەروخواری دەکرد ، چەند دەستەو ڕێبازی سیاسی لەناو کوردا پەیدا **بوبون کە هیچیان ددانیان بە یەکتردا نەدەناو جگە لە خۆیان هەموو** ◄

---

(٣) داخی ئەوەم لە دڵ دەر ناچێ کە دەبینم ئەو مزگەوتە بە خۆی‌و روداوە ترش‌و شیرینەکانی ئێمەمانانەوەو دارچنارە کۆنە ساڵەکەی کە ملکی جوتێ لەقلەقی ئێسك سوکبوو و هەمو ساڵی جوجەڵەکانیان لەناو لقەکانیا پێدەگەیاند ، تەخت‌کراوەو شوێنەواری نەماوە •

(٤) ماڵی مامۆستا تەنیا سی چل مەترێك لە هەورازی مزگەوتەکەیەوە بو •

بژاره بکەین ، پاش رەنجو تەقەلاییێکی زۆر ، نەك رۆژنامە خنجیلانەکـەی ژیانمان خستە بەردەستی خوێنەرە تامەزرۆکانی وشـەی کوردی ، بەڵـکو بەدەمیەوە وردە کتێبو نامیلکەشمان بە چاپ گەیاند[١] .

بڵاوبوونەوەی رۆژنامەییێکی هەفتانـەی کوردی بـە چوار لاپەڕەی بچووکو ناوەرۆکی هەمە چەشنە ، وەك نمەبارانی بەهار چیمەنی هەسـتی نەتەوایەتی‌ی لە سلێمانیدا گەشـــە پێ‌کرد ، پیرەمێرد رابەری ئەم دەورە بەرزەبو ، بەڵام ئێمە ـ ئیشکەرانی چاپخانە ـ ش بێ‌بەش نەبوین ، لەگەڵ چەند رۆشنبیرێکی کوردا ببوینە ئاشناو پەیوەندی برادەریمان بەسـتبو . یەك لەوانە مامۆستا سەفوەت بو .

ناسیاوی‌و دوستایەتیم لەگەڵ مامۆسـتای رەحمەتیدا ئەو رۆژانـە چەکەرەی کردو تا هات پتر بنجی داکوتا ، بـە تایبـەتی پاش ئـەوەی بۆم دەرکەوت کە لەگەڵ مامۆستا لە رێبازی کوردایەتیشدا هاورێین‌و سـەر بە یەك پرۆگرامین[٢] .

---

(١) رۆژی رۆژنامـەگـەری کوردی ٢٢/٤/١٩٧٨ لـە بارەگای یەکێتی نوسەرانی کورد لقی ســلێمانیدا وتارێکم خوێندەوە بـە ناوی « بیرەوەری‌یەکانی چل سالەم لەگەڵ رۆژنامە کوردی‌یەکانـدا »و بـە درێژی باسی گۆواری (زاری کرمانجی)و رۆژنامـەی (ژیان ـ ژین)و رۆژنـامـەی (کوردسـتان)ی مەهابادو چاپەمەنی‌یە نهینی‌یەکان‌و (برایەتی)و گۆواری (رۆژی کوردستان)م کرد . بەڵام ئەو گوتارە بـە جۆریك پەردەی شارانەوەی پێدادرا کەتەنانەت هەواڵەکەشی نەگەیشتە چاپەمەنی‌یەکان .

(٢) لەو ساڵانەدا کۆمەڵەیێکی نهێنی لە ناوچەی سلێمانی پێکهاتبو بـە ناوی (برایەتی)و پاشتر بو بە (یەکێتی‌و برایەتی) ، ئـەم کۆمـەڵـە باش تەنیبۆوە و پەلوپۆی هاویشتبو ، لەوانە بو ئەگەر شەڕی دوەمی جیهانی بەسەردا نەهاتبایە گەلێ کردەوەی دیار و گەورەی نەتەوەیی تۆمار بکا . سەیر ئەوەیە تا ئێستا بەرچاوم نەکەوتوە شتێکی لەسەر نوسرابێ یـا یادێکی کرابێتەوە .

لایێکیان بە گومڕاو شیاوی نەمان دەزانی . منیش کەوتبومە کۆمەڵێکەوە کە تەواو ئاوەژوی ڕەوتو ویستی مامۆستا بو . بەڵام ئەم دوبەرەکی ڕێبازەمان ئەوەندەی تۆزقاڵێ ڕێزو خۆشەویستی ئەوی لە دڵی مندا کەم نەدەکردەوەو بە هەمان چاوی هاوڕێو مامۆستای جارانم سەیر دەکرد ، ئەمەش تەنیا بە هۆی عاتیفەی خۆمو ئەمەکی کۆنەوە نەبو ، چونکو هەندێ دۆستی خۆشەویستو برادەری لە مێژینەم هەبون کاتێ بۆم دەرکەوت لە سەنگەری بەرامبەرمدا دەجەنگن ڕاستو چەپێکم بەسەر لاپەڕەی دوستایەتی کۆندا هێنا ، بە گژیاندا چومو چیم لە دەست هات دریغیم لێ نەکردن . بەڵام دڵنیاییم لە دڵسۆزی ڕاستەقینەی مامۆستا بۆ کوردایەتی - بە شێوە تایبەتی‌یەکەی خۆی - شوێنێکی تایبەتی لە دڵی مندا کردبۆوە کە تێك نەدەچو .

مامۆستا مەلا مستەفا سەفوەت پیاوێکی بە وەفاو هەواڵویستو هاوڕێ پارێز بو ، شان بە شانی ئەو ڕێبازە ئایینی‌یەی پشتاو پشت بۆی هاتبوە خوارێو پڕ بە دڵ باوەڕی پێی‌بو . کوردێکی دڵسۆزو نەتەوە دۆستیش بو ، لەو ڕۆژانەدا کە نرخی مرۆی کورد بە سەنگی نزیكو دوری لە حزبایەتی هەڵدەکێشراو گەلێك پەڵەی ڕەوشتی چەوتو ڕابوردوی چڵکن بە ئاوی بژیو بڕوخێ دەشۆرایەوە ، ئەو بەوپەڕی پڕکێشی‌یەوە پارێزگاری لە باوەڕە کلاسیکی‌یەکەیو ئەو جۆرە کوردایەتی‌یە دەکرد کە خۆی بە ڕاستی دەزانیو لەسەر ئەمە توشی نارەحەتیو بەندوباوی ناڕەوا هاتو کۆڵی نەدا .

سڵاوی گەرمم لە گیانی پاکی مامۆستاو هاوڕێی یەکەمین شەقاوی ڕێگای تێکۆشانی کوردایەتیم مامۆستا مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسوڵ ، ئەو کەسەی من لە کەسەکانی خۆیو لە نەیارەکانیشی باشترم دەناسی ... ئەم چەند دێڕەی وەکو قەرزی وەفاو هەقبێژی پێشکێش دەکەم .

مەولوودی پێغەمبەر

ئێنجا مەلا مستەفا سەفوەت وشێخ ئەبوبەکر ئەفەندیی مامۆستا سەروخوتبەیان دا ،زۆر بەتەئسیرو ڕێك و عالمانەو عالەمیانە .
دیارە ئەم تەئسیرە جگە لە مەهارەتی خەتیبی‌و نوبزەی شاعیری بەرەکەت وموبارەکی‌ی ئەو ڕۆحە پاکەی پێغەمبەرە .
ژین . 903 ، 29ی کانوونی دووەمی 1984 .

حەمیەتی دینی

. . . . دوایی مەلا مستەفا ئەفەندیی حاجی مەلا ڕەسووڵیش دوورودرێژ لە قودسیەتی بەیتولموقە دەس و ئەهەمیەتی ئیجابی حەمیەت وفتووەتی ئیسلامیەت دووا . . .

ژین . ژ 919
20ی ئەیاری 1984

جەژنی مەولوود

... مەلا مستەفا ئەفەندیی مودەڕیسیش عەینی نەعت و دروودی بەزەمزەمەییکەوە ئینشاد کرد ...

ژین . ژ 951

20ی کانوونی دووەمی 1949

... ئنجا مەلا مستەفای مودەڕیس ، نەوەی حاجی مەلا ڕەسوولّ موشەیەدەیەکی زۆر بلّندوپەسندی خوێندەوە . لەگەڵ ئەمەیشدا خۆیشی عەینی مەولوودێکی تازەی تەئلیف کردووە ، خواوپێغەمبەریاربن ،ئەویش ئەخوێنینەوە .

ژیان ژ 484 . س 11 .

20ی حوزەیرانی 1936 .

پێرست

1 ـ پێشەکی	3
2 ـ هۆنراوەکان	39
1 ـ خەیاڵی عەشقی هێند گەرمە لە سەرما	40
2 ـ مەدح و پارانەوە	41
3 ـ موعمما بە ناوی مەحموود (بێخود)	42
4 ـ شاهیدی عەشقیم هەیەع دیوانەیی و سەحرا نەوەرد	43
5 ـ جیهان بێ کام وبەدنام و زەلیل وبێ دەلیل و زار	44
6 ـ پارانەوە	45
7 ـ بۆ ماسی	46
8 ـ یادێ	50
9 ـ گۆشە گیری	52
10 ـ بۆ حەپسەخان	53
11 ـ بۆ یاری دێرین	55
12 ـ چوارین	56
13 ـ چیت ئەوێ لەم خەڵکە چی داوا ئەکەی	56
14 ـ حاڵی مەلا	57
15 ـ دولبەرا	58
16 ـ قوربانی	59
17 ـ پەژموردەو ئالودەیی غەم ، دوور لە وەتەن خۆم	60
18 ـ پەرچەمی ڕێحانەیی بۆن خۆشی تۆتا بۆنەکەم	61
19 ـ زستانە ، گوڵ نەماوە ، نیگارا ، لە ناوچەمەن	62
20 ـ ڕۆژی جەژنی نەسرە ،عالەم وا لە خۆشی وهەڵپەڕین	62
21 ـ وەفدی کوردستان	63
22 ـ لوبنان و کوردستان	64

23 ـ له دونیا شاعیران ئەهلی کەمالن 67
24 ـ شین 67
25 ـ دڵم حەقیێتی گەر شین کا ئەزانی تەیری لاهووته 68
26 ـ سەفوەتی تازە بیمار 70
27 ـ له ئاهەنگی یادی بیستەمین ساڵەی (ژین) دا 72
28 ـ موسڵ 74
29 ـ دووماره ، دووزنجیره ، دووسیخره ، دووتەلیسمه 76
30 ـ بە چاوی تۆسەلەیمان حیشمەتا ، بەوئێزەدی کە 77
31 ـ باوەڕ نی‌یە ئەم زەخمە لە دڵما کە بەشیرە 78
32 ـ سۆزێك 79
33 ـ له سەر گۆڕی مەولانا خالید 80
34 ـ هەر شەوێ عەیشێ ئەبینم حەسرەتێکی وا له دوو 81
35 ـ بگری دە بگری بۆعومری فەوتاو 82
36 ـ پێنج خشتەکی له سەر شیعری زەبیحی 84
37 ـ بۆشینی بێخود 86
38 ـ زەمانی باغی میر و تانجەرۆبێ 87
39 ـ دڵ ئاشفتەی بتێکم عیشوەگەر زونناربە ردۆشێ 88
40 ـ دڵ 89
41 ـ بۆشێخی نەمر 90
42 ـ جیهان وەك سینەما وایە هەموو ڕۆژێ له سەد ڕەنگە 91
43 ـ ئەی نەفسی بە دی پیسی دەنی غەرقی مەناهی 91
44 ـ ئاوی چاوی خوسرەوخاکی کەلاکی قەیسەری 92
45 ـ شاعیران پیرێ له دیوان بۆچی بوونە ئەنوەری 93
46 ـ بێخود ! شەوئەگەر هەتا بڵێی تاریکە 94
47 ـ برا گەورەکەم ، گیانی شیرینم 94
48 ـ یاران ، دڵسۆزان ، یاران دڵسۆزان 95
49 ـ ئەوسەرکەشە ، پەرچەم ڕەشە ، ئەوچاوگەشە تاکەی 95

50 ـ جانا بلێ بۆ عاجزو بۆ پەست و کەساسی 97
51 ـ پێم ئەڵێن گۆشە گرێ و ئەو مەلە نێو شارێ 98
52 ـ تەخمیسی چەند دێری مەولانا خالید 99
53 ـ ویستم لە لێوی ماچێ ، ئەولەیلە نابێ ڕازی 99
54 ـ پەیکی دڵسۆزی عالەم شەماڵە پەیکی من بای وەشت 100
55 ـ بۆ زانستی 103
56 ـ نیشتمان 104
57 ـ پیری ژیری ژین بولبولی باغم 105
58 ـ بۆ ئەمین زەگی بەگ 107
59 ـ بۆ ئەمین زەگی بەگ 108
60 ـ بۆ ئەمین زەگی بەگ 109
61 ـ تاك 110
62 ـ تاك 110
63 ـ تاك 110

بەشی ئاینی .

64 ـ هۆنراوەی کوردی لە دوری بوردی 111
بەندی یەکەم : هاواری عەشق 113
بەندی دووەم : خۆپاراستن لە ئارەزووی نەفس 114
بەندی سێیەم : ستایشی پێغەمبەر (ص) 115
بەندی چوارەم : لە دایك بوونی پێغەمبەر (ص) 118
بەندی پێنجەم : موعجیزاتی پێغەمبەر 120
بەندی شەشەم : قورئان 122
بەندی حەوتەم : میعراجی پێغەمبەر (ص) 123
بەندی هەشتەم : غەزای پێغەمبەر (ص) 124
بەندی نۆیەم : پارانەوە 127

بەندی دەیەم : پاڕانەوەو داوای پێوست	128
پاڕانەوەی شاعیر	129
65 ـ ئەم بینایی دیدە بە چاوانی مستەفا	130
66 ـ سەلام ... (موناجات)	131
ئەسسەلام ئەی هاتە دەنگ بۆت بەردو دار	133
67 ـ پاڕانەوە	134
68 ـ بۆ پێغەمبەر	135
69 ـ خوایا بەزات وسیفاتی قەدیم	137
70 ـ گەلێ کەس نوبىی ڕۆحانیی هەیە ، لاکین نە وەك ڕازی	140
71 ـ بە عەرەبی	140
72 ـ بە عەرەبی	140
73 ـ بە عەرەبی	141
ـ بە عەرەبی	141
74 ـ دێڕیکی فارسی	141
76 ـ چوارین	142
77 ـ ئاخۆ شاد ئەبم بە نیشتمانم	143
دوو ووشە بۆ یادگار	144
ووشەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی بە یادی ساڵی (1934)ەوە	145
ووشەی مامۆستا سەعید ناکام مامۆستاو هاوڕێی کۆچکردوم مستەفا سەفوەت	148
پیرەمێرد نووسیویەتی	152
پێڕست	154

رقم الأيداع في المكتبة الوطنية ببغداد (1207) لسنة 1984

دار الحرية للطباعة - بغداد

توزيع : الدار الوطنية للاعلان والتوزيع

الجمهورية العراقية
وزارة الثقافة والاعلام
دار الثقافة والنشر الكردية
السلسلة رقم (٩٢)

ديوان صفوت

ديوان الشاعر
مصطفى صفوت الحاج ملا رسول
ديليژه

تحقيق واعداد وتقديم
الدكتور
عزالدين مصطفى رسول
(استاذ)

نرخی 800 فلسه

تصميم الغلاف عبدالقادر علي مردان

دار الحرية للطباعة ـ بغداد